# هەولێر

# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١١١٦ - ١٣٣٠ کۆچی

١٧٠٥ - ١٩١٢ زایینی

هەواڵنامەی کتێب

ئامادە و پێشکەشکردنی:

**د. نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**

# هەولێر
# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١١١٦ - ١٣٣٠ کۆچی
١٧٠٥ - ١٩١٢ زایینی

بەرگی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان
جیهان پرێس
٢٠١٨

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**
وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**




- ناوی کتێب • **هەولێر** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا
  ١١١٦ - ١٣٣٠ کۆچی ١٧٠٥ - ١٩١٢ زایینی
  بەرگی یەکەم
- ئامادە و پێشکەشکردنی • د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
- وەگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی ڕەحمان
- بەڕێوبەری هونەری • کامیلۆ ئارتمەند
- دیزاینی ناوەرۆک • بنار حامد | دەلال ئازاد
- بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان | جیهان پرێس
- چاپ • یەکەم ٢٠١٨ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (    )ی ساڵی ٢٠١٨ی وەزارەتی ڕۆشنبیری

بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان:
Download Books
www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی ئەم
کتێبە پارێزراوە بۆ
زانکۆی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

دەتوانین زۆر بە سانایی بڵێین ڕووداوەکان، کارەساتەکان و بەسەرهاتەکان بۆ ئەوەی بخرێنە قاڵبێکی باوەر پێکراوەوە، پێویستی بە سەلماندنە، ئەم سەلماندنەش لە ڕێگای بەڵگە، نووسراو و دەست نووسەکانەوە دەبێت، بە تێپەربوونی کات ئەم نووسراو و دەست نووسانەش چ بە نووسین بێت یاخود بە باس کردن بێت، لە ژیانمان شوێنێکی گرنگ و پڕ بە بایەخ پڕ دەکەنەوە، ئینجا لە هەر بوارێکی ژیان بێت، مێژوو، جوگرافیا، یاسا یاخود پزیشکی بێت، هەڵبەتە بۆ هەر یەکەیان بەڵگە و دەست نووسەکان بەهای تایبەتی خۆیان هەیە، هەر چەندە ناتوانین یەکێک لەم بوارانە بەسەر بوارەکەی تردا سەربخەین و پلەیەکی بەرزتری بۆ دابنێین، هەروەک باسمان کرد هەر بوارێک لە بوارەکاندا بۆ ژیانی مرۆڤ سوود و تایبەتمەندی خۆی هەیە، دوای چەندین ساڵیش کاتێک مرۆڤ باسیان دەکات پێویستی بەوە دەبێت قسەکانی بسەلمێنێت، بۆ ئەمەش پێویستی بە بەڵگە دەبێت، بۆ نموونە مێژوو یەکێکە لەم بوارە گرنگانە کە پێویستی بە بەڵگە و دەست نووس و نووسراوە تا بتوانێت ڕووداوەکانی ڕابردوو بسەلمێنێت و بیخاتە قاڵبێکی باوەر پێکراو و دوور لە شێواندن و باس کردنی زانیاری نادروست.

هەولێر یەکێکە لە شارە کۆنەکانی جیهان، دەگەڕێتەوە بۆ ٥ هەزار ساڵ پێش زایینی، کە چەندین شارستانیەتی جیاواز دەستیان بەسەر داگرتووە، وەکو ئاشووریەکان، بارسیەکان، سلوقیە و ساسانیەکان، هەروەها بووە بە بەشێک لە دەوڵەتی ئەمەوی دواتر عەباسییەکان؛ لە دوای شەڕی چاڵدێرانیش لە ١٥١٤ کە لە نێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکان ڕوویدا، کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان تا ١٩٢٠ بوو بە بەشێک لە خاکی عێراق.

هەولێر وەکو مەرکەزی قەزا لە دوو ناحیە و ٣٠٠ گوند پێک هاتبوو، لە ڕووی کارگێریەوە پەیوەست بووە بە بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە یا ئەوەتا بە موسڵ، بەغداد یاخود بە شارەزوور بەستراوەتەوە، جگە لەوە بەهۆی گرنگی شوێنەکەی خاڵی بەیەک گەیشتنی کاروانەکان بووە، هەر بۆیە لە ڕووی گواستنەوە و بازرگانیەوە خاوەن پلەوپایەیەکی گرنگ بووە، هەر لە سەدەی ١٦ هەولێر چووە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانیەکان، لە ڕووی کارگێری، دارایی، پەروەردە، کۆمەڵایەتی و سەربازی و سیاسییەوە یاسا و ڕێنماییەکانی دەوڵەتی عوسمانی تێدا پەیرەو کراوە.

دوای ئەوەی هەولێر بووە بەشێک لە خاکی عوسمانیەکان، ئەو نووسراوانەی لەو سەردەمە بۆ دەوڵەت دەنووسرایەوە و کاروباری کارگێری دەوڵەتی پێ بەڕێوەدەبردرا، ئێستا بوونەتە بەڵگەی فەرمی و لە ڕووی مێژووییەوە بەکار دەهێنرێت و زانیاریەکی پوخت و باشی تێدایە.لە نێو ئەو بەڵگانەدا جۆرەها بابەتی جۆراوجۆر لە ڕووی سیاسی، سەربازی، کارگێری، کۆمەڵایەتی و دادگایی نووسراوەتەوە، ئەو زانیاریانەی لە ناو ئەو بەڵگانەدا دەست دەکەون، بۆشایی مێژووی پڕ دەکەنەوە کە لەسەر ئەو سەردەمەدا هەمانە، بۆیە بە ئەرکێکی نیشتمانی و مێژووییمان زانی ئەو بەڵگانەی کە سەر بە هەولێرن لە بەڕێوەبەرایەتی ئەرشیفی عوسمانی لە شاری ئیستەنبوڵ بیانهێنین و سەرەتا (٣٠٠) بەڵگە لە کتێبێک کۆیان بکەینەوە و بیانخەینە بەردەستی مێژوونووسان، جگە لەوە بەشێکی تریش ماوە پەنا بەخوا بەم نزیکانە ئەوانیش لە کتێبێکی تر دەیخەینە کتێبخانەی مێژوو، بەم شێوەیە بەڵگەی ئەو سەردەمەی سەر بە عوسمانیەکان کە پەیوەستن بە هەولێرەوە هەموویان لە دوو کتێب کۆدەکرێنەوە.

هیواخوازین مێژوونووسان سوود لە بابەتەکانی ئەم کتێبە وەربگرن و کەلێنێکی بچووکی مێژووی کوردستانی پڕ کردبێتەوە.

**د. نەوزاد یەحیا باجگر**
**سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان**

# ڕوونکردنەوە لە
# بارەی بەڵگەکانەوە

1 • لە ناو بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ و مانگ و ڕۆژ کراوە؛ ئەوەی لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکانە ئەوا مێژووی کۆچی و ڕومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی ڕومي یا ئەوەتا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە ڕومیەکە هەڵەی تێدا کراوە.

2 • جگە لەمەش هەڵەی ناوەکان هەیە، بۆ نموونە هۆز و ناوی کەسێتی، شوێن، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، ئەمەش وایکردووە بە هەڵە بینووسێتەوە، هەر بۆیە لە بارەی ناوەکانەوە هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

3 • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان ئەوا هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەکان ڕەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەو سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەو بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەوەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان ڕوون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

4 • لە هەندێک شوێن لە ناو بەڵگەکاندا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

5 • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە کە ئەو ووشەیە نەتوانراوە بخوێندرێتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

6 • هەندێک ووشە یاخود ڕاستترە بڵێن زاراوە هەیە لەو سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەو مانایە نادەن کە ئێمە ڕۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەوەش وەرگێرانی ئەو ووشانە

بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەو ئاستە نابێت، واتە مانای پر بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، ئەوا لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

7 • جگە لەوانەی کە باسمان کرد بەڵگە هەیە، لە چەندین لاپەڕە پێک هاتوون، ئەو چەند لاپەڕەیەش باسی یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە لەناویان تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەو چەند لاپەڕەیە باسی چەند بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز باس کرابێت ، واتە هەر لاپەڕەیەک بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا ئەگەر لە بابەتەکە جیاوازی بەدی کرابێت، هەمووی وەرگێردراوە.

8 • دووبارە بوونەوەی بەڵگە، کەمێک لە بەڵگەکان هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی تێدایە؛ واتە هەمان بابەت لە جیاتی ئەوەی هەمان ژمارەی بدرێتی، وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، ئینجا لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆ بکرێتەوە و هەمان ژمارەی بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەی نەدراوەتێ.

9 • لە هەندێک بەڵگەدا لە کاتی نووسینەوەی رووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە بە گشتی باسی بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باس کراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

10 • لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و رستەی دووبارەی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لێرە دا نووسەر لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری نووسیوەتەوە.

11 • لە بارەیساڵی بەڵگەکان ئەوا بۆ ریزبەندی بەڵگەکان تەنیا ساڵی کۆچی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی سەر بەرگەکەی گۆرانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر لە کاتی نووسینەوەی بەڵگەکەی ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کەچی کە گەیشتۆتە لای پاشا ئەو ساڵەی نووسیوەتەوە کە نووسراوەکەی تێدا بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک نووسراودا مەبەست بەڵگەکەیە چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

**وەرگێر**

# وشەکان

| | |
|---|---|
| ئاڵای (الای) | ئاڵای بە مانای کۆمەڵ، قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئاڵایەک سەنجەقێکی لە ژێر دەستدا بوو. |
| ئەعیان (اعیان) | لە سەرەتا بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی میللەت ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و هەموو کەلوپەلێک بەکار هاتووە. |
| ئەنجوومەنی واڵا (مجلسی والا) | ئەنجوومەنی واڵا لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجوومەنە کاری ئەوە بوو، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵکی جێبەجێ بکات، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامرە) | تەوێلەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆچاقلق | ئەو زەوییانەن کە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەڵا و کۆگای چەک دەرۆیشت. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم، دیوانی هومایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، ئەرکەکەشی لە فەرمانگە فەرمییەکاندا سپێردراوە بە نووسینی نووسراو. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیبی، واتە سەرۆکی نووسین. |
| باشبوغ | قوماندانی سەربازی ڕێک نەخراو یاخود نارێک |
| بەرائەتی شەریفە | واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەری کردن، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن دەبوایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆی وەرگرتبوایە. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە برا. |
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی |
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بینباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار کەس دێت، بینباشی، ئەو ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە کە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەو کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خزمەتی خێرا ڕۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە بەم مانایەی پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەرسانە (ترسانە) | یاخود تەرسخانە ئەمەش ئەو شوێنە بوو کاروباری کەشتییە جەنگیەکانی تێدا دەکرا، واتە کارگەی دەریایی و کاروباری دەریایی کە تێدا کارەکانی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانە عامرە). |
| تیمار | ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەن کە ساڵانە داهاتیان لە نێوان ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ٢٠٠٠٠ ئاقچە دایە، ئەم جۆرە زەوییەش بەو سەربازانە دەدرا کە لە شەڕ سوودیان لێ وەردەگیرا یاخود بەو کەسانە دەدرا کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرابوو، ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو تا بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| پارە | ووشەیەکی فارسیە، یەک قوروش چل پارەیە، یەک پارەش دەکاتە سێ ئاقچە. |
| جەبەخانە (جبەخانە) | ئەو شوێنە بووە یاخود ئەو کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیلە) | جەلیلە ناوداری گەورە، وەزیر یاخود موشیرەکان هەروەها کە نووسراو بۆ فەرمانگەی ئەوان دەکرا، بەم شێوەیە ڕێزیان لێ دەگیرا، هەروەها لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێغەمبەر، ئەرکێک بوو لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت. |
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |
| خولعە (خلعە) | ئەو جلە بوو چەند جۆرێکی هەبوو، جۆرەکانیشی جلی ڕێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن بوو، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە بە کەسێک دەدرا؛ واتە بۆ سزا و پاداشت وەرگرتن بووە. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبوڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری ڕووداوەکان، یاخود دەفتەری ڕۆژانە. |
| ڕایج | ڕایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای ڕابردووی. |
| ڕەدیف (ردیف) | بەو سەربازانە ووتراوە ڕەدیف کە لە دواوەی سەربازی ڕێکخراو دەوەستان و ئەوانەش لە کاتی پێویست چەکیان پێ دەدرا. |
| ڕەژی (رژی) | فەرمانبەرانی فەرمانگەی تووتن. |
| ڕوزهزر و ڕوزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، ڕوزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (ڕۆژی هزر) کە بە ناوی ڕۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەو سەردەمە ئەو ڕۆژەیە لە سەر ڕووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی ڕۆژژمێری زایینی ڕۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی ڕۆژژمێری ڕومی ڕۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی ڕۆژەکانی هزر وەرزی هاوین، هەرچی ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی ڕۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە ڕۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین و ڕۆژە گەرمەکان نیشان دەدات. |
| ڕوسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |
| ڕوسومات (رسومات) | فەرمانگەی گومرگ. |
| ڕیاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پابەندە بە کارەکانی پاشا، بۆ نموونە بۆ لایەنی پاشای ڕیاسەتپەناهی. |
| ڕیاڵ | ڕیال پارەی زیوی ئاسیاوییە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ڕیکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب همایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| ڕیکابی هومایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، وایە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. |

| | |
|---|---|
| سەدری ئەعزەم (صدر اعظم) | لە دەوڵەتی عوسمانی پلەی لە سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر ووشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئەو سەربازە سوارەیە خاوەنی تیمارە واتە زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەو دە یەکە (عشر) لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| شاهنشاه | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێش ئەو دامەزراوەیە، ئەنجوومەنی والا کارەکانی دەکرد دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی والا شورای دەوڵەت لە ساڵی ١٨٦٨ دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێری پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێرییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. |
| چاوش | ووشەیەکی تورکیە ماناکەی سەربازی پلە بچووکە، لە ئەمرۆشمان لە رووی سەربازییەوە بە پلەی پاسەوان دێت. |
| ڤۆیڤۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکان ئەو پاشایە بوو، کە سەر بە خەزینە بوو، فەرمانبەرێک بوو ئەو داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن ئافرەت، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سەنجاقەکانەوە دەهات، هەروەها جگە لەوە ئەوانە ئەرکێکی تریان هەبوو، ئەویش پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، ئەو شوێنەی ڤۆیڤۆدەکانی تێدا بوون، بەهۆی ئەوەی لە بەرێوەبردنەوە پیاوی هێز بوون، ئەمەش وای کرد بوو ناوە ناوە کێشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن. |
| عولوفە (علوفە) | ئەو زاراوەیە بوو کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەو سەربازانە دەوترا کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە کۆن لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئەرک و خزمەت بوو، ئەو فەرمانبەرانە بوون لە بابی عالی لە ویلایەت لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والیيان جێبەجێ دەکرد. |
| قەپوچی باشی | بەرێوەبەری ئەو چینەیە کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری دەرگا بوون. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و بریندارکاری بریندارکراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن، وەک بکوژیان قەساس کرد. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەووترا کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەوە قەپوچی باشیش پلە یەک بووە دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب همایونی قپوچی باش). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری یەک قۆڵی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئالای، قوماندانی ژاندارمە. |

| | |
|---|---|
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لە ڕێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەست نیشان کردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەو دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگە لەوە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی ووتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکوومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکوومەت پێی دەوترا قۆناغی حکوومەت. |
| قیە | بە مانای زەوییەکی تەخت دێت، ئەو زەوییە بۆ چاندنی خورما و گەنم بەکارهاتووە. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی بە پلە لە فەرمانبەر پلەکەیان نزمتر بوو، پێیان دەووترا خزمەتکار. |
| کیل | کیلە، بۆ پێوانی دانەوێلە بەکار هاتووە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) | وولاتی عوسمانی. |
| مەملوک (مملوک) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەرەتدا ووشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک ڕۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، ئەو مەنزیلانە تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم شوێنە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی لەگەڵ وەزارەت یەکسانە، کە گەورەترین پلەی سەربازیە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |
| موعەججەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەگاییەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | ووشەی موقاتەعە هەر لە سەرەتاوە، ئەو زەوییانە بوونە کە خاوەندارێتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان بە شێوەی ڕێککەوتنیش بووە، جگە لەوەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەو پارەیەش ڕاستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتی کردنی بیناسازی هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەش کردن و ڕێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەرێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| هومایۆن (همایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەو کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەرەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە رووی سەربازییەوە ئەو ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی یەک بلۆک سەرباز دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێک هاتوون، بۆ نموونە سوارە یوزباشی، پیادە یوزباشی، ژاندارمە یوزباشی، ڕەدیف یوزباشی. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |


OSMANLI ARŞİVİ
A.} AMD
60 | 74

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| **A. AMD.** | 00060.00074 | بێ ساڵ |

نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذكر ساميه)
چەتەکانی شەمەرولجەبها عەرەبان لە دەوروبەری کەرکووک گوندی تۆپزاوە و قەزای هەولێر گوندەکانی دوغان و گردعازەبان و ماستاوە کاری بەدیان کردووە و خەڵکی ئەو گوندانەیان ئەزیەت داوە و زیانیان پێگەیاندوون، بۆ پارێزگار کردن سەربازیان ناردۆتە ئەو شوێنانە ئەو پارە و کەلوپەلانەی کە بردوویانە دراونەتەوە خاوەنەکانیان، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی والی شارەزوور هاتووە، لە سەروو ئاگادار کراونەتەوە و ڕەزامەندی دراوە، بۆیە پێشکەش کراوە.




| | | |
|---|---|---|
| A. AMD. | 00068.00009 | بێ ساڵ |

نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذکر سامیە)
بە فەرمانی سەروو لە ئەیالەتی شارەزوور پێشەکی دامەزراندن و مووچەی ئاڵای سەربازی ڕێکخراوە و جێگیر کراوە، دراوەتە کەرکووک و قەزای هەولێر و سەنجەقی رواندز کە کۆی دەکاتە ٥٧٨٧٩ قوروش و ٢٨ و نیو پارەیە، بە پێی ووتەکانیان والی شارەزوور یەک پارچە نووسراو لەگەڵ بری پارەکە کە لە دەفتەر نووسراوەتەوە بەیەکەوە پێشکەشی سەروو کراوە، والی نابراو وەڵامی نووسیوەتەوە و ڕەوانەی نەزارەتی دارایی کراوە.




<table>
<tr><td>A. AMD</td><td>00072.00047</td><td>بێ ساڵ</td></tr>
<tr><td colspan="3">نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذکر سامیه)<br>لە ئەنجوومەنی والا بۆ قەڵەم نێردراوە، کە لە سەروو فەرمانی پێکراوە، کاغەز و داواکاری پێشکەش کراوە، لە زاناکانی سلێمانی و خەڵکی هیندیە ئەحمەد ئەفەندی ساڵانە ١٠ عولبە گەنم، هەروەها شێخەکانی لە سەر تەریقەتی قادرییە شێخ عوسمان ئەفەندی بۆ خۆراکی تەکیەکەی مانگانە ٢٠٠ و شێخەکانی سەر تەریقەتی خالیدیە و خەڵکی سلێمانیە شێخ عەبدولعەزیز ئەفەندی مانگانە ١٠٠٠ قوروش، جگە لە ئەوانە سەید محیەددین ئەفەندی لەگەڵ ساڵی نوێ ١٣ تەقار گەنم و رۆژانە ٥ قوروش، لە دانیشتوانی قەزای هەولێریش سەید مستەفا ئەفەندی لەگەڵ ساڵی نوێ ٦ عولبە گەنم، هەروەها لە موسڵ دانیشتووی قەزای عەقرە حەبیبزادە شێخ تاهیر ئەفەندی لە قەزای ناوبراو دە یەکی (اعشار) گوندی سالیکی پێشەکی نیوەی بۆ هەژمار نەکراوە، ئەوەی لە دەستیانە داوایان کردووە، ئەگەر لە خەزینەی جەلیلەش ناردراوە ئەوا هەر چۆنێک بێت نەدراوە، هەروەها ئەوانە کۆمەڵێک زانا و هەژارن داوای بەزەیی پاشا دەکەن، بۆ رەزامەندی پاشا بەرائەتی شەریفەیان بدرێتی، لە خەزینەی رێک بخرێت و بۆ نەزارەتی دارایی بنێردرێت، پاشا هەر چ فەرمان بکات بە پێی ئەوە کاری بۆ بکرێت.</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.AMD.</td><td>00084.00025</td><td>بێ ساڵ</td></tr>
<tr><td colspan="3">نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذکر سامیە)<br>لە ئەیالەتی شارەزوور قەزای هەولێر سەرکردەی سەربازانی ئەرکخواز نادر ئاغا ئەو تاکانەی کە یارمەتی دەری ئەون، ٨٠ تاکی سوار، لە وەرزی سەوزایی بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ دامەزراون، بۆ جێبەجێ کردنی جیاکاریەکە، مۆڵەتی نازری دارایی لەگەڵ چوار پارچە راپۆرتی داواکاری بەیەکەوە بە فەرمانی سەروو بەرز کراوەتەوە، هەر چۆنێک بێت فەرمانی پاشا بفەرموویت بە پێی ئەو جولە دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو کراوە.</td></tr>
</table>




| | | |
|---|---|---|
| .IE. EV | 69.7507 | **20 زیلحیجە 1116** |
| لە قەزای هەولێر شێخی زاویەی شێخ عەبدوڵڵا بۆ نوێکردنەوەی شێخایەتی زاویە، نووسراو نێردراوە، ٢٠ زیلحیجە ١١١٦. | | |



| .C.TZ | 138.6880 | 24 شەوال 1125 |
|---|---|---|
| لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر مەزرەعەی یەدی کزلەر بە بری ٣٠٠٠ ئاقچە و مەزرەعەی درتسە بە بری ٣٠٠٠ ئاقچە و زەوی کشتوکاڵی رومرشقە بە بری ٣٠٠٠ ئاقچە لە ماوەیەکی نادیارەوە وێران بووە و بێ خاوەنە، لەبەر ئەوەی بەتاڵە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بدرێتە فەیسەل و یاسین و ئیبراهیم، ئەوانە شایەنی ئەوەن ببنە خاوەنی ئەم زەوییە کشتوکاڵیانە، لەم سەنجەقە لیوای ئالای بەگ لە ژێر فەرمانی عەبدوڵلایە، ئەوانەش بە مەرجی ئەوەی لە ژێر ئالای ئەو ئالای بەگە سەفەر بکەن، لە ساڵی ١١٢٥ لە مانگی شەوالی رۆژی ٢٤ ئەم زەوییە کشتوکاڵیانە پێیان دەدرێت و هەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ کەرکووک نوسراو دەدرێتە دەستیان و بەرائەتی عالی وەردەگرن، هەروەها داهات و رسوماتەکان بە پێی شەرع دەبێت، بە شێوەی هاوبەش (اشتراک) بیگرنە دەست، جگە لەوەش ناوبراوان دەبێ رێک بخرێن و کەس تێکەڵیان نەبێت. | | |



<table>
<tr><td>.C. NF</td><td>15.709</td><td>کۆتایی جەمادی کۆتایی 1126</td></tr>
<tr><td colspan="3">نامەیەک بۆ والی بەغداد حەسەن پاشا، لە نێوان کەرکووک و قەسەبەی هەولێر پردەکەی سەر ئاوی ئاڵتون تێک چوو بوو، نۆژەن کراوەتەوە، هەروەها بۆ پاراستنی ئەو پردە هەر لە کۆنەوە لە سەر ناوی سێ عەشیرەتی ناوچەکە بووە، ئێستاش بۆ پاراستن و پارێزگاری کردن لەم پردە کەسێکی بە توانا پێویستە، بۆ ئەم مەبەستە فەرمانی شەریف دراوە و لەوە پێشتریش لەلایەن دارایەوە بە مەرجەکانی هومایۆن لە سەری جێبەجێ دەکرێت و لەوێ دادەنیشێت و ٢٠ سەر بارگیر بۆ مەنزیل بەخێو دەکات بە مەرجی ئەو بارگیرانەی لەم ناوچەیە تێدەپەرن بیانپارێزێت و بەرگریان لێ بکات، بە پلەی میری لیوا بە بەگی پرد دادەمەزرێت، ئەم کارە لەم ساڵەوە ١١٢٦ مانگی جەمادی کۆتایی رۆژی ٢١ بەرز دەکرێتەوە و دادەمەزرێت، بە پێی فەرمانەکە دواناکەوێت و ناوەستێت بە پێی ئەو بەڵێنەی داویەتی بە مەرجی ئەوەی ٢٠ بارگیری مەنزیل بەخێو دەکات و ئەو بارگیرانەی بەم ناوچەیە تێدەپەرن دەیانپەرێنێتەوە و خزمەتیان دەکات، هەروەها پارێزگاری و پاراستنی خەڵکەکە دەکات، پلەی میری لیوای پێ دەدرێت و وەکو بەگی پردەکە دەست بەکار دەبێت، کۆتاییەکانی جەمادی کۆتایی ١١٢٦.</td></tr>
</table>


دزدارلق قلعهء اربيل تابع ايالت شهرزور

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A. E. III. AHMED. | 4696.47 | 29 زيلحيجه 1126 |
| ئەرکی دزداری لە قەڵای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور<br>یوسف رۆژانە بە ٣٠ ئاقچە عولوفە (علوفە) لە قەڵای ناوبراو ئەرکی دزداری کردووە، کۆتایی بە ئەرکەکەی هاتووە، لە شوێن ئەو عومەر دەست بە ئەرکەکەی بکات، هەروەها پارێزگاری شارەزوور یوسف پاشا داوای کردووە عومەر لە ئەم کارە دەست بەکار بێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەی داواکراوە حەسەن ئەم کارەی پێ بسپێردرێت، بەڵام وا باشترە عومەر وەلەدەش بە ٣٠ ئاقچە عولوفە (علوفە) لەم کارە دەست بەکار بێت. | | |



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.C. ML</td><td>112.4971</td><td>15 سەفەر 1145</td></tr>
<tr><td colspan="3">لەمەوپێش لە هەولێر شێخ سەید مستەفا ئەفەندی لە مزگەوتی شێخ سەیفەددین ڕۆژانە ١٨٠ ئاقچە و ساڵانە ١٨٠ کیل زەخیرە بە بەرائەتی عالیشانی ئیمام و ووتاربێژ و بانگخواز بووە، خاوەنی زانست و زانیاری بووە، هەروەها شەش مانگ پێش ئێستا لە قەڵای ناوبراو ئابلوقە دراوە، لەم ساڵە پیرۆزەش خۆی لەناو لەشکر دۆزیوەتەوە لە کاتی شەڕ چاوی ڕاستی بە هۆی فیشەک لەدەستداوە، بۆیە داوا دەکرێت لە ڤۆیڤۆدەی موقاتەعەی دیاربەکر بە ئاقچە یارمەتی بدرێت.</td></tr>
</table>



هەولێرنامەی کتێب

| 29 زیلحیجه 1147 | 7991.111 | A. E. I. MAHMUD. |
|---|---|---|
| لـە قـەزای هەولێـر، توربـەداری گـۆڕی ئیـمام محەمـەد موختـەفی، ئەرکەکـەم خەریکـەی تـەواو دەبێـت، بۆ ئەوەی بـەردەوام بـم لـە خزمەتکـردنی ئـەو مـەزارە، داوا دەکـەم بەرائـەتی عـالی شـانیم پـێ بدەن.<br>سەید عوبیدوڵڵا بەگ | | |




<table>
<tr><td>.C. NF</td><td>9.412</td><td>29 زیلحیجه 1154</td></tr>
<tr><td colspan="3">- لە مەنزیلی هەولێر ١٠ سەر ئەسپ بارگیر هەیە، ساڵانە خەرجی ئەو بارگیرانە ٧٢٥ قوروشە لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاق وەردەگیرێت، بۆ ساڵی ١١٥٤ بری پارەی دیاری کراو لە موقاتەعەی ناوبراو وەرگیراوە.<br><br>- مەنزیلی هەولێر مەنزیلچی لە گوندی عەنکاوە کانوون کوڕی خوشابە و موراد کوڕی قاشە کوریا هاتوونەتە ئەنجوومەنی شەرع بە خۆبەخش و ویستی خۆیان هەر یەکەیان بریارنامەیان داوە کە بێ ئەوەی حەرامی بخۆن، لە مەنزلی هەولێر مەنزیلچینە و لە پارەی موقاتەعەی موسڵ بۆ خەرجی بارگیرەکان لەم ساڵەی کە دیاری کراوە ٧٢٥ قوروش تا ساڵی ١١٥٤ لە روزهزر هەژمار کراوە، لەم ساڵەی دیاری کراوە کە ٧٢٥ قوروش بە شێوەی ئۆچاقلق لە موقاتەعەی موسڵ لە پارێزگاری موسڵ عەبدولجەلیلزادە حاجی حوسێن پاشا وەرگیراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| C. NF | 2.62.2 | 29 جەمادی کۆتایی 1163 |
|---|---|---|

لە نێوان ئاڵتون کۆپری و سەنجەقی هەولێر رووبەرێکی دوور هەیە کە بە یەکتر ناگەن، ئەوانەی لەم رێگایە هاتووچۆ دەکەن تووشی زەحمەتی دەبن، بۆ ئەم مەبەستە تاتاری والی بەغداد سلێمان پاشا، بە ناوی سادق بە پارەی خۆی بیرێکی لەم رێگایە لێداوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی لەم رێگایە هاتووچۆ دەکەن لەم بیرە ئاو بخۆنەوە، بەم رێگایەش خێر و سەدەقەی بۆ دەنووسرێت، لە ئەنجام بە مەبەستی پارێزگاری کردن و ئاگادار بوون لەم بیرە ئاوییە، داوا کراوە لە دانیشتوانی هەولێر محەمەد و یوسف و حەسەن لە سەر ئەم بیرە دابمەزرێن، هەر خۆیان بێ ئەوەی بەرائەتی شەریفەیان هەبێ ئاگاداری ئەو بیرەن، بۆ ئەم مەبەستە داوا دەکرێت فەرمانی شەریفەیان پێ بدرێت.

٢٩ جەمادی کۆتایی ١١٦٣



هەواڵنامەی کێژ

<table>
<tr><td>.C. TZ</td><td>139.6929</td><td>22 رەمەزان 1167</td></tr>
<tr><td colspan="3">- لە ئەیالەتی شارەزوور لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر ٨٠٠٠ ئاقچە لە مەزرەعەی پیرداود و ٦٠٠٠ ئاقچە لە دوزتەپە لەم دوایییەدا وێران بووە و بێ خاوەنە، بەندەتان خالید وەلەدی سلێمان خاوەنی توانایە، کە کار لەسەر ئەم مەزرەعانە بکات، بۆ ئەم مەبەستە ئەم زەوییە کشتوکاڵانە بە خالید وەلەدی سلێمان بدەن و لە شوێنی ئەوە بەرائەتی شەریفی عالی پێ بدەن، ٢٠ رەبیعی کۆتایی ١١٦٧.<br><br>- لە ئەیالەتی شارەزوور لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر مەزرەعەی قۆریتان ماوەیەکە و بەم دوایییە وێران بووە و بێ خاوەنە، بەندەتان سلێمان<br>خاوەن توانایە، دەتوانێت کار لە سەر زەوییەکە بکات، بۆیە مەزرەعەی ناوبراو بدرێتە بەندەتان سلێمان و بۆ ئەم مەبەستە بەرائەتی شەریفی عالی پێ بدرێت، ٢٠ رەبیعی کۆتایی ١١٦٧.<br><br>- لە ئەیالەتی شارەزوور سەنجەق و ناحیەی هەولێر بە بری ٦٠٠٠ ئاقچە بە ناوی درگون زەوی کشتوکاڵی ماوەیەکە و بەم دوایییە وێران بووە و بێ خاوەنە، محەمەد وەلەدی سلێمان خاوەن توانایە، دەتوانێت کار لە سەر زەوییەکە بکات، بۆیە ئەم زەوییە کشتوکاڵیە بدرێتە محەمەد وەلەدی سلێمان و بۆ ئەم مەبەستە بەرائەتی شەریفەی عالی پێ بدرێت، ٢٠ رەبیعی کۆتایی ١١٦٧.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| AE. SOSM. .III | 17.1099 | 13 ڕەبیعی کۆتایی 1170 |

- ١٣ ڕەبیعی کۆتایی ١١٧٠
لە مەنزیلی هەولێر ١٠ سەر بارگیر ساڵانە ٧٢٥ قوروش کرێی بارگیرەکان لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق هی ساڵی ١١٦٧ ڕوزهزر تا ١١٦٨ ڕوزهزر کرێی یەک ساڵی بارگیرەکان پارەی دیاریکراو لە پارەی موقاتەعەی ناوبراو وەردەگیرێت، لیستەکەشی دراوە.

- مەنزیلچیەکانی هەولێر بە ناوی ئەبراهام و سوریش و یرخا هاتوونەتە ئەنجوومەنی شەرع بە پێی بەرائەتی شەریفە لە مەنزلی هەولێر ١٠ سەر بارگیر بوونی هەیە، بری کرێی بارگیرەکان و هەموو خەرجیەکانیان لە موقاتەعەی موسڵ ساڵانە ٧٢٥ قوروش وەکو ئۆچاقلق دیاری کراوە، بۆ ساڵی ١١٦٧ لە شاری موسڵ لەلای والی موسڵ لە موقاتەعەی ناوبراو ٧٢٥ قوروش بە تەواوەتی وەرگیراوە، لە کۆتایی جەمادی یەکەم ساڵی ١١٦٧.
مەحمود چەلەبی / حاجی قاسم سەلام / موسی ساڵح



هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .AE. SOSM. III | 17.1133 | 13 رەبیعی کۆتایی 1170 |

- لە مەنزلی هەولێر ١٠ سەر بارگیر ساڵانە ٧٢٥ قوروش لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق کرێی بارگیرەکان وەردەگیرێت، ئەمەش ١١٦٨ روزهزر تا ١١٦٩ روزهزر کرێی یەک ساڵی بارگیرەکان لە موقاتەعەی ناوبراو وەرگیراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیستی پارەکە کراوە، ١٣ رەبیعی کۆتایی ١١٧٠.

- مەنزیلچیەکانی هەولێر ئۆراها وەلەدی عەسکەر و سوریش وەلەدی جومعە و سلیوە وەلەدی ئەیاد و برخە لە ئەنجوومەنی شەرع کارەکانیان تەواو بووە، ئەوەی لە دەستمە لە بەرائەتی شەریفە لە مەنزیلی ناوبراو ١٠ سەر بارگیر ساڵانە کرێ و هەموو خەرجیەکی لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق ٧٢٥ قوروش بۆ ساڵی ١١٦٨ وەردەگیرێت، هەروەها لەلایەن والی موسڵ ئەو برە پارەیە بە تەواوەتی خەرج کراوە و نوسراوەتەوە، لە مانگی رەجەب ساڵی ١١٦٨.
موسا / حاجی قاسم / عەلی جەلەبی





| | | |
|---|---|---|
| C. AS. | 470.19610 | 13 شەعبان 1179 |

- بە پێی بەرائەتی شەریف لە قەڵای هەولێر پۆلیسەکانی قەڵا نووسەری ئۆچاق عەدنان ئەفەندی و سەر بلۆکەکانی، خان ئاغا و چاوش مستەفا جاویش لە ئەنجوومەنی شەرع سوێندیان خواردووە و نییەت پاکی خۆیان سەلماندووە، لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق پارەی ساڵێکی ئەرکی نەفەرەکانیان وەرگرتووە کە ٥٤٠ قورووشە، لە ١١٧٣ هەژمار کراوە، والی موسڵ پارەی دیاریکراوی ئەم ساڵەی لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق کە دەکاتە ٥٤٠ قورووش بە تەواوەتی داوەتە دەست پۆلیسەکان، نوسراوەتەوە لە مێژووی دیاری کراو.
حاجی قاسم سەلام / یەحیا جەلەبی / مەولانا حەسەن ئەفەندی مودەریس

- لە ئەیالەتی شارەزوور لە قەڵای هەولێر ئەو کەسانەی پارێزگاری لە قەڵاکە دەکەن ئەرکی ساڵانەیان کە ٧٧٧٦٠ ئاقچەیە لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق بۆ ساڵی ١١٧٩ لە موقاتەعەی ناوبراو خەرج کراوە، ١٣ شەعبان ١١٧٩.

- لە ئەیالەتی شارەزوور قەڵای هەولێر ئەرکی ئەو کەسانەی کە کارەکانی خۆیان کردووە، لە موقاتەعە بە شێوەی ئۆچاقلق بۆ تەواو کردنی ئەرکی خۆیان ٨٦٤٠٠ ئاقچە کە هەر ١٦٠ ئاقچە لە یەک قورووش ٥٤٠ قورووش بۆ ساڵی ١١٢١ یەک ساڵ لەمەوپێش ١١٢٠ لە موقاتەعەی موسڵ نێردراوە، لە خەزینەش لە دەفتەر تۆمار کرا، بەڵام قەڵای ناوبراو لە دەوڵەت دوورە، هەموو ساڵ ناتوانن پیاوێک بنێرن و داوای پارەکە بکات و بینێرێت، بۆ تەواو کردنی ئەو کارە بری پارەی دیاریکراو ٥٤٠ قورووش لە موقاتەعەی موسڵ هەموو ساڵێک بە شێوەی ئۆچاقلق دابمەزرێت و بەرائەتی شەریفەی پێ بدرێت ئەو کەسە دیاریکراوانە لەلای پارێزگاری موسڵ بەرائەتی شەریفەیان بۆ بکرێت و پارەکە وەربگرن، ساڵی ١١٢١ مانگی جەمادی یەکەم ڕۆژی ٢٨ ئەو ڕەزامەندییەم پێیان دا، هەروەها ووتم ئەو نەفەرانە ساڵانە لە موقاتەعەی موسڵ لە ئۆچاقەکانیان تەنیا هەموو ساڵ بۆ تەواو کردنی پارەکانیان پارەی دیاریکراو ٥٤٠ قورووش لە سەرەتای ساڵی ١١٢١ بەدواوە هەموو ساڵ لە موقاتەعەی موسڵ بەرپرسن لە وەرگرتنی پارەی دیاریکراو، لە دەفتەری خەرجیش بنوسرێتەوە، نووسراوەتەوە لە ئەمڕۆ ٣ جەمادی کۆتایی ساڵی ١١٢١.



هەواڵنامەی کتێب

| C. NF. | 42.2080 | 29 موحەڕڕەم 1184 |
|---|---|---|

- لە ساڵی ١١٨٢ لە مانگی قاسم تا ١١٨٤ مانگی روز هزر لە مەنزیلی هەولێر ئەو بارگیرانەی هاتووچۆیان کردووە ژمارە و بڕی کرێیەکەی لە دەفتەر نوسرواەتەوە، ٦٧٤٥٥ ئاقچە، ٧٤٥٥ ئاقچە کەم کراوەتەوە، تەنیا لیستی ٦٠٠٠ ئاقچە کراوە.

- لە ویلایەتی موسڵ لە هەولێر مەنزیلچی حوسێن ئاغا هاتۆتە ئەنجوومەنی شەرعی لە ١١٨٢ مانگی قاسم تا ١١٨٣ مانگی روز هزر لە مەنزلی ناوبراو ئەو بارگیرانەی هاتووچۆیان کردووە، کرێی یەک ساڵ لەلایەن میری دابین کراوە، بۆ ئەم مەبەستە کەسێک لە کەرکوک بە ناوی عوسمان وەکو وەکیلی خۆی ناردووە، تا پارەکە وەربگرێت، ئیتر فەرمان بۆ دەوڵەتە، ئەمرۆ ٢٥ لە جەمادی یەکەم ساڵی ١١٨٣.


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .C. NF | 11.537 | 8 شەوال 1189 |

- ١١٨٩ لە روزهزر تا روزقاسم مەنزیلەکانی قەرەقوش و هەولێر ئەو بارگیرانەی کە هاتووچۆیان کردووە، لە مەنزیلی قەرەقوش ساڵی رابردوو ٢١٦٩٦ ئاقچە کەم کراوەتەوە بۆ ٥٦٩٦ ئاقچە، ١٦٠٠٠ ئاقچە ماوەتەوە، لە مەنزیلی هەولێریش ساڵی رابردوو ٣٢٣٧٤ ئاقچە ٧٣٧٤ ئاقچە کەم کراوەتەوە، تەنیا ٢٥٠٠٠ ئاقچە ماوەتەوە، لیستەکانیش دراوەتە سەروو بۆ جێبەجێ کردن، ٨ شەوال ١١٨٩.

- لە ئەیالەتی شاری موسڵ لە مەنزیلەکانی قەرەقوش و هەولێر ١١٨٩ لە روزهزر تا روزقاسم ئەو بارگیرانەی هاتووچوویان کردووە، کرێی بارگیرەکان لە هەر ساڵێک لەلایەن میریەوە دەدرێت، بۆ ئەم ساڵە بری ئاقچەی شەش مانگ بۆ مەنزیلچیەکان عەبدوڵلا و عەلی رادەست کراوە، بۆیە پێویستە بۆ مەنزیلچیە ناوبراوەکان هەروەها شایەنی ئەوەن کرێی بارگیری ئەو شەش مانگەیان پێ بدرێت، ئەمرۆ ١٥ مانگی رەجەب ساڵی ١١٨٩.



| 12 رەجەب 1195 | 340.23761 | A. E. I. ABDULHAMID. |
|---|---|---|

- لە ساڵی ١١٩٣ لە روزهزر تا ٩٤ لە مەنزلی هەولێر کرێی ئەو ئەسپانەی کە هاتووچۆیان کردووە، بری بارهەڵگرەکان نیشان دراوە، دوای ژماردن و لێکدانەوە بێ ئەوەی داشکانی بۆ بکرێت ساڵی رابردوو یەک یوک و ٣٠٦٢٣ ئاقچە بووە، ١٥٦٢٣ ئاقچە داشکانی بۆ کراوە، ئەوەی ماوەتەوە لیستی یەک یوک و ١٥٠٠٠ ئاقچە کراوە.

- لە گوندی هەولێر سەر بە شاری موسڵ مەنزلچی بە ناوی عەلی، هاتۆتە ئەنجوومەنی شەرعی راپۆرتی نووسیوەتەوە، کە ووتوویەتی لە گوندی ناوبراو مەنزلچیمە، ئەو مەنزلەی کە من بەرێوەی دەبەم لە ساڵی ١١٩٣ تا ١١٩٤ بۆ ماوەی یەک ساڵ ئەو کرێیەی کۆبۆتەوە، داوای کردووە لەلایەن دەوڵەتەوە پێی بدرێت، رۆژی ١٢ رەجەب ساڵی ١١٩٥.

نائیبی موسڵ عەبدوڵڵا



| 1239 شەوال 9 | 86.4278 | C. TZ. |
|---|---|---|

٩ شەوال ١٢٣٩
لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر مەزرەعە بە ناوی پەرتەوی و ئەوانی تر ١٠٨٦١ ئاقچە زەوی کشتوکاڵی لە ساڵی ١١١٥ لە سەر کەسێک بووە بە ناوی ئەحمەد، لەم کاتەوە تا ئێستا بەتاڵ بووە و بێ خاوەنە، لە ناحیەی ناوبراویش بە ناوی قەتەوی تۆمار کراوە، مولازم لە بلۆکی سەنجەق محەمەد وەلەدی عەلی لە ئۆچاق لە ئەسپ سواری لێهاتووە و بە توانایە لە بەکارهێنانی کەلوپەلی جەنگی. لە هەموو لایەنێک شایەنی ئەوەیە ئەم زەوییەی پێ بدرێت، کێڵگەی پەرتەوی لە هەمان کاتدا بە قەتەویش ناوی دەهێنرێت، لە ١٠٨٦١ ئاقچە پێک دێت لە دەست ئەحمەد نەماوە، بدرێتە محەمەد وەلەدی عەلی، هەروەها بەرائەتی شەریفی پێ بدرێت، نوسراوەتەوە لە سەرەتای مانگی رەمەزان ساڵی ١٢٣٥.


HAT 323/18920-D

| HAT. | 00323.18920D | 19 زیلقەعدە 1254 |
| --- | --- | --- |

لە قەڵای هەولێر بە مەرجی ئەوەی کە خەریکی وانە ووتنەوەیە لەسەر ئەو بنەمایە تیمارێکی دراوەتێ تا بژێوی ژیانی خۆی لەسەر ئەو زەوییە دابین بکات، مەولانا ئەبو بەکر کە خاوەن زانست و توانایە، بۆیە ئەو زەوییە هەر لەسەر ناوی بمێنێتەوە و دووبارە پارچەیەک بەرائەتی شەریفی عالیشانی پێ بدرێت.

مەولانا ئەبوبکر کوڕی مەولانا محەمەد
مەزرەعە ٥٤٨٨ / لە ١٢٥٤ / ١٢١١

لە مزگەوتی گەورە (جامع کبیر) مودەرس مەولانا ئەبوبەکر خاوەن زانست و توانایە، لە وانە ووتنەوە لێهاتووە، لە هەموو لایەنێک شایەنی ئەوەیە، بۆیە زەوی پێشوو یەک پارچە بەرائەتی شەریفی عالیشانی پێ بدرێت.




هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>8 ڕەجەب 1262</td><td>00044.00098</td><td>A. MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">چاودێرانی کشتوکاڵی لە بەغداد و کەرکووک و هەولێر ئەوانەی پیر و نەخۆشن، ژمارەیان ٢١ کەسە خانەنشین کراون، بۆ ئەم مەبەستە ئەو نووسراو و داواکارییانەی لە بارەی ئەو بابەتەوە هاتووە، لە پلەوپایەی سەر عەسکەر پێشکەشی خەزینەی دارایی کراوە، بەڵام تا ئێستا ئاماژە بۆ جێبەجێ کردنی نەهاتووە، ٨ ڕەجەب ١٢٦٢.</td></tr>
</table>




هەوالنامەی کتێب

| A. MKT. MVL. | 00006.00037 | 26 زیلحیجە 1263 |
|---|---|---|
| لەلایەن والی بەغداد نووسراو لەگەڵ دوو پارچە داواکاری بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە، لە یەکێک لە بەڵگەکانی دادوەری بەغداد دانیشتووی قەزای هەولێر، پێش ئەو ماوەیە شەمسی خاتوون بە کوشتن مردووە، هاوسەرەکەی و کورە بچووکەکەی ئیبراهیم لەگەڵ براکەی مەحمود و حوسێن لە کاتی دانیشتنی ئەنجوومەنی شەرعی شەریف، مەحمود بە گۆچانی گەورە بە بێ هەق کوشتوویەتی، بە پێی بریاری دادگا کە لە فەتواخانە بریاری لەسەر دراوە، لە سەر مەحمود ساغ بۆتەوە کە خوشکەکەی کووشتووە، بۆیە بکوژ دەبێ لە ٥ ساڵ تا ١٥ ساڵ زیندانی بکرێت، بە پێی فەرمانی سزای یاسایی دەبێ بکوژ بچێتە دەرسەعادەت و بە فەرماننامەی پاشا لە مێژووی زیندانییەکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ناو کەشتی بە سەوڵ لێدان سزاکەی تەواو دەکات.<br>٢٦ زیلحیجە ١٢٦٣ | | |




| | | |
|---|---|---|
| A. MKT. | 00073.00014 | 3 رەبیعی کۆتایی 1263 |

بۆ نەزارەتی دارایی
لە ئەیالەتی بەغداد قەزاکانی کەرکووک و هەولێر سەبارەت بە باجی شەرعی ئەوا لەلایەن موسڵەوە بەردەوام بۆ ئەم و ئەو دەگوازرێتەوە، بەم شێوەیەش هەژارەکان سوودی لێ وەرناگرن، بۆ ئەم مەبەستە لە خەزینەی بەغداد بۆ والی ئەیالەتی ناوبراو داوای کردووە لەلایەن پاشاوە وەربگیرێت تاوەکو رەنجی هەژارەکان بە فیرو نەروات، دوای ئەوەی لە ئەیالەتی ناوبراو نووسراوی باجی دیاری کراو لەلایەن والی ناوبراوەوە نێردراوە، ئەو ئاقچانە بە شێوەیەکی تر سوودی لێ وەربگیرێت و جێگیر و پشت راست بکرێتەوە، ئەمەش بە رەزامەندی پاشا، والی موسڵ باجەکە کۆبکاتەوە و رەوانەی خەزینە بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. | 80.75 | 25 جەمادی یەکەم 1263 |
| --- | --- | --- |
| - بۆ نازری دارایی<br>لە ئەیالەتی بەغداد قەزاکانی کەرکووک و هەولێر باجی شەرعیەکانی لەلایەن ئەیالەتی ناوبراو ڕێک دەخرێت، ئەو نووسراوەی نێردراوە لە وەڵامدا والی موسڵ یەک پارچە نووسراوی بۆ سەروو ناردووە.<br><br>- بۆ نازری دارایی<br>نووسراوی هاتوو و ئەو ڕسوماتەی کە لێخۆشبوونیان تێدا دەکرێت، نووسراو نێردراوە، لە وەڵامدا والی موسڵ یەک پارچە نووسراو لە بارەی ئەم بابەتە بۆ لایەنی سەرووی ناردووە. | | |


هەولێرنامەی کتێب
OSMANLI ARŞİVİ
A.MKT
83 | 72

<table>
<tr><td>A. MKT.</td><td>00083.00072</td><td>16 جەمادی کۆتایی 1263</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ والی بەغداد<br>کوردەکان هەر لە کۆنەوە لە نێوان خۆیان یەکگرتوو و بە سروشت لەگەڵ یەک ئامادەن، هەروەها لە دەوروبەری بەغداد بە هۆی کورد بوونیان نەبادا لەگەڵ بەدرهان بەگ نزیک ببنەوە و بۆنە لە نێوانیان دروست بێت و یەک بگرن، بۆیە پێویست دەکات هێزی سەربازی رەوانەی چواردەوری هەولێر بکرێت و لەوێ دابمەزرێن، تاوەکو کوردەکان نەتوانن یاخی بن و رێگریان لێ بکرێت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی هەولێر

| | | |
|---|---|---|
| .A. MKT. MHM | 00007.00082 | 18 زیلحیجە 1264 |

بۆ والی بەغداد
لە قەزای هەولێر ئەنباری ئەرزاقی میری پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە، لە کاتی دەرخستن دەرکەوتووە ٦٠٠٠ قوروشی پێویستە، ئەوەی بەم کارە هەڵدەستێت دەبێ دواتر لە قەزای ناوبراو بە نووسراو ئاگادار بکرێنەوە کە تەواو بووە، هەروەها کاتی ئەوە هاتووە زەخیرەی نوێ کۆبکرێتەوە و لە ناو ئەنبارەکەدا هەڵبگیرێت، ئەو برە پارەی دیاری کراوە، لەوانەیە زیاد نەکات، بەڵکو بە پارەیەکی کەمتر لەوە نۆژەنکردنەوەکە تەواو بێت، بە داواکاری، دەفتەری دەرخستن بنێردرێت، داواکاری و دەفتەرەکە لەمەودوا پێشکەش دەکرێت، لە کاتی داواکردن لە داهاتی ئەیالەتی بەغداد ساڵی ٦٢ لە سەرەتای ئەیلوول تا کۆتایی ٦٦ ی ئۆغستۆس واتە بە ماوەی چوار ساڵ لە خەرجی ناوخۆ تەنیا زیادەکەی لە خەزینەی دارایی بە جیا دەدرێت، دوای ئەوە ئەگەر هەر زیاتری ویست ئەوە بە هەمان شێوە روو لە خەزینە دەکرێت.




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT.</td><td>00143.00077</td><td>13 شەعبان 1264</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی بەغداد، لە گوندی عەنکاوە کەسێک بە ناوی سیلیوە کە لە ئایینی ئیسلام وەرگەڕاوەتەوە و یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی عەنکاوە، کەسێکە خۆی ناپارێزێت لەو شتانەی کە لێی قەدەغەکراوە، ناوبراو داوای کردووە لەگەڵ دوو کچەکەی و خێزانەکەی بۆ دەرسەعادەت بنێردرێت، بەڵام ئاماژە بۆ والی موسڵ و سیواس رۆیشتووە کە پێویست بە هاتنی ناکات، بە پێی فەرمانی سەدارەت کە بۆ دەرسەعادەت نێردراوە، دوو ساڵ پێش ئێستا کەسێک بە ناوی مەرعی نێردراوەتە دەرسەعادەت، بەڵام هێشتا سەبارەت بە رۆیشتنی سیلیوە جێگیر نەکراوە، لە راستیدا ئەگەر بمانەوێت ناوبراو بۆ دەرسەعادەت بروات، ئەوا مامەڵەکان چۆن دەکرێت و چۆن جولە دەکرێت هیچ زانیاریمان نییە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٣ شەعبان ١٢٦٤.<br><br>والی ئەیالەتی بەغداد / محەمەد نەجیب بەگ</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. | 146.64 | 9 رەمەزان 1264 |
|---|---|---|

گوندی عەنکاوە سەر بە قەزای هەولێر کەسێک بە ناوی سیلیوە یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی عەنکاوە، لە ئایینی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە، بۆ هیچ شوێنێک ناڕوات و لەگەڵ هیچ کەسێک قسە ناکات، هەر چەندە بە پێی نووسراوی ١٧ ڕەمەزان ١٢٦٤ داوای کردووە بچێتە دەرسەعادەت، بەڵام واباشترە بنێردرێتە دیاربەکر و لەوێ زیندانی بکرێت، بە پێی فەرماننامەی پاشا نابێت بچێتە هیچ شوێنێک و زیندانی بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو بۆ قائیمقامی سەنجاقی دیاربەکر سلێمان پاشا نووسراوەتەوە، لە وەڵامیشدا هاتووە ئەگەر ناوبراو لە زیندانیش بێت، ئەوا پلەکەی مەردە و نەخۆشە، ئەگەر ناوبراو ناچێتە مەملەکەتی خۆشی ئەوا پۆلیسێک هاوەڵی بێت و بۆ شوێنێک ببیات و نیشتەجێی بکات، ٩ ڕەمەزان ١٢٦٤.

والی ئەیالەتی کوردستان


هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. | 148.65 | 17 شەوال 1264 |
|---|---|---|

بۆ والی بەغداد
بەرزنجی‌زادە شێخ مەحمود ئەفەندی لە نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن، لە ئەیالەتی بەغداد لە ناحیەی هەولێر، لە گوندی پیرداود شێخ پیرداود لە داهاتی ئاوقاف دوو پارچە کێڵگە بەڕێوە دەبات، لە بەرامبەر کاری شێخایەتی و توربەداریەکەی لە نیوەی، خاوەنداریەتی پێنج بەشی دەکات، بەڵام ئەو کێڵگانە لەلایەن دەوڵەتەوە دەستی بەسەرداگیراوە، هەر لە ساڵی ٦٢ سەرەتای مانگی جەمادی یەکەم ئەو بەشە لەسەر ناوی ناوبراوە، بۆیە ناوبراو بۆ وەرگرتنەوەی بەشەکەی خۆی داواکاری پێشکەشی والی بەغداد کردووە.



هەوالنامەی کتێب

| A. MKT. | 00160.00003 | 29 زیلحیجه 1264 |
|---|---|---|

- بۆ والی شارەزوور عەلی پاشا
نووسراوی بەڕێوەبەری کاغەزەکانی بابی عالی جەمیل بەگ ئەفەندی کە ساڵی ١٢٦٤ لەگەڵیەتی، بەڵێنی داوە بەرپرسیارێتی داهاتی دە یەکی (عشریە)ی قەزای هەولێر هەڵبگرێت، نادر ئاغا لە قەزای هەولێر بەم کارە هەڵساوە، بەڵام ئەگەر تا ئێستا داهاتی دە یەک (عشریە)ی لە ئەستۆ گرتبێت، کەچی یەک ئاقچە پارەی نەناردووە، جگە لەوە بە پێی قسەکانی خۆی داهاتەکە لەلایەن قەبزداری (قبضدار) هەولێر مستەفا ئاغا براوە و دراوەتەوە ژمێریاری بەغداد و لەلایەن فەرمانبەرانی ژمێریاری لە ناو دەفتەرێک نووسراوەتەوە و دراوە، لە ڕاستییدا دەرنەکەوتووە ئەوەیان بە چ جۆرێک بووە، بۆ بەڕێوەبەری قەزای ناوبراو نووسراو نێردراوە، لە بارەی هێنان و بردنی دەفتەری ژمێریاری ئاگادار کراونەتەوە.

- بۆ بەڕێوەبەری قەزای هەولێر
نووسراو بۆ والی شارەزوور نێردراوە، پێویستە بە خێرایی ڕاستییەکان ئاشکرا بکرێن و دەفتەری ژمێریاری بۆ ئێرە بنێردرێت.




هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL. | 00159.004604 | 9 ڕەبیعی کۆتایی 1265 |
| --- | --- | --- |

- ئەو مووچەی بۆ بەگەکانی خۆشناو تەرخان کراوە کۆتایی تشرینی یەکەم ١٢٦٥

محەمەد بەگزادە یەحیا بەگ ٥٠٠ / بەکر بەگ ٤٥٠ / .......... قەدری بەگ ٣٥٠ / .......... محەمەد بەگ ٤٠٠ / عوسمان بەگزادە مەحمود بەگ و برادەری محەمەد بەگ ٣٠٠
٢٠٠٠

- بەگەکانی خۆشناو بەهۆی چەندین خراپەکاریان ئێستا لە هەولێر و کەرکووک و کۆی سەنجاق نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەوانە مووچەیەکیان نییە و هیچیان نییە تا بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، بۆیە بە شێوەیەکی کاتی داوا دەکەن مووچەیەکی دیاریکراو مووچەیان بۆ ببڕێتەوە، بەمەش والی بەغداد مووچەی دیاری کراو دابین کراوە، لە ٧ سەفەر ١٢٦٦.

- بەگەکانی خۆشناو لە ڕابردوو بەهۆی خراپە کاریەکانیان ئێستا لە کۆی سنجاق و هەولێر و کەرکووک نیشتەجێ بوون، هەر چەندە ئەوانە نیشتەجێ کراون، بەڵام مووچەی یەک ڕۆژیان نییە، هەروەها شتێک نییە بژێوی ژیانیان پێ دابین بکەن، وا باشترە ئەوانە مووچەیەکیان بۆ ببڕێتەوە، چونکە پێشتر بردراونەتە بەغداد و ماوەیەک لە زیندان ماونەتەوە، دواتر ڕەوانەی کەرکووک کراون، لەوێ تووشی پەرێشانی بوونەتەوە، بۆیە بۆ هەر یەکە مووچەیەکی دیاری کراو ببڕێتەوە، تا ئەو کاتەی وەکو جاران دەست بە کشتوکاڵ دەکەن، ٩ ڕەبیعی کۆتایی ١٢٦٥.







هەواڵنامەی کێڕ



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.MKT.UM.</td><td>46.1</td><td>14 رەبیعی یەکەم 1267</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ والی شارەزوور<br>لە هەولێر گوندی دووسەرە سەر بە سانجەقی شارەزوور، خەڵکەکەی ئەم گوندە داوای پاراستن و پارێزگاری دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە یەک پارچە فەرماننامە بۆ والی ئەیالەتی شارەزوور نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جێبەجێ کردنە.</td></tr>
</table>







| | | |
|---|---|---|
| 25 رەبیعی یەکەم 1268 | 00080.000040 | HR.SYS. |

- لایەنگری دەوڵەتی فەرەنسی بە مەبەستی بازرگانی لە موسڵ نیشتەجێ بووە، کاروانی برام غیتبوی هوجە جوانی بۆ جەنابتان لە گەیشتنە

- بۆ برام جەنابی هوجە جوانی
ڕۆژی شەممە بەیانیەکەی بارەکان هەڵگیران لە ئاڵتون کۆپری بەرەو هەولێر بەڕێکەوتن، بە ماوەی سێ کاتژمێر گەیشتنە ئاوی باریک (اینجە صو) چەتەکانی شەمار هاتوونەتە سەریان و هەموو ئاژەڵ و بارەکانیان بردووە، والی ئەیالەتی شارەزوور عەلی پاشا کە پێی ووتراوە سەربازی ناردووە، بەم شێوەیە هەموو ئاژەڵ و بارەکانیان وەرگرتۆتەوە، بەڵام بە هۆی ئەو هێرشە چەند شتێکمان زیانی پێ گەیشتووە، لە سایەی خوا و بەڕێزمان عەلی پاشا بارەکان گەڕاوەتەوە دووبارە چەند ڕۆژی تر لە کۆپری دەگوازرێنەوە، بە سەلامەتی دەگاتە دەست جەنابیان، لە ٢٥ رەبیعی یەکەم ١٢٦٨.

- کاغەزی وەرگێراوی شێخی ئەلعەزیز خالد فارس هاتووە
هەینی رابردوو بۆ ڕۆژی داهاتوو ئەو بارەی کە لە ئاڵتون کۆپری بۆ نزیک هەولێر لە ئاوی باریک (اینجە صو) دەهات لەلایەن عەشیرەتی شەمەر هێرشی کراوەتە سەر و بارەکانیان بردووە، بەڵام بە دوای ڕۆیشتوون و هەموو بارەکانمان گەڕاندۆتەوە و هیچ شتێک لە دەستیان نەماوە، هەموو هێنراوەتەوە و دراوەتەوە خاوەنەکانیان.


شهرزور والیسنه

HR. SYS 80/40

5


٥

HR. SYS 80/40

6

هەوالنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.UM. | 86.95 | 5 شەعبان 1268 |

بۆ والی شارەزوور
لـە خانەدانـەکانی بەغـداد عـەلی یـاوەر ئەفەنـدی لـە ئەیالـەتی شـارەزوور قەسـەبەی هەولێـر لـە ئەنجوومەنی نووسـین کاری پـێ دەکرێـت، بۆیـە پێویسـتە بـە پێـی ئاسـتی خـۆی لـە شـوێنێکی گونجـاو کاری پـێ بکرێـت.


هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.UM | 83.5 | 10 شەوال 1269 |
|---|---|---|
| بۆ نازری دارایی<br>لە سەردەمی والی پێشووی بەغداد داود پاشای مردوو، دانیشتووی هەولێر مەحمود ئاغا لە قەزای ناوبراو لە گوندی ماستاوە، هەر لە کۆنەوە ئەم گوندە لەسەر ناوبراو بووە، خێزان و منداڵەکانی لەم گوندە کاریان لەسەر داهاتی ئەو گوندە کردووە، بۆیە ئێستا یا ئەوەتا دە یەکی (عشر) داهاتەکان یاخود مووچەیەکی دیاریکراوی بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بەرائەتی عالیشانی بۆ دەربکرێت، والی شارەزوور نووسراو و داواکاری بەیەکەوە داوەتە ئەنجوومەنی واڵا. | | |


اوقاف همايون نظارتنه

<table>
<tr><td>.A. MKT. NZO</td><td>85.20</td><td>1 زیلقەعدە 1269</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن<br>لـە دانیشـتووی کەرکـووک سـەید عینایـەت ئەفەنـدی بـە بەرائـەتی سـەروو موتەسـەرفی ناحیـەی تەرجیـل بەهـۆی مـردنی، شـوێنەکەی بەتاڵـە، هەروەهـا نائیبـی مـردووی پێشـووی ناحیـەی هەولێـر ئەسـعەد ئەفەنـدی مووچەکـەی کـە ٣٩٥ قوروشـە بـۆ هـەر یەکەیـان بەشـێکی مووچەکـە بدرێتـە چەنـد کەسـێک لە منداڵەکانیـان، بـۆ ئـەم مەبەسـتە داواکاری دراوەتە ئەنجوومـەنی والا، هەروەهـا داواکارییەکە بـەرز کراوەتەوە بـۆ جێبەجـێ کـردن.</td></tr>
</table>


مالیه نظارتنه

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT. NZD.</td><td>86.97</td><td>16 زیلقەعدە 1269</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی<br>دانیشتووی کەرکووک سەید عینایەت ئەفەندی بە بەرائەتی عالی سەرپەرشتی ناحیەی تەرجیلی کردووە، نائیبی پێشووی ناحیەی هەولێریش ئەسعەد ئەفەندی دوای مردنی ٣٩٥ قوروش لە مووچەکەی ماوەتەوە، بۆ دابین کردنی برێک لەم مووچەیە منداڵەکانی عینایەت دوای مردنی باوکیان بە داواکاریەک داوایان کردووە، هەر بۆیە نازری ئاوقافی همایۆن بە داواکردن نووسراو دراوەتە ئەنجوومەنی والا، بە پێی ئەو وەڵامەی لە پەراوێزی نووسراوەکە نووسراوەتەوە، داواکاری و نووسراوەکە نێردراوەتە سەروو، تا جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>



| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.UM. | 112.25 | 22 موحەڕرەم 1269 |

بۆ والی بەغداد
لـە ناحیـەی هەولێـر سـەر بـە ئەیالـەتی بەغـداد، بەرزنجـیزادە شـێخ حاجـی مەحمـود ئەفەنـدی لـە زاویەی شـێخ پیـرداود یـەک چارێـک لـە داهـاتی سـاڵانەی بەرووبوومـی کێڵگەیـەک کـە بەسـتراوەتەوە بـە زاویـەی ناوبـراو وەردەگرێـت، داهاتەکـەی دەسـتی بەسـەردا نەگیـراوە، هەروەهـا کێڵگـەی ناوبراویـش زیاتـر لـە ٢٠ هـەزار قـوروش داهـاتی لەلایـەن ئیسـماعیل پاشا دڵنیاکراوەتـەوە و لەلایـەن موفتـی پێشـوو مەحمـود ئەفەندیـش بەبیـر هێنراوەتـەوە و دڵنیاکراوەتـەوە، کێڵگـەی ناوبـراو لەلایـەن خەزینـەی ئاوقـاف هومایـۆن جێگیـر کـراوە و داواکـراوە مووچەیەکـی دیاریکـراوی بـۆ دابیـن بکرێـت. نـازری ئاوقـاف هومایـۆن، وەکـو سـەرەتا هەرچەنـدە کێڵگـەی ناوبـراو لەلایەن شـێخ جێگیر کـراوە و داهاتی سـاڵانەی بە نـوسراو لێکۆڵینەوەی لەسـەر کـراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا وەڵام نەهاتـووە، پێویسـتە کێڵگـەی ناوبراویش لـە خەزینە جێگیـر کردنەکەی بـە پێـی شـێوازی گونجـاو بێـت، بـۆ ئەنجوومـەنی واڵا بنێردرێـت.


شهرزور والیسنه

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
134 | 62

| A.MKT.UM. | 00134.00062 | ڕەبیعی یەکەم 1269 |
| --- | --- | --- |
| بۆ والی شارەزوور<br>لە ئەیالەتی شارەزوور نائیبی قەزای هەولێر، عەبدولباقی ئەفەندی لە سەروەتی ئەیالەتی ناوبراو مانگانە ١٩٥ قوروش مووچە و یەک تەقار گەنمی بۆ دابینکراوە، ناوبراو بەرائەتی عالیشانی داوە، جێبەجێ بکرێت. | | |



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>28 موحەررەم 1269</td><td>00261.016221</td><td>I.DH</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی دەوڵەت<br>لـە نـەزارەتی دارایـی دوو پارچـە راپـۆرت هاتـووە، یەکێکـی لـە ئەیالـەتی بەغـدادە، لـە قـەزای هەولێـر، ئەسـعەد ئەفەنـدی دانیشـتوی هەولێـرە، لـە ئەیالـەتی بەغـداد پـارەی بـۆ دابیـن کرابـوو، کـە مانگانـە ٣٩٠ قـوروش مووچـەی هەبـووە، بـەڵام دوای مـردنی ٦٠ قـوروش لـە مێـژووی مردنیەوە بۆ شـێخ ئەحمـەد تەرخان بکرێـت، هەروەهـا ئـەوەی تـر بـۆ ئاژەڵـەکانی سـەربازە سـوارەکان تەرخان بکرێـت، کـە رەزامەنـدی دراوە لە ئـەم سـاڵەوە مانگـی ئۆغسـتۆس رۆژی ١١، مانگانـە ٣٠ قـوروشی لـە دەفتـەری بـاج و رسـوماتی جیـاواز تۆمـار بکرێـت، ئـەوەی بـاس کـراوە مووچـەی مـاوە ٣٣٠ قوروشـە کـە رەزامەنـدی دراوە لـە خەزینـە هەڵگیرێـت، بـەڵام رەزامەنـدی پاشا لەسـەر چـی بێـت بەپێـی ئـەو کاری پـێ بکرێـت، لـە ٢٨ موحـەررەم ١٢٦٩.</td></tr>
</table>


A.DVN 95/85

هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A.DVN. | 00095.00085 | 11 جەمادی کۆتایی 1270 |
| لە قەزای هەولێر پلەی بەڕێوەبەر لەلایەن دەرگای عالی قەپوچی باشی بۆ عەلی بەگ، ١١ جەمادی کۆتایی ١٢٧٠. | | |




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.MKT.UM.</td><td>00163.00071</td><td>8 زیلحیجه 1270</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ والی شارەزوور<br>لـە ئەیالـەتی شـارەزوور قـەزای هەولێر کەسـێک دانیشـتووی گونـدی وەلی گەل بە کـوژراوی مـردووە، بکوژی محەمـەد فەرمانبـەری سـەربازییە بە ناوی سـلێمان، بـە پێـی دادگاییکردنیـان داواکاری نێـردراوە، نووسراویش بـۆ ئەنجوومـەنی والا نێـردراوە، لـە فەتواخانـە راوێـژکاری بـۆ کراوە، بکوژ سـلێمان و کـوژراو محەمـەد لەگەڵ ئـەوەی شـایەدییان هەیـە، بـەڵام لـە شـایەدەکان نەبیسـتراوە لـە کاتی لێدانەکـە بریـندار بـووە یاخـود نـا، بـە پێـی شـەرعی شـەریف پێویسـتە دادگاییەکـە دووبـارە بکرێتـەوە و لـە فەتواخانـە کۆتایی پـێ هاتووە.</td></tr>
</table>




| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.UM. | 000163.00075 | 8 زیلحیجە 1270 |

بۆ والی شارەزوور
لـە ئەیاڵـەتی شارەزوور دانیشـتووی قەسـەبەی هەولێـر نوعـمان ئەحـمـەد لە قەسـەبەی ناوبراو نیشـتەجێیە، لەگـەڵ کەسـێک بـە نـاوی سـاڵح عەبدولـڕەزاق ناکۆکـی کەوتۆتـە نێوانیـان و بۆتـە شـەڕیان، لـە ئەنجـام بەبـێ حـەق سـاڵح عەبدولـڕەزاق بـە خەنجـەر لەلایـەن ناوبـراو لێـی دراوە و کـوژراوە، بەپێـی مـاددەی کوشـتن لەسـەر نوعـمان جێگیـر کـراوە و بـۆ ئـەم مەبەسـتە داواکاری نێـردراوە و بە نـووسراو بـۆ ئەنجوومەنی والا بـەرز کراوەتـەوە، لـە فەتواخانـەش ڕاوێژکـراوە، بـە پێـی داواکارییەکـە بـە پێـی شـایەتی دوو کـەسی تـر لەسـەری جێگیـر کـراوە، دایکـی کـوژراو بـە نـاوی حەنیفە، بـە چ تایبەتمەندییـەک بۆتـە وەکیلی کـوژراو دیار نییـە، بۆیـە لـە فەتواخانـە لـە بـارەی دادگاییکـردنی نێـوان کـوژراو و بکـوژ کـە بـە شـێوازی خـۆی نەبـووە، کۆتایـی پـێ هاتـووە.



هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL. | 00297.012035 | 14 جەمادی یەکەم 1270 |
|---|---|---|
| بریارنامەی ئەنجوومەنی ژمێریاری لەگەڵ پوختەکەی، هەروەها راپۆرتی نەزارەتی دارایی جەلیلە لە ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەلەم، لە سەر داواکاری پاشا لە ئەیالەتی شارەزوور، قەزاکانی کۆی سانجەق و هەولێر بەرێوەبەر و نووسەر دامەزراوە، مووچەکانیان ٩٢٥٠ قوروشە، لە ساڵی ٦٨ لە مانگە جیاوازەکانی پارەکە دراوە و لە دەفتەری باج تۆمارکراوە، لە ١٤ جەمادی یەکەم ١٢٧٠. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL | 00302.012335 | 14 جەمادی کۆتایی 1270 |
|---|---|---|

لە نەزارەتی دارایی جەلیلە یەک پارچە راپۆرت پێشکەش بە ئەنجوومەنی واڵا کراوە، لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور یەعقوب ئاغا لە خانەدانی هەولێر و ئەندامی ئەنجومەن لە مێژووی ٥٣ دەست پێ دەکات، مانگانە بە مووچەی ٥٠٠ قوروش دامەزراوە، بەڵام لەگەڵ جیابوونەوەی والی پێشووی مردوو عەلی پاشا، مووچەی دیاریکراو دەستی بەسەردا گیراوە و مووچەی ناوبراو ١٥٠ قوروشی لێ کەم کراوە و ٣٥٠ قوروشی بۆ دابینکراوە، ئەویش کۆتایی پێ هاتووە، بۆیە هەر لە مارتی ساڵی ٦٠ لە ئەیالەتی ناوبراو ٣٥٠ قوروشی پێ بدرێت، کە لە خەزینە بۆی داپڕن کراوە، بە کەم کردنی ١٥٠ قوروش، ٣٥٠ قوروشی بۆ دابینکراوە لە ئەنجوومەنی واڵا باس کراوە، ساڵی ١٤ جەمادی کۆتایی ١٢٧٠.


اوقاف همايون نظارت جليله سنه

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.MHM. | 00065.00020 | 16 جەمادی یەکەم 1271 |
| بۆ نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن<br>بەرزنجی‌زادە شێخ مەحمود ئەفەندی لە سانجەقی شارەزوور لە ناو هەولێر لە گوندی پیرداود، زاویەی شێخ پیرداود بەڕێوە دەبات، ئەو گوندانەی بەم زاویەیە بەستراونەتەوە، لە بارەی داهاتەکانیان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و جێگیر کراوە، نووسراوی هاوپێچ نێردراوە. | | |


هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. MHM. | 74.41 | 1 زیلحیجە 1271 |
|---|---|---|
| بۆ والی شارەزوور<br>چەتەکانی شەمەرولجەبها عەرەبان لە دەوروبەری کەرکووک گوندی تۆپزاوە و قەزای هەولێر گوندەکانی دوغان و گردعازەبان و ماستاوە کاری بەدیان کردووە و خەڵکی ئەو گوندانەیان ئەزیەت داوە و زیانیان پێگەیاندوون، بۆ پارێزگار کردن سەربازیان ناردۆتە ئەو شوێنانە ئەو پارە و کەلوپەلانەی کە بردوویانە دراونەتەوە خاوەنەکانیان، بە پێی ووتەکان نووسراو کراوە و سەروو ئاگادار کراوەتەوە.<br>١ زیلحیجە ١٢٧١ | | |





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>8 جەمادی کۆتایی 1271</td><td>135.33</td><td>A. MKT. NZD.</td></tr>
<tr><td colspan="3">- لە ئەیالەتی شارەزوور لە هەولێر زاویەی شێخ پیرداود بە بەرائەتی عالی چوار یەکی کێڵگەکە بۆ ماوەی حەوت ساڵە داهاتەکەی بۆ منە، کەچی تا ئێستا وەرمنەگرتووە، بۆیە لە بەرامبەر ئەوەی خەزینەی ئاوقافی همایۆن دەستی بەسەر کێڵگەکە داگرتووە، مووچەیەکی دیاریکراوم بۆ ببڕێتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.<br>داواکار / شێخ مەحمود بەرزنجیزادە<br><br>- بۆ نەزارەتی ئاوقافی همایۆن<br>لە ئەیالەتی شارەزوور بەرزنجیزادە شێخ مەحمود ئەفەندی لە هەولێر لە زاویەی شێخ پیرداود ئەو کێڵگەیەی کە چوار یەکی داهاتەکەی بۆ ئەو دابین کراوە، کەچی لە ژێر دەستی ئەودا نییە، بۆیە لە بەرامبەر ئەوەی خەزینەی ئاوقافی همایۆن دەستی بەسەر داگرتووە، بڕێکی دیاری کراو مووچەی بۆ ببڕێتەوە، داواکراوە و نێردراوە.</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>A. MKT. NZD.</td><td>157.48</td><td>21 زیلقەعدە 1271</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی<br>بەرزنجـیزادە شـێخ مەحمـود ئەفەنـدی لـە سـەنجەقی شـارەزوور لـە هەولێـر بـۆ زاویـەی شـێخ پیـرداود داهـاتی ئـەو گوندانـەی کـە بـۆ ئـەو زاویەیـە خـەرج دەکرێـت، بـە رەزامەنـدی پاشـا و سـەروو نێـردراوە تـا جێبەجـێ بکرێـت.</td></tr>
</table>




هەوالنامەی کتێب

| 8 جەمادی کۆتایی 1271 | 325.13903 | I. MVL. |
| --- | --- | --- |

یەعقوب ئەفەندی لە خانەدانەکانی قەزای هەولێر لەلایەن والی پێشووی بەغداد عەلی پاشا کە مردووە، فەرمانی دابوو بە دابین کردنی مووچەی ٥٠٠ قوروش، بەڵام بەم دواییە ئەم مووچەیە براوە، کە خۆی ئێستا پێویستی بەم پارەیە نییە و براوە، بۆ ئەم مەبەستە نەزارەتی دارایی نووسراوی ناردووە، هەر چۆنێک بێت ئەمر و فەرمان بۆ پاشایە، ئەو چ بفەرموویت بە پێی ئەو جولە دەکەین، لە ٨ جەمادی کۆتایی ١٢٧١.



| I.MVL. | 00338.014600 | 28 جەمادی یەکەم 1271 |
|---|---|---|

لە نەزارەتی دارایی نێردراوەتە ئەنجوومەنی والا بە یەک راپۆرت دیاری کراوە، لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور مودەریس داود ئەفەندی نیشتەجێیە و کۆچی دوایی کردووە، بە بەرائەتی عالی مانگانە ١٠٦ قوروش و ٣٥ پارە مووچە و ٥ عولبە گەنمی بۆ تەرخان کرابوو، پێنج عولبە گەنمەکە دەچێتەوە خەزینە، نیوەی مووچەکەشی مانگانە ٥٠ قوروش و ١٧ پارە تا لە ژیان ماوە دەدرێتە کورە گەورەکەی عەبدولرەحمان ئەفەندی کە وانە بە قوتابی دەڵێتەوە، نیوەکەی تریش بە شێوەیەکی کاتی دەدرێتە کورە بچووکەکەی محەمەد سەعید تا دەگاتە تەمەنێکی گەورە و دەکەوێتە سەر کار و کاسبی خۆی، لە ٢٨ جەمادی یەکەم ١٢٧١.



| I.MVL. | 00340.014666 | جەمادی یەکەم 1271 |
|---|---|---|
| ئـەو راپۆرتـەی کـە نـەزارەتی دارایـی جەلیلـە پێشـکەشی ئەنجومـەنی واڵای کـردووە، پوختـەی پـارەی دیـاری کـراو نێـردراوە، لـە ئەیالـەتی شـارەزوور سـەنجەقەکانی کەرکـووک و زێبـار، قـەزاکانی هەولێـر و ئاڵتـون کوپری داهـاتی دە یـەک (عـشری) و رسوماتی سـاڵی حەفتـای سـەرەتای ئەیلـوول تـا کۆتایـی سـاڵی حەفتا و یـەک، یـەک سـاڵی بـە تـەواوەتی بەرێوەبـردراوە و جێگیـر کـراوە، ئـەوەی لـە دەفتـەر هاتـووە ووردبینـی بـۆ کـراوە، داواکـراوی دیـار نییـە، ئـەوەی ژمـارەی بـۆ دانـراوە ٢٤ تاقـم لەگـەڵ داهـاتی گواسـتنەوەی، نیـوەی داهـاتی لـە دەفتـەری ناوبـراودا ئاماژەی پـێ نەکـراوە، جگـە لـە شـوێنگرەوە و داهـاتی پێشـوو، ٨٣١٣٨ قوروشـە خراوەتە سـەری و گواسـتراوەتەوە، داهـاتی شـوێنگرەوە یـەک یـوک ٧٢١٢ قـوروش زیـادەی سـاڵانە بـووە، بریـار لـە سـەر گواسـتنەوەی دراوە، داهـاتی شـوێنگرەوە بـە کۆکراوەیـی ٢٤ یـوک ٧٨٢٧٣ قـوروش، جگـە لـە ٣٠٥٤ نەقار گەنـم و جـۆ فرۆشـراوە، تـا ئێسـتا هەمـووی لـە دەفتـەری ژمێریـاری نـووسراوە و دیـاری کـراوە، لـە جەمادی یەکـەم ١٢٧١. | | |



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>MVL.</td><td>346.37</td><td>6 زيلحيجه 1271</td></tr>
<tr><td colspan="3">هاوپێچ / ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧١<br>لە نەزارەتی دارایی راپۆرت دراوەتە ئەنجوومەنی والا، بە پێی ئەو راپۆرتەی کە هاوپێچە لەگەڵ داواکاری ئەنجوومەنی ژمێریاری، لە ئەیالەتی شارەزوور لە قەزای هەولێر، گوندەکانی دوغان و گرد عازەبان لە سەر خانەقای مەولانا خالید بوون، نەجمەددین ئەفەندی و عەبدولرەحمان ئەفەندی بەرێوەی دەبردن، بەهۆی مردنیانەوە، کوری مردووەکان گوندەکانیان بۆ خۆیان دەوێت، هەر چەندە لەلایەن میریەوە رێکخراوەتەوە و جێگیر کراوە، بەڵام بەستنەوەی بە ناوبراوان بە پێی رژێم ناکرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە وەڵامی میریە، هەر چەندە ئاگادار کردنەوەی نەزارەتی ناوبرا و لە ئەنجوومەنی والاش ئاماژەی پێکراوە، بەڵام پێویستی بە رەزامەندی پاشایە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT. MVL.</td><td>00080.00070</td><td>18 زیلقەعدە 1272</td></tr>
<tr><td colspan="3">بە پێی نووسراوێک کە موتەسەرفی موسڵ بۆ ئەنجوومەنی باڵا ناردوویەتی، یەکێک لە بەگزادەکانی فەرەنسی لە چواردەوری موسڵ و بەغداد گەڕاوە، دوای گەڕانی لە موسڵ، خودی خۆی چۆتە کەرکووک و موسڵ گەڕاوە، بە چاوی خۆی بینیویەتی کانزای زێری تیراق و تاس بینیوە، هەروەها ئەو جۆرە کانزایە لە ئەمەریکاش دەردەهێنرێت و یەک شتە، هەروەها بە خەرجیەکی کەمیش دەردەهێنرێت، ئەم زانیاریانەی بە نووسراوێک بۆ فەرەنسای ناردووە، لە نووسراوەکەش هاتووە لە رووباری قەزای هەولێر هەندێک کات بەدوای ئەو زێرە دەگەڕێن، کە بە قەت تەنکی کاغەز وایە، هەروەها لەم ناوچەیە لەم بارەیەوە قسە و باسی راست هەیە. کە کانزای زێر لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە و بە خەرجیەکی کەم دەتوانرێت دەربهێنرێت، تەنانەت هەندێک کات لە کەنارەکانی ئەم رووبارە هەندێک شت دۆزراوەتەوە، لە ئەنجامی ئەو ئاماژە پێکردنە بەهێزە، ئەم کانزایە گران بەهایە و خەرجی دەرهێنانیشی کەمە، بۆ ئەم مەبەستە بە زانیاری نەزارەتی خەزینەی تایبەت ئەندازیار مۆسیۆ دویانی بەلجیکی ئەم کارەی پێ بسپێردرێت، ئەگەر نا کەسێکی شارەزا و لێهاتوو هەڵبژێردرێت و بۆ خەرجی رێگا بڕێک پارەی گونجاوی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بێت و لەبارەی ئەم کانزایانە لێکۆڵینەوە بکات، نموونەشی ببات، ئەگەر دەرکەوت ئەو شتانە گران بەهایە، ئەوا کاری گونجاو ئەنجام بدەین، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١٨ زیلقعدە ١٢٧٢.</td></tr>
</table>



| 7 شەوال 1272 | 147.69 | HR. MKT. |
|---|---|---|

لە ئەیالەتی موسڵ میللەتی پروتستان بوونی نییە، بەڵام ئەمرۆ قەپوچی باشی شەماس ئەرمیە ئەندام لە ئەنجوومەن لەلایەن وەکیلی میللەتی ناوبراو دامەزراوە، هەر چەندە بەخۆی لە ناو ئەنجوومەن بێ کەموکوریە، بەلام خودی خۆی خەڵکی موسڵ نییە، بەڵکو یەکێکە لە دەست رۆیشتوەکانی گوندی عەنکاوە سەر بە قەزای هەولێر لە ئەیالەتی شارەزوور، چەند ساڵ دەبێت لە موسل نیشتەجێ بووە و یەکێکە لە سەر مەزهەبی پروتستانە، لە موسڵ لەگەڵ پاپاسەکانی ئەمەریکی نزیک بوونەوەیەکی دروست کردووە، هەموو رۆژ لەگەڵ میللەتی کاسۆلیک، سریانی، یەعقوبی دەمەقاڵی تەواو نابێت، بۆتە هۆی کێشە دروست کردن لەگەڵ خەڵک و ئاسایشی خەڵک تێک دەدات و کریستانیەکان ناچار دەکات کێشە دروست بکەن، جگە لەوە لەگەڵ پاپاسەکانی ئەمەریکی پەیوەندی دروست کردووە، لە موسڵ میللەتی پروتستان لە ٢١ خانە پێک دێت، لەلایەن میللەتی ناوبراو لە ئەنجوومەنی ئەیالەت داوای وەکیل دەکەن، ئەگەر کەسێک داوا بکرێت با ئەو هەڵبژێردرێت، ئەگینا شەماسی ئەرمیە وەکو ئەندامی ئەو میللەتە لە ئەنجوومەن کار بکات، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، کۆتایی شەعبان ١٢٧٢.



<table>
<tr><td>A. MKT. NZD.</td><td>168.11</td><td>10 سەفەر 1272</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی داراپی<br>یوسف خەیروڵڵا ئەفەندی بەهۆی دەستکورتی بوونی منداڵێکی زۆر، لە رووی بژێوی ژیانیەوە تووشی تەنگانە و قورسی بۆتەوە، هەروەها لە خەڵکی قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی بەغداد سوبغەتوڵڵا ئەفەندی لەگەڵ محەمەد سادق بەگ لە قەڵەمی ناوەخۆ بەهۆی مردنیانەوە مووچەکانیان بێ خاوەن ماوەتەوە، ناوبراویش بۆ خۆی داوای برێک مووچەی کردووە، بۆیە ئەو مووچانە نەگوازرێتەوە بەغداد و بۆ ئەم و ئەو دابین نەکرێت، بە مردنی سادق بەگ لە خەزینەی دارایی بە راپۆرت ٢٠٠ قوروش بۆ کچەکانی دابین کراوە، تەیار ئەفەندی وەڵامی بدرێتەوە یاخود لە ئەنجوومەنی والا ئەوەی مووچەکەی لە دوایدا ماوەتەوە شتێکی پێ بدرێت، ناوی لە دەفتەر هاتووە و سەروو ئاگادار بکرێتەوە، هەروەها راپۆرتی ناوبراو دووبارە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. NZD. | 187.10 | 21 شەوال 1272 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>لـە خانـەوادەکانی بەغـداد لـە بنەچەیەکـی پاکـی حەیدەرییە محەمەد سـاڵح ئەفەنـدی لـە ئەیالـەتی شـارەزوور ئـەو گوندانـەی لـە قەزای هەولێـر بەڕێوەی دەبـات، دوای ئـەوەی ڕێکخراونەتـەوە دراونەتەوە دەرسـەعادەت، لەلایـەن والی بەغـداد نـووسراو هاتـووە و لەگـەڵ ئەو داواکارییەی ناوبراو پێشـکەشی کـردووە، داوا لە سـەروو دەکات یـا ئـەو گوندانـەی بـۆ بگەڕێننـەوە یاخـود لـە بەرامبـەر ئەودا شـتی تری پـێ بدرێت.<br>٢١ شەوال١٢٧٢ | | |



هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. UM. | 253.6 | 22 زیلحیجه 1272 |
|---|---|---|
| لە سەنجەقی رواندز لە ساڵی ٦٢ تا ئێستا موقاتەعاتەکانی لە ژێر دەستی خۆم دابووە، ئەوەی لەسەر ناوی من بووە، لە قەزای هەولێر لە ژێر دەستی چەند کەسێکە دەبێ وەریبگرم، هەروەها لە زەوی کوی سانجەق هەندێکی تر لە ژێر دەستی کەسانێکە دەبێ وەریانبگرم، بۆیە داوای دەکەم، رۆژ بە رۆژیش زوڵمم لێ دەکرێت، لە بەرامبەر ئەنجوومەن بە پێی یاسا و رژێم بە قسە کردن لەگەڵ والی شارەزوور و قائیمقامی رواندز یەک پارچە فەرماننامەی پاشا جێبەجێ بکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٢ زیلحیجە ١٢٧٢.<br>لە خانەدانی کۆنی رواندز و ئەندامی ئەنجوومەن<br>محەمەدئەمین | | |




هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL. | 00356.015552 | 11 شەوال 1272 |
| --- | --- | --- |
| لە ئەیالەتی شارەزوور عەشیرەتی بلباس لە کۆی سانجەق نیشتەجێن و عەشیرەتی دیزەیی لە هەولێر نیشتەجێن، بەهۆی ململانێی هەردوو لا بۆ چاکسازی ئاسایشی ناوچەکە لەگەڵ ئاغای عەشیرەتەکان رێککەوتوون، بۆ ئەم مەبەستە ٢٨٠١ قوروش خەرج کراوە، ٧٧٩٠ قوروش لەسەر بریار نامەکە نووسراوە، ئیتر بەبێ مۆڵەت دڵنیایی لەسەر کراوەتەوە، لە نەزارەتی دارایی نێردراوەتە ئەنجوومەنی والا، لەوێشەوە دراوەتە قەڵەم، بریارنامەی نەزارەت کراوەتە راپۆرت و بریارنامەی ئەنجوومەنی ژمێریاری دارایی جێبەجێ کراوە، لە ١١ شەوال ١٢٧٢. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. MVL. | 00083.00023 | 2 رەبیعی کۆتایی 1273 |
|---|---|---|

بۆ والی بەغدا و موتەسەرفی شارەزوور
لە خێزانی پاک و ناوداری حەیدەرییە محەمەد ساڵح و عیسا و محەمەد ئەمین ئەفەندی لە قەزای هەولێر لە سەردەمی عەلی پاشا کاتێ کە والی بەغداد بوو، لە لایەن خەزینەوە داهاتی گوندەکانی بەحرکە و بەرد حوشتر و پیرداودیان بەجێ هێشتووە، لەبەر ئەوە بۆ خۆیان داوای مووچە دەکەن، ئەوانە یەکێکن لە خانەدانەکانی و خێزانە ناودارەکانی ئەو ناوچەیە، لە ئەوە مافی خۆیانە، بۆیە لە مێژووی ساڵی ٧٣ مانگی رەبیعی یەکەم رۆژی ١٤ لە داهاتی ئەو شوێنانە مانگانە ٢٦٠٠ قوروش بۆ محەمەد ساڵح ئەفەندی و محەمەد ئەمین ئەفەندی و بەهۆی مردنی عیسا ئەفەندی بۆ کورەکانی ئەحمەد ئەفەندی و ئیسماعیل ئەفەندی و عەبدولرەحمان ئەفەندی دابین بکرێت، بۆ وەرگرتنی بەرائەتی شەریفە لە نەزارەتی دارایی بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە و جێگیر کراوە، ٢ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٣.


هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. MHM. | 99.47 | 15 سەفەر 1273 |
|---|---|---|

- بۆ والی شارەزوور و نەزارەتی دارایی

بە ویستی سەروو لە ئەیالەتی شارەزوور بۆ میلیشیای سەربازە پاڵپشتیکەرەکان (عساکر عونیە) دامەزراندن و ڕێکخستنی مووچەکانیان لە ناو کەرکووک و قەزای هەولێر و سەنجەقی رواندز بە کۆکراوەیی ٥٧٨٧٩ قوروش و ٢٨ و نیو پارە ڕەزامەندی لەسەر دراوە و داوا کراوە. ئەوانەی لەم بوارە کار دەکەن ناوەکانیان بە داواکاری یەک پارچە دەفتەر نێردراوە و ئەوانەش بۆ نیشتمان سوێندیان خواردووە، و دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆیان نیشان داوە.

- بۆ نەزارەتی دارایی

یەک پارچە دەفتەر داواکاری ناوەکان بۆ والی شارەزوور نێردراوە، نووسراوی موتەسەرفی شارەزوور نێردراوە، لە ڕۆژنامەی ڕووداویش بڵاو کراوەتەوە، لەسەر داواکاری سەروو دانەیەک نووسراو نێردراوە، لە بارەی جێبەجێ کردنی لە خەزینە بڕیاری لەسەر دراوە.


هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. MHM | 101.16 | 5 رەبیعی یەکەم 1273 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی خەزینەی تایبەتی<br>لە بەگزادەی فەرەنسی بە تایبەتی لە لای کوردستان و هەولێر کانزای دۆزیوەتەوە، لە سەر قسەی خۆی دیاری کردووە بە پارەیەکی زۆر کەم ئەو کانزاییە دەردەهێنرێت، ئەو نووسراوەی نێردراوە لە وەڵامەکەی والی شارەزوور لەگەڵ داواکاری سەروو بەیەکەوە نێردراوە. | | |



<table dir="rtl">
<tr><td>I.MVL</td><td>00373.016372</td><td>27 شەوال 1273</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە نەزارەتی دارایی جەلیلە لە ٣ ڕەمەزان ١٢٧٣ دراوەتە ئەنجوومەنی والا، بە ڕاپۆرتی دارایی لە ئەیالەتی شارەزوور قەزای هەولێر، کە لوتفوڵڵا ئاغا لە هەولێر نیشتەجێیە، کۆچی دوایی کردووە، ٥ تەقار گەنم لەگەڵ ٣٩٠ قوروش مووچەی پێ دراوە، لەم مووچەیە ٣٠٠ قوروش بەجێ هێشتراوە بۆ ٨ منداڵ کە هەموویان کچن، بەمەش کورەکەی بەناوی دەروێش ئاغا بەخێویان دەکات، دوو کەس لە خێزانەکانی یەکێکی پیر و ئەوی تری شایەنی پەیوەندییە، یەکێک لە کچەکانی هاوسەری هەیە، ئەوانی تر هێشتا بچووکن، ئەگەر کورەکەی لە ئەنجوومەن وەکو ئەندام دەست بەکاربێت، ئەوا ئەو مووچەیەی بۆ دابین دەکرێت، بەڵام بەشێک لەم مووچەیە بدرێتە شێخ عەبدولجەلیل ئەفەندی کەرکووکی کە لە سەر تەریقەتی قادریەیە، ئەم مووچەیە ٣٠٠ قوروش بدرێتە خێزانەکان و منداڵەکانی مردوو تا هاوسەرگیری دەکەن، ٩٠ قوروشیش بدرێتە عەبدولجەلیل تا ئەو کاتەی لە ژیان دەبێت، ٢٧ شەوال ١٢٧٣.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| 11 جەمادی کۆتایی 1274 | 00081.00098 | A. AMD. |
|---|---|---|
| نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذكر ساميه)<br>لـە ئەیالـەتی کوردسـتان و لـە ئەیالـەتی شـارەزوور لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە ئەیالـەتی شـارەزوور بـۆ دامەزرانـدنی بەڕێوەبـەر لـە قـەزاکان، هەروەهـا لەگـەڵ کوپریـلی لـە ئەیالـەتی روم بەڕێوەبـەر دامـەزراوە، لە ئەنجوومـەنی والا ئامـاژەی پێکـراوە، لەگـەڵ چـوار داواکاری پێشـکەش کـراوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT.MVL. | 95.77 | 26 جەمادی کۆتایی 1274 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، بەڕێوەبەرەکەی عەلی بەگ دوای تەواو بوونی دادگاییەکەی، لە سەر کارەکەی لادراوە و بە مووچەی مانگانەی ٣٠٠٠ قوروش حاجی نوری بەگ دانراوە، لە ئەنجوومەنی والا جێگیر کراوە، لە ٢٦ جەمادی کۆتایی ١٢٧٤. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. MVL. | 99.23 | 20 زیلحیجە 1274 |
| --- | --- | --- |

بۆ نازر و موتەسەرفی شارەزوور
لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە ئەیالـەتی شـارەزوور قەپوچـی بـاشی نـوری بـەگ وەکـو بەرێوەبـەری هەولێـر دامـەزراوە، هێشـتا لـە کارەکەی دەسـت بـە کار نەبووە، بەهۆی دووری شـوێنی کارەکەی داوای گواسـتنەوەی کـردووە، هەروەکـو ئـاگادارن بەرێوەبەرایـەتی قـەزای ناوبـراو نزیکـەی یـەک سـاڵ بـە شـێوەی وەکالـەت بەرێـوە دەچێـت. هەروەهـا قـەزای ناوبـراو بەهـۆی گرنگـی شـوێنەکەی گونجـاو نییـە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ بـە وەکالـەت بەرێوەبەرایەتیەکـەی بەرێـوە بچێـت، بۆیـە پێویسـتە ئـەو لـە کارەکـەی لابدرێـت و لە شـوێن ئـەو قەپوچـی بـاشی توزچـیزادە ئەدهـەم ئەفەنـدی بـە مووچـەی مانگانـەی ٣٠٠٠ قـوروش دابمەزرێـت، بە جێگیـر کـردنی ناوبـراو لـە ئەنجوومـەنی والا، لـە ئەیالـەتی ناوبراویـش موتەسـەرف ئـاگادار کراوەتـەوە تـا لـە خەزینـە کاری بـۆ بکـرێ، لـە نـەزارەتی دارایـش کارەکانی تـەواو بکرێـت و دەسـت بـە کار بێـت، ٢٠ زیلحیجـە ١٢٧٤.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.UM. | 00296.00047 | 24 ڕەبیعی یەکەم 1274 |
| بۆ موتەسەرفی شارەزوور<br>لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی عەبدولغەفور ئەفەندی لە ڕووی گوزەرانەوە تووشی تەنگانە بووە، خۆی خەڵکی هەولێرە، هەر چەندە مودەریسی هەولێر داود ئەفەندی کە بێ کوڕە مردووە، پانزە عولبە گەنم لە ئەو ماوەتەوە، بۆیە داوای کردووە بدرێتە ئەو، پێویستی بە ڕێز گرتنە و بۆی دابین بکرێت،<br>لە ٢٤ ڕەبیعی یەکەم ١٢٧٤. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 19 جەمادی یەکەم 1274 | 00387.016918 | .I.MVL |

- لە ئەیالەتی شارەزوور بەڕێوەبەری قەزای کوی سانجەق سەلیم ئاغا لەگەڵ بەڕێوەبەری قەزای هەولێر عەلی بەگ بگۆڕدرێنەوە، خەریکە کۆتایی بە کارەکانیان بێت، بۆ بەڕێوەبەری کۆی سانجەق عەبدولکەریم ئاغا دامەزرێت و عەلی بەگیش هەر لە هەولێر بمێنێتەوە، لەگەڵ فەرمانی سەدارەت فەرمان کراوە، بەڵام عەلی بەگ لەلایەن ڕاشد ئەفەندی دەستگیر کراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، دەرکەوتووە بێ تاوانە، لە کارەکەی تری لە بەیوەبەرایەتی بە وەکالەت لەلایەن مستەفا ئەفەندی دامەزراوە، هەرچەندە بە پێی ڕاپۆرتی موتەسەرفی شارەزوور لە ١٤ جەمادی یەکەم ١٢٧٤ کۆتایی بە کارەکەی هێنراوە، مستەفا ئەفەندی نازانێت ناوبراو چ پیاوێکی ناماقوڵە، ناوبراو مووچەی بەڕێوەبەرایەتی ٣٠٠٠ قوروشە، لێرەوە کۆتایی بە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی دەهێنرێت، بۆ هەڵبژاردنی کەسێکی تر نووسراو دەنێردرێتە دەستە، ١٦ جەمادی یەکەم ١٢٧٤.

- لە ١٧ جەمادی یەکەم ١٢٧٤ ئەو ڕاپۆرتەی هاتۆتە دەستە بۆ بەڕێوەبەری قەزای ناوبراو عەلەمدار مستەفا پاشا، ئامادەی نیشان داوو ببێتە بەڕێوەبەر، بە هەمان مووچە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو نادیارە وا باشترە لە شوێنی ئەو حاجی نوری بەگ هەڵبژێردرێت، بە مووچەی ٣٠٠٠ قوروش دابمەزرێت، لە ١٩ جەمادی یەکەم ١٢٧٤.




هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.MVL.</td><td>00397.017303</td><td>23 زیلقەعدە 1274</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە دەستەی هەڵبژاردنی فەرمانبەر بە مێژووی ٨ زیلقەعدە ١٢٧٤ دراوەتە ئەنجوومەنی واڵا بە کارتێکی ڕەزامەندی دیاری کراوە، شەش حەوت مانگ پێش ئێستا لە ئەیالەتی شارەزوور لە ناو قەزای هەولێر نوری بەگ بە بەڕێوەبەر دامەزراوە، تا ئێستا لە شوێنی دیاری کراو دەست بەکار نەبووە، تا ئێستا چەند جار بانگ کراوەتە دەستە و ئاگادار کراوەتەوە تا بچێتە سەر کارەکەی، کەچی لەبەر دووری شوێنەکە تا ئێستا دەست بەکار نەبووە، بەڵام لەبەر گرنگی شوێنەکەش ناکرێت بە وەکالەت کارەکە بەڕێوەببرێت، بۆیە لابدرێت و لە شوێنی ئەو توزجیزادە ئەدهەم ئەفەندی بە بەڕێوەبەر دابمەزرێت، مانگانە ٣٠٠٠ قوروش مووچەی بۆ ببڕێتەوە، لە خەزینە بنێردرێتە نەزارەتی دارایی و موتەسەرفیش ئاگادر کراوەتەوە و بۆ ئەنجوومەنی واڵا ڕەوانە کراوە، ٢٣ زیلقەعدە ١٢٧٤.</td></tr>
</table>



| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.MHM. | 141.71 | 26 شەعبان 1275 |

بۆ نەزارەتی دارایی
لە ئەیالەتی شارەزوور قەسەبەی هەولێر لە گوندی عەنکاوە نیشتەجێیە و هاتۆتە سەر ئاینی ئیسلام بە ناوی شێخ مستەفا، ١٥٠ قوروش مووچەی بۆ براوەتەوە، تا ئێستا بەبێ مۆڵەت ئەو پارەیەی وەرگرتووە، بە پێی نووسراوی نێردراو، ئەو داواکاریەی لە ئەنجوومەن هاتووە، بۆ دەوڵەت نێردراوە، تا بۆی جێگیر بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.MKT.UM.</td><td>00322.00001</td><td>6 موحەررەم 1275</td></tr>
<tr><td colspan="3">
- بۆ موتەسەرفی شارەزوور<br>
لـە قـەزای هەولێـر بـە فەرمانی پاشا، قەپوچـی بـاشی لـە ریـکابی هومایـۆن ئەدهـەم ئەفەنـدی، ئەمجارەیـان وەکـو بەڕێوەبـەری قـەزا بـۆ سـەر کارەکـەی بەڕێکەوتـووە، ناوبـراو پێویسـتە ڕێـزی لـێ بگیرێـت.<br><br>
- بۆ والی ترابزۆن<br>
بـە فەرمـانی پاشا لـە قـەزای هەولێـر وەکـو بەڕێوەبـەری قـەزا قەپوچـی بـاشی لـە ریـکابی هومایـۆن ئەدهەم ئەفەنـدی دامـەزراوە، ئەمجـارە کەوتۆتـە ڕێـگا بـۆ شـوێنی کارەکـەی، پێویسـتە یارمـەتی بدرێت و ئاسـانکاری بـۆ بکرێـت.<br><br>
- نامەی ڕێگا<br>
لـە ترابزۆنـەوە تـا دەگاتـە شـارەزوور ئـەو قائیمقامیـەت و بەڕێوەبەرایەتـی قەزایانـەی دەکەونـە سـەر ڕێـگا، دوای سـەلام، لـە قـەزای هەولێـر وەکـو بەڕێوەبـەری قـەزا، قەپوچـی بـاشی لـە ریـکابی هومایـۆن ئەدهـەم ئەفەنـدی دامـەزراوە، ئەمجـارە بـۆ ئـەو شـوێنە کەوتۆتـە ڕێـگا، تـا دەگاتـە شـوێنی مەبەسـت یارمـەتی بدەن و کارەکانی بـۆ ئاسـان بکـەن.
</td></tr>
</table>




| | | |
|---|---|---|
| A. MKT. UM. | 00323.00031 | 16 موحەررەم 1275 |

بۆ موتەسەرفی موسڵ

لەبەر ئەوەی لە ئەنجوومەنی موسڵ نوێنەری پرۆتستان نییە، لە موسڵ نوێنەری پرۆتستان قۆچەباشی شەماسی ئارامی بۆ دامەزراندنی بە نوێنەری پرۆتستانەکان لەلایەن وەکیلەکانی داواکراوە، لە داواکاری ئەنجوومەنی موسڵ، وەڵامی نووسراو نێردراوە، لە نووسراوەکەدا هاتووە لە راستییدا قۆچەباشی لە ئەیالەتی شارەزوور لە قەزای هەولێر دانیشتووی گوندی عەنکاوە بووە، لەم دواییە لە موسڵ نیشتەجێ بووە و مەزهەبی پرۆتستانی هەڵگرتووە و بە هاوبەشی ئەمەریکاوە لەگەڵ کەسانێکی کەمە نامەی بە کریستیانەکان فرۆشتووە، هەروەها لەلایەن ئەمەریکاوە مانگانە ۲٥٠ قورووشی بۆ براوەتەوە، لە موسڵ داوای لە سریانی و یەعقوبیەکان کردووە، بێنە سەر ئەو مەزهەبە، کە وای لێهاتووە لە رووی ئاسایشەوە خەڵک تووشی کێشە بێت، بۆیە وا پێویست دەکات لە شوێنێک کارێکی پێ بدرێت، یاخود لە ئەنجوومەنی موسڵ وەکو ئەندامی میللەتی پرۆتستان دەست بەکار بێت، ئەمەش لە ئەنجومەنی والا ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام هەر چەندە قۆچەباشی مەزهەبی پرۆتستانە گەنجاو نییە لەلای بێگانە فەرمانبەر بێت، بۆیە پێویستە زۆر بە ووردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.




هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL | 00423.018554 | 21 موحەررەم 1275 |
|---|---|---|
| - لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور پڕە لە هۆز و عەشیرەت، ئەدهەم ئەفەندی لە بەڕێوەبەرایەتی لابدرێت و لە شوێن ئەو بەڕێوەبەری پێشوو سەلیم ئاغا دابنرێت.<br><br>- لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور خەڵکەکەی لە هۆز و عەشیرەت پێک هاتوون، پێویستییان بە چاودێریە، ئەو بەڕێوەبەرەی لەوێ دەست بەکاربووە ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی لە بارەی پلانی عێراق هیچ زانیارییەکی نییە، لە قەزای ناوبراو کوشتن و شەڕ و دزیکردن زۆر بووە، لە زیندان راکردن هەیە و ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات، هەروەها ناتوانی کارەکان بەڕێوە ببات، بۆیە پێویستە لەسەر کارەکەی لابدرێت و پێویستە یەکێک لە شوێن ئەو دابمەزرێت، کە زانیاری هەبێت، لەوانەش سەلیم ئاغا یەکێک بووە لە کارگێری کارەکانی بە باشی راپەڕاندووە، لە قەزای ناوبراو بۆ ماوەی ٣٠ساڵ کاری کردووە، بۆیە ئیبراهیم لابدرێت و لە شوێنی ئەو سەلیم ئاغا دابنرێت، ٢١ موحەررەم ١٢٧٥. | | |


i. MVL 423/18554
9


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
374 | 62

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT. UM.</td><td>00374.00062</td><td>3 رەبیعی کۆتایی 1276</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە قەزای هەولێر وەکو بەڕێوەبەری قەزای هەولێر لە کارەکەم دوورخراومەتەوە، لە هەمان کاتدا بە پێویستیان نەزانیوە ماوەی کارەکەم درێژ بکەنەوە، من دڵسۆزی خۆم بۆ دەوڵەت ڕاگەیاندووە و بۆ ڕازی کردنی پایەدارانی دەوڵەت لە قەزای ناوبراو وەکو بەڕێوەبەر خەرجیەکی زۆرم کردووە، تەنانەت هیچ گەشتێکم بۆ هیچ شوێنێک نەکردووە، لە کۆتاییدا چوومەتە بەغداد، کەچی تا ئێستا لە مووچەکەم یەک ئاقچە زیادی نەکردووە، لەم کاتەدا بەبێ هۆکارێکی نادیار لە کارەکەم دوور خراومەتەوە، لەگەڵ ئەوەش دژی دەوڵەت قسەم نەکردووە، دووبارە پارەیەکی زۆرم خەرج کردووە و گەڕاومەتەوە ترابزۆن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دووچاری پەرێشانی ببمەوە، بۆیە ئەگەر بکرێت دەوڵەت بەرامبەر بە من میهرەبان بێت و لە قائیمقامیەتێک یاخود لە بەڕێوەبەرایەتێکم دابنێت، ئەمر و فەرمان و میهرەبانی و بەزەیی بۆ ئەو کەسەیە کە بەخشندەیە.<br>٣ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٦<br>توزچیزادە ئیبراهیم ئەدهەم ئەمین</td></tr>
</table>




| A. MKT. UM. | 00375.00019 | 5 ڕەبیعی کۆتایی 1276 |
|---|---|---|
| لە ئەرکی بەڕێوەبەری لە قەزای هەولێر دوورخراومەتەوە و ئیتر پێویستیان پێم نییە، ئەگەر بکرێت بمنێرنە بەڕێوەبەرایەتی قەزایەک یاخود لە قائیمقامیەت کارم پێ بدەن.<br>٥ ڕەبیعی کۆتایی ١٢٧٦ / توزچیزادە ئیبراهیم ئەدهەم ئەمین | | |


طربزون والیسنه

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
379 35

هەواڵنامەی کتێب

| 23 رەبیعی کۆتایی 1276 | 00379.00035 | A.MKT.UM. |
|---|---|---|

بۆ والی ترابزۆن
لە قەزای هەولێر بەڕێوەبەری پێشوو قەپوچی باشی لە ریکابی هومایۆن توزچیزادە ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی دوای جیابوونەوەی لە کارەکەی خۆی، لەگەڵ ئەوەی گەڕاوەتەوە ترابزۆن، لە ئەنجوومەنی والا نێردراوە، کە لە ترابزۆن وەکو بەڕێوەبەر دەست بەکار بێت.




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT. UM.</td><td>00390.00013</td><td>18 جەمادی کۆتایی 1276</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ موتەسەرفی شارەزوور<br>لە خانەدانەکانی ئەرزەروم سەعید ئەفەندی لەبەر ناخۆشی بژێوی ژیانی، هەروەها لەبەر ئەوەی منداڵی زۆرە، تووشی ناچاری بۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر بکرێت لە شارەزوور، لە یەکێک بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەولێر، کۆی، قەرە تاغ کارێکی پێ بدرێت، یاخود کارێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش لە ئەنجوومەنی واڵا ئاماژەی پێکراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL. | 00428.018774 | 12 رەجەب 1276 |
| --- | --- | --- |
| شێخ خالید کە لەسەر تەریقەتی نەقشبەندییە لە قەسەبەی هەولێر خانقاکەی پێویستی بە تەواو کردنی خانەقاکەیەتی بۆ تەواو کردنی خانقاکەشی داوای پارەی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە ١٢٥٠٠ قوروش لە داهاتی ئاوقافی بەغداد دابین کراوە، ١٢ رەجەب ١٢٧٦. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| AE. SMST. III. | 00106.08079 | 26 موحەررەم 1277 |

٢٦ موحەررەم ١٢٧٧
لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر لە گوندی کێڵگەی بیراباد یوسف بەگ و چەندی تر ٥٤٨٨ ئاقچە زەوی کشتوکاڵی هەیە، لە قەڵای هەولێریش ئەبوبەکر ئەفەندی کە خەریکی ووتنەوەی زانست و زانیاریە بۆ قوتابیان، لەلایەن ناوبراوەوە بۆ دەرهێنانی بژێوی ژیانی خۆی سەرپەرشتی ئەو زەوییە کشتوکاڵیەی دەکرد، ئێستا بەهۆی مردنیەوە، زەوییەکە بەبێ خاوەن ماوەتەوە، مەلا عوسمانیش خاوەن زانستە و جێگای رێزە، شایستەی ئەوەیە ئەو زەوییەی پێ بدرێت و سەرپەرشتی بکات، لە سەرەتای مانگی شەوال ساڵی ١١٧٦ نوسراوەتەوە.




هەواڵنامەی کتێب

| 7 شەوال 1277 | 00470.031534 | I.DH. |
| --- | --- | --- |

بە پێی داواکاری نەزارەتی دارایی جەلیلە بەپێی ئەو راپۆرتەی پێشکەشی کراوە، لە ئەیالەتی شارەزوور قەزای هەولێر خانەدانی هەولێرە و مانگانە ١٩٥ قوروش مووچە وەردەگرێت، لە گوندی گردە رەشە پیرەبابی خاوەنداریەتی یەک لە دە (اعشار)ی سێ یەکی داهاتی (ثلث حصە اعشاری) دەکات، دوای ئەوەی عەبدوڵلا ئەفەندی کۆچی دوای کرد، ئەو داهاتە دیاریکراوە بۆ میری گەراوەتەوە، هەرچی مووچەکەشی ١٠٥ قوروش کورەکەی کە یەکێکە لە زاناکان سلێمان ئەفەندی و ئەوەی لە مووچەکەشی ماوەتەوە ٩٠ قوروشە دەدرێتە کورەکەی تری بەناوی عەبدولرەحیم، رەزامەندی لەسەر ئەوە دراوە، ٧ شەوال ١٢٧٧.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .A. MKT. MVL | 133.48 | 2 ڕەبیعی یەکەم 1278 |

- بابی عالی
بڕیاری دادوەری لە ئەنجوومەنی واڵا
ژمارە ٥٤٤

لـە ئەنجوومـەنی شـارەزوور بـە مێـژووی ٢٠ ڕەبیعـی یەکـەم ١٢٧٨ بـۆ ئەنجوومـەنی واڵا ڕۆیشـتووە، یـەک پارچـە داواکاری لـە ئەیالـەتی ناوبراو قـەزای هەولێـر هاتـووە بەڕێوەبـەری هەولێـر قەپوچـی بـاشی سـەلیم ئاغا بەهـۆی مردنیـەوە لـە شـوێنی ئـەو توفیـق ئاغا بـە وەکالـەت لـە بەڕێوەبەرایـەتی دەسـت بـەکار بێت، لەبـەر ئـەوەی گونجـاو نییـە بـۆ کارەکـەی، وا باشـترە بـۆ بەڕێوەبـەری قـەزای ناوبراو بـە مووچـەی مانگانەی ٣٠٠٠ هـەزار قـوروش هـەروەک چـۆن ئـەو بـڕە مووچەیـە هەمـوو بەڕێوەبـەری قـەزاکان وەریدەگـرن، بـە پلـەی بەڕێوەبـەری ئُسـتەبلی عامیـرە قائیمقامـی پێشـووی عەنتـاب خەلیـل ئاغا شـارەزا لـەم بـوارە بـەم مووچەیـەی کـە بـۆی دیـاری کـراوە، وەکـو بەڕێوەبـەری قـەزای ناوبـراو دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نووسراو چۆتـە خەزینـە، بـۆ نـەزارەتی داراییـش ڕۆیشـتووە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ٢ ڕەبیعـی یەکـەم ١٢٧٨.

- بۆ سەدارەت
بەڕێوەبـەری قـەزای هەولێـر سـەر بـە ئەیالـەتی شـارەزوور قەپوچـی بـاشی سـەلیم ئاغا پێنـج ڕۆژە بـە مردنی خـۆی مـردووە، بـە داواکاری داواکـراوە لـە شـوێنی ئـەو کەسـێکی گونجـاو و خـاوەن خویەکـی هۆزگەرایـەتی بـۆ ئـەم شـوێنە بنێـرن، بەمـەش توفیـق ئاغا بە نیـوە مووچـەی پلـەی بەڕێوەبـەر بـە وەکالـەت دابمەزرێـن، لـە ئەنجوومـەن جێگیـری بکـەن، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٣ سـەفەر ١٢٧٨.



هەواڵنامەی کتێب


هەوالنامەی کتێب

| A. MKT. NZO. | 379.39 | 15 جەمادی یەکەم 1278 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لـە ئەیالـەتی شـارەزوور قەزایـەکانی کەرکـووک و کـۆی سـانجەق و هەولێـر، هەژمـاری سـاڵی ٧٦ رسـوماتی ژمـارەی مەروماڵاتـەکانی ٧ یـوک، ٧٩٠٠٠ و چەنـد قوروشـێکە، هەروەهـا لـە قـەزای کەرکووک عەشیرەتەکانی عوبەیـد و ئەبـو موفـرەج و عەزیـر رسـوماتی ژمـاری مەروماڵاتیـان هێشـتا بـە شـێوەیەک بەدەسـت هێنـاوە دیـار نییـە، لـە ئەیالـەتی ناوبـراو لەلایـەن قائیمقامـەوە یـەک پارچـە نـووسراو نێـردراوە.



هەولێرنامەی کتێب

| A. MKT. UM. | 00571.00013 | 6 زیلحیجه 1278 |
| --- | --- | --- |
| بۆ جەنابی والی بەغداد<br>لەلایەن خەنجەگول کوری سەرکیز داواکاریەکی پێشکەش بە بەرێوەبەری قەزای هەولێر سەید ئاغا کردووە، کە پێویستە ٢٠٣٥٠ قوروش رادەستی داواکار بکات. | | |



| 20 رەبیعی یەکەم 1278 | 759.51 | A. MKT. MVL. |
|---|---|---|

بڕیارنامە ١٤٨
لە مێژووی ٢٠ رەبیعی یەکەم ١٢٧٨ لە ئەنجوومەنی شارەزوور هاتووە و بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە، یەک داواکاری لە ئەیالەتی ناوبراو بەڕێوەبەری قەزای هەولێر، قەپوچی باشی سەلیم ئاغا بەهۆی مردنیەوە، لە شوێنی ئەو بە وەکالەت تۆفیق ئاغا وەکو بەڕێوەبەر دادەمەزرێت، هەر چەندە رەزامەندی لەسەر دراوە، لە قەزای ناوبراو مووچەی بەڕێوەبەر ٣٠٠٠ قوروشە، بەڵام بەهۆی نەگونجانی ناوبراو بۆ ئەو پلەیە، لە بەڕێوەبەرایەتی قەزای ناوبراو، قائیمقامی پێشووی عەنتاب خەلیل ئاغا لە پلەی بەڕێوەبەری تەوێلەی پاشا بە مووچەی دیاری کراو لە قەزای ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتیەکە دامەزرێت، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو لە خەزینە جێبەجێ کراوە و نێردراوەتە نەزارەتی دارایی، ئەمر و فەرمان.

عەرەبستان ١٤
بەهۆی مردنی بەڕێوەبەری قەزای هەولێر سەلیم ئاغا لە شوێنی ئەو خەلیل ئاغا، داواکاری دامەزراندن.



| | | |
|---|---|---|
| A. MKT. MHM. | 276.64 | 29 رەبیعی یەکەم 1280 |

بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە گوندی عەنکاوە سەر بە قەزای هەولێر پێشەکی ۱۱۰۰۰۰ قوروش لەسەر خەڵکەکەی سەپێنراوە و بریاری لەسەر دراوە، کە کارێزێک و دوو ئاش موڵکی میریە، لەلایەن میرییەوە دراوەتە خەڵکەکەی بە زیادەی ۱۵۰۰۰ قوروش، بۆ ئەم مەبەستە ئەم نووسراوەی لەلایەن والی بەغدادەوە هاتووە لەگەڵ داواکاری بەیەکەوە نێردراوە.





هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| MVL. | 528.9 | 14 زيلقەعدە 1283 |

- بۆ والی بەغداد
لە زاناکانی هەولێر داود ئەفەندی لەبەر خراپی بژێوی ژیانی داوای میهرەبانی پاشا دەکرێت، بە داواکاریەکەوە داوای برینەوەی مووچەیەک دەکات.

- لە هاوپێچەکانی بەغداد زەکات و سەر فترەی گوندەکانی قەزای هەولێر ئاماژەی پێکراوە گردعازەبان، دوغان، کارینچ قورشاغلو، دووسەرە، قول تەپە، قەلانجوغ، خەرابە دراو، گازنە، پیرزین، گردە چاڵ، یەدی قزلەر، ماستاوە
ئەو داواکارە لە زاناکانە، دوای ئەوەی زانستی شەریفی تەواو کرد، دواتر خەریکی ووتنەوەی وانە بووە، هیچ قازانجێکمان نەکردووە، بارودۆخمان پەرێشانە، ئێستا هیچ مووچە و داهاتمان نییە، بۆیە داوای میهرەبانی سەروو دەکەین، بۆ رەزامەندی خوا و پێغەمبەر هەم سەدەقەی پاشاکانمان بێت، لەلایەن دانیشتوانی ئەو گوندانە ساڵانە زەکات و سەر فترە کۆ دەکرێتەوە، لە ئەنجوومەن بە بوونی بەرائەتەوە بریار بدرێت پارەکەی بۆ خەرج بکرێت، تا بەردەوام بێت لە وانە ووتنەوە، خوا لە هەردوو دونیا بتانپارێزێت، هەر چەندە داهاتی هەموو گوندەکان بە کۆکراییەوە ناکاتە بیست یوک بەڵام لە نەبوونی باشترە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
خادمی شەریفی رەسوڵوڵڵا داود مودەریسی هەولێری



هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| I.MVL. | 00564.025341 | 21 جەمادی یەکەم 1283 |

- لـە خانەدانـەکانی قـەزای هەولێـر و شـێخی تەریقـەتی قادریـە سـەید سـەنعەتوڵڵا ئەفەنـدی بەهـۆی مردنیـەوە سـاڵانە ١٥ عولبـە گەنـم کـە بـۆی تەرخـان کرابـوو، نیـوەی بـۆ خزینـە و نیوەکـەی تـری دوو عولبە و نیـو بـۆ محەمـەد ئەفەنـدی کـە کوێـرە و پێنـج عولبـەش بـە شـێوەیەکی یەکسـان بـۆ نەوەکـەی سـەید عەبدولعەزیـز و ژنـەکانی تەرخـان بکرێـت، لـە ئەنجومـەنی بەغـداد رێکخـراوە لەگـەڵ راپـۆرت و بەرائـەتی شـەریف جێبەجـێ دەکرێـت، ٢١ جەمـادی یەکـەم ١٢٨٣.

- موفتـی قـەزای هەولێـر ئیبراهیـم ئەفەنـدی بـە هـۆی مردنیـەوە، کـە مانگانـە ٣٢٢ قـوروش مووچـەی وەرگرتـووە، نیـوەی بـۆ خەزینـە دەگەڕێتـەوە و نیوەکـەی تریـش بـۆ کـوڕەکانی ئەحمـەد ئەفەنـدی و عەبدولقـادر ئەفەنـدی و سـاڵح ئەفەنـدی تەرخـان دەکرێـت، لـە ئەنجوومـەنی گـەورەی بەغداد رێکخـراوە و داواکاری و بەرائـەتی هەیـە، ٢١ جەمـادی یەکـەم ١٢٨٣.

- لـە قـەزای هەولێـر نەقیبـی خانەقـای خالیدیـە داود ئەفەنـدی بەهـۆی مردنیـەوە، کە مانگانـە ١١٠ قوروش مووچـەی بـۆ برابـووەوە، حـەوت عولبـە و نیـو گەنمـی وەردەگـرت، نیـوەی دەگەڕێتـەوە خەزینـە و نیوەکەی تریـش بـۆ کـوڕەکانی سـلێمان و مسـتەفا و محەمـەد توفیق و ژنـەکانی خەدیجە و عائیشـە تەرخـان دەکرێـت، لـەم بارەیـەوە لـە ئەنجومەنی گـەورەی بەغداد رێکخـراوە و لەگـەڵ داواکاری و بەرائەتەکانیـان جێبەجێکراوە، ٢١ جەمادی یەکـەم ١٢٨٣.



مقام صدارت عظمایه

İ. MVL 564/25341

9

هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب



هەولێرنامەی کتێب

| A. MKT. MHM | 426.19 | 24 رەجەب 1285 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی نافیعە<br>خەرجی تەلەگرافخانە و تێل و پێداویستی لە لایەن دانیشتووانەوە دراوە، لەسەر ئەوە هێڵی بەڕێوەبەرایەتی هەولێر دابین کراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە والی ویلایەتی بەغداد نوسراو نێردراوە، لەگەڵ نووسراوی داواکاری بەیەکەوە نێردراوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .A. MKT. MHM | 431.53 | 27 رەمەزان 1285 |

بۆ ویلایەتی بەغداد و نەزارەتی دارایی
بـە مەبەسـتی راکێشـانی هێـلی تەلەگـراف بـۆ قائیمقامیەتـەکانی سـلێمانیە و روانـدز و بەڕێوەبەراپـەتی هەولێـر بـۆ هـەر یەکـە نـووسراو بـۆ ویلایـەتی بەغـداد نێـردراوە، لەوێشـەوە ڕەوانـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، بـۆ هێـلی هەولێـر و لەگـەڵ ئـەوانی تـر نرخـی خەرجـی تێچـووی دروسـت کـردنی تەلەگرافنامەکـە لەلایـەن خەڵکـی ناوچەکـە دەدرێـت، بـۆ هێڵـی سـلێمانیە و روانـدز تێل و پێداویسـتی لـە ئەوروپـاوە دێت، نرخەکـەی ٣٠٧٥٠ فرانکـە هەرچـی ٨٥٠٠ قوروشـیش بـۆ مووچـەی مانگانـەی فەرمانبەرەکانیـەتی، هەرچـی هەولێـرە ئـەوا کەلوپەلەکـەی وەکـو ئەویـان نرخەکـەی ١٢١٥٧ فرانکـە و لەگـەڵ ٢٥ سـانتیم، مانگانـەش ٩٦٦ قـوروش مووچـەی فەرمانبـەرەکانی دەبێـت، ئەویـش لـە داهـاتی تەلەگـراف دەبێـت، جگـە لـەوەش خەرجـی هێـلی هەولێـر و تەلەگرافخانەکـە بونیـاد بنرێـت و لـە لایـەن دەوڵەمەنـد و بازرگانـەکان بدرێـت و بـەشی خەڵکـە هەژارەکـەش بـدەن. خەرجـی تەلەگرافخانـەی سـلێمانیە و روانـدز و هێڵەکەشی لەلایـەن دەوڵەمەند و بازرگانـەکان لـە ڕێگـەی پـارەی سـەدەقە بدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە داواکاری بـۆ خەزینـە بنێردرێـت و جێبەجـێ بکرێـت. هەروهـا نـەزارەتی داراییـش ئـاگادار بکرێتـەوە.


مالیه نظارت جلیله سنه

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.MHM
437 | 86

<table>
<tr><td>A. MKT. MHM.</td><td>00437.00086</td><td>24 زیلحیجه 1285</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی<br>قـەزای دیـرە کـە سـەر بـە قائیمقامیـەتی روانـدز بـوو، بەسـترایەوە بـە قـەزای هەولێـر، لەوێـش قائیمقامیەت دامـەزراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراو بـۆ ویلایەتی بەغـداد نێـردراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT. MHM.</td><td>440.16</td><td>16 زیلحیجە 1285</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی<br>لە زاناکانی هەولێر ئیلیاس ئەفەندی بەهۆی مردنیەوە، ٧٥ قوروش مووچەکەی ماوەتەوە، داواکراوە بدرێتە کوڕەکانی، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو لەگەڵ داواکاری بەیەکەوە بۆ ویلایەتی بەغداد نێردراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 00590.041065 | 8 موحەررەم 1286 |
|---|---|---|
| لە ئەیالەتی شارەزوور قەسەبەی هەولێر ئەحمەد ئەفەندي زانا و بە توانا، ئەمجارە ناوەکانی خو (اسما الحسنە)ی شی کردۆتەوە، خۆشی کەسێکە بەرامبەر بە دەوڵەت تا بڵێی دەروون پاکە، بۆیە مانگانە ١٠٠ قوروش مووچەی بۆ بریتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو ڕەوانەی نەزارەتی دارایی جەلیلە کراوە، لە ٨ موحەررەم ١٢٨٦. | | |


هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>00706.049424</td><td>19 رەجەب 1292</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە پەراوێزی قەسەبەی هەولێر لە خزمەت مزگەوتی گەورە (جامع کبیر) بە ناوی مەلا شێخ بە بەرائەتی عالی بەرامبەر بە خزمەتەکانی ساڵانە گەنمی بۆ دابینکراوە، بەڵام دوای مردنی ئەو برە گەنمە ماوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بدرێتە عەبدولرەحمانی کوڕی، لە نەزارەتی دارایی راپۆرت نێردراوە، ئێستا لەسەر فەرمانی هۆمایۆن ماوەتەوە، کە ئەو کاتەی رازی بوو جێبەجێ دەکرێت، ١٩ رەجەب ١٢٩٢.</td></tr>
</table>




هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .I.SD | 00035.001745 | 10 جەمادی یەکەم 1294 |

- لە نەزارەتی دارایی جەلیلە ١٢ جەمادی یەکەم ١٢٩٤ بۆ شورای دەوڵەت نێردراوە، بە راپۆتی ژمارە ١٢٨ لە مێژووی ١٠ جەمادی یەکەم ١٢٩٤ دەفتەری دەرخستن لە فەرمانگەی دارایی ئامادە کراوە. لە هەولێر سەر بە ویلایەتی بەغداد تەلەگراف و پۆستەخانە وێران بووە، هەندێک شوێنی پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە، بە پێی ئەو دەرخستەی کە بۆی کراوە، بۆ نۆژەنکردنەوەی ٢٩٩٥ قورووشی پێویستە، ئەم برە خەرجیەی کە پێویستیشە بە داواکاریەک رەوانە کراوە، هەروەها نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف لە موازەنەی ١٢٩٣ دیاری کردووە، ئەو جۆرە نۆژەن کردنەوەیە پێویستی بە ١٢٠٠٠ قورووش هەیە، نابێ لە ٢٩٤٥ قورووش و نیو زیاتر بێت، بەم مەرجەی کە نابێ لەم برە پارەیە زیاتر خەرج بکرێت ئینجا نۆژەن بکرێتەوە، بەم مەرجەش دەفتەری دەرخستن رەوانەی خەزینە کراوە، لە ٢٥ جەمادی یەکەم ١٢٩٤.

- دەفتەری دەرخستنی دووەمی پۆستە و تەلەگرافی هەولێر
پارەکە ٢٩٩٥
پۆستە و تەلەگراف خانەی هەولێر بنمیچ و هەندێک لە شوێنەکانی تری پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە، بە پێی وەڵامی ژمارە ٢٠٠ لە مێژووی ٩ ئەیلول ١٢٩٢ بە پێی زانیاری فەرمانگەی شارەوانی و بەرپرسی بیناسازی ٢٩٩٥ و نیو قورووش خەرجیەکەیەتی، پێویستە بە خێرایی نۆژەن بکرێتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمانی لە دەستە، لە ١٩ رەمەزان ١٢٩٢.



هەولێرنامەی کتێب

1. ŞD. 35/1745

2




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 00793.064346 | 15 زیلقەعدە 1296 |
|---|---|---|

قائیمقامی هەولێر بە وەکالەت حاجی بەکر ئاغا خوێندنەوە و نووسین نازانێت، هەروەها قائیمقامی قەزای خۆراسان مەهدی ئەفەندی بەهۆی رێک نەکەوتنی لەگەڵ هەندێک خەڵک، ئەوی تر بەکر ئاغا لە ئەرکی تر خزمەتی نەکردووە، لە قائیمقامییەتی هەولێر دووربخرێتەوە و لە شوێنی ئەو قائیمقامی خۆراسان مەهدی، لە شوێنی قائیمقامی خۆراسانیش قائیمقامی پێشووی عەقرە حەسەن رەزا ئەفەندی دابنرێن، هەروەها نووسراوی حەسەن رەزا ئەفەندی بۆ پشت راست کردنەوە نێردراوەتە ویلایەتی بەغداد، بە مێژووی ٢٩ شەعبان ساڵی ١٢٩٤ ژمارە ٢٦ لە دەفتەری نووسین (دفتر تحریر) خوێندراوەتەوە و سەیر کراوە، لە بارەی گواستنەوەی مەهدی ئەفەندی بۆ هەولێر خەڵکەکەی لە دژی وەستاون، هەرچی حەسەن رەزا ئەفەندی بەهۆی سەنگینییەوە لە رووی خزمەتی پێشووی یەک رۆژ هیچ ناگونجاوییەکی نەبووە، لە ئەنجوومەنی کارگێری نووسراوی پشت راست کراوەتەوە، مەهدی ئەفەندی بۆ هەولێر و قائیمقامی پێشووی عەقرە حەسەن رەزا ئەفەندنی بۆ قائیمقامی قەزای خۆراسان گونجاوە و نووسراو پێشکەشکراوە، لە نەزارەتی جەلیلەش فەرمان دەرکراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١٥ زیلقەعدە ١٢٩٦ و ١٨ تشرینی یەکەم ١٢٩٥.

مۆر یورغاکی ولد اوستویان / محەمەد ئەمین / ئەحمەد حیلمی / ئەحمەد جەلال


I.DH 844/67794

هەوالنامەی کتێب

| I.DH | 00844.067794 | 27 موحەڕرەم 1299 |
| --- | --- | --- |

قائیمقامی قەزای هەولێر مەهدی ئەفەندی لەبەر جموجوڵی خراپ و ڕەفتاری بەدی، بردراوەتە دادگا و لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لە شوێنی ئەو قائیمقامی قەزای سەڵاحییە ڕەشید ئەفەندی و بۆ سەڵاحییەش قائیمقامی پێشووی قەزای دیوانییە عەبدولعەزیز ئەفەندی دامەزراوە، کاغەزی عەبدولعەزیز ئەفەندی پشت ڕاست کراوەتەوە و بۆ قۆمیسیونی ویلایەتی موسڵ نێردراوە، لە بریارنامەی ٢٨ زیلقەعدە ساڵی ١٢٩٨ گرنگییەکەی ڕوون کراوەتەوە، لەگەڵ مووچەکانیان پشت ڕاست کراوەتەوە، هەروەها نووسراوی مەهدی ئەفەندی ڕوون کراوەتەوە ئەنجامی دادگاش نێردراوەتە ژمێریاری ناوەخۆ، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٧ موحەڕرەم ١٢٩٩ و ٧ کانوونی یەکەم ١٢٩٧.
محەمەد ئەمین / ئەحمەد جەلال / یوزغاکی ئەفەندی





هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ŞD. | 2461.20 | 27 زیلحیجه 1299 |

- ١٦ موحەررەم ١٣٠٠
لەبەر دزین قائیمقامی قەزای هەولێر پەلکێشی دادگا کراوە، لەگەڵ هەندێک لە فەرمانبەرانی دە یەک (عشریە)، پێویست دەکات دەستەی تاوانبارکردن (هیئة اتهامیە) بریار بدات.

- لەبەر ئەوەی دە یەک (عشریە)یان دزیوە، قائیمقامی قەزای هەولێر برداوەتە دادگا. هەندێک لە فەرمانبەرانیشی ووتەیان لێ وەرگیراوە، بۆ ئەم مەبەستە تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ نووسراوە، لە ٢٧ زیلحیجە ١٢٩٩ و ٢٨ تشرینی یەکەم ١٢٩٨.

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
قائیمقامی قەزای هەولێر لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی دە یەک (عشریە) بەهۆی دزینی دە یەکی داهات بۆ دادگا بردراون، پێویستە کاغەزەکانیان بردرێتە دەستەی تاوانبارکردن (هیئة اتهامیە)، بەڵام لەبەر ئەوەی لە قەزاکان دەستەی تاوانبارکردن (هیئة اتهامیە) نییە، بۆیە فەرمانگەی ویلایەت سێ لە ئەندامەکانی بۆ دامەزراندنی دەستەی تاوانبارکردن (هیئة اتهامیە) دابین بکات، یاخود بە شێوەیەکی تر رێک بخرێت، ٢٦ تشرینی یەکەم ١٢٩٨.
والی ویلایەتی موسڵ/ تەحسین



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| I.SD. | 00073.004303 | 9 جەمادی یەکەم 1302 |
|---|---|---|
| تەلەگراف خانەی هەولێر وێران بووە، پێویستی بە ١٧٩٠ قوروشە تا نۆژەن بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو دراوەتە نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف ئەویش ناردوویەتی بۆ فەرمانگەی شورای دەوڵەت، لە ٩ جەمادی یەکەم ١٣٠٢. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ŞD. | 867.19 | 3 رەبیعی کۆتایی 1302 |

نەزارەتی سندوقی خانەنشینی
ژمارە ١٢٠٧
چاوشی تەلەگرافنامەی هەولێر مستەفا ئاغا مردووە، خێزانەکەی ئەسما خانم بۆ خۆی و کچەکەی حەمدییە خانم و کوڕەکەی عزەت ئەفەندی داوای مووچە دەکات، لەگەڵ ئەو داواکارییەی پێشکەشی نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە، خشتەی خزمەت و نووسراوی تایبەت بەم مەسەلەیە لە ژمێریاری ڕێکخراوە و ووردبینی بۆ کراوە.

لە نووسراوی ناوبراو مێژووی کارەکانی و بری مووچەکەی تا ساڵی ١٣٠٠ لە ساڵی مردنی دیاری کراوە، بە پێی ماددەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ دوای بەرزکردنەوە و نزمکردنەوە، ئەوەی ماوەتەوە ٩٠ قوروشە، ئەمەشیان بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان ناوبراوان دابەش دەکرێت، کە هەر یەکەیان ٣٠ قوروشی بەردەکەوێت، بە پێی ماددەی ٣٥ بۆ مامەڵەکردنەکە لە سندوق ئاگادار کراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٣ رەبیعی کۆتایی ١٣٠٢ و ٨ کانوونی دووەم ١٣٠٠.



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>00944.074743</td><td>20 جەمادی یەکەم 1302</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە قەزای هەولێر سەر بە سەنجاقی شارەزوور میوانخانەی حکوومەت ژووری پۆلیسەکان رووخاوە، ئەوانی تریش خەریکی رووخانن، بەپێی دەرخستنی میوانخانە، بۆ چاککردنەوە ١٩٣٠٠ قوروشی پێویستە، بۆیە بریارنامە رەوانەی ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ کراوە، لەوێشەوە نێردراوەتە نەزارەتی ژمێریاری، بەپێی وەڵامی سەر عەسکەریش رەزامەندی دراوە لەسەر چاک کردنەوەی، ئەو پارەیەش لە ژاندارمەی گشتی و دەرماڵەی پۆلیس لە موازەنەی ساڵی ٣٠٠ پارەکە خەرج بکرێت، لە ٢٠ جەمادی یەکەم ساڵی ١٣٠٢ و ٢٣ شوبات ١٣٠٠.</td></tr>
</table>


مالیه نظارت جلیله سنه

محاسبه قلمی

هەوالەی کتێب

| 1 رەبیعی یەکەم 1303 | 00980.077416 | I.DH. |
|---|---|---|

لە قەڵەمی ژمێریاری بۆ نەزارەتی دارایی
بۆ قەسەبەکانی دهۆک و سەلاحییە و هەولێر لەگەڵ ناحییەکانی مزوری و حەوت عەشیرەتەکان بۆ هەر یەکە نووسەرێکی باج دامەزرێت، بۆ ئەمەش نووسراو بۆ ویلایەتی موسڵ لە ٦ تشرینی دووەم ساڵی ١٣٠١ بە تەلەگرافنامە نێردراوە، هەروەها قەسەبە و ناحییەکان ساڵانە هەر یەکە ٣٠٠ قوروش مووچە پێیان بدرێت، لە ئەم ساڵەوە مووچەکانیان بۆ هەژمار دەکرێت، کە لە بوودجەی ساڵی ١٣٠١ پێ دەدرێت، ساڵانی دواتریش بەپێی موازەنەی ساڵانی داهاتوو عەلاوەیان بۆ دەکرێت تا پارەکانیان خەرج بکرێت، ئەمەش بەپێی بریاری ئەنجومەنی کارگێری لە ژمێریاری بریاری لەسەر دراوە، لە ١ رەبیعی یەکەم ساڵی ١٣٠٣ لە ٢٦ کانوونی یەکەم ١٣٠١.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 1365.93 | 17 زیلحیجه 1303 |

بۆ سەدارەت پەناهی
١٧ زیلحیجە ١٣٠٣
٤ ئەیلوول ١٣٠٢
ماوەیەکە لە سنوور عەشیرەتی هەمەوەند و جاف دەستیان بە کاری بەد و دەستدرێژی کردووە، هەروەها بۆ ووریاکردنەوەی ئەوانە تا ئێستا سەرباز نەهاتووە، بە مەبەستی کۆچ پێکردنیان بۆ شوێنی تر پێویستە هەرچی زووە هێزێکی سەربازی بێت، ئەو تەلەگرافنامانەی لە ویلایەتی موسڵ و ویلایەتی شارەزوور و سلێمانی بە مێژووی جیاواز وەرگیراوە، بە پێی هەندێک ووتە ئەمجارە لەگەڵ ویلایەتی موسڵ موتەسەرفی سلێمانیە و شارەزوور چەند پارچە تەلەگرافنامە هاتووە، لەسەر قسەی خدێوی لە سەر چاودێرانی سەروو لە تەلەگرافەکانیان دواکەوتنی هێزی سەربازی بۆتە هۆکاری ئەوەی چەتەکان بەرەو لای هەولێر بڕۆن و ئاسایشی ناوچەکە تێک بدەن، بۆیە بە ناچاری ئەو پۆلیسانەی کە لە بنکە بوونیان هەیە، ناردراونەتە لای هەولێر لەوێ ١٠ کەس لە چەتەکان دەستگیر کراون و بۆ چەتەکانی لای کەرکووکیش ٦ بلۆک لە رژێمی سوارە رۆیشتووە، ژمارەی چەتەکانیش ٣٠ کەس بووە، کە جگە لە چەتەیەک لە سەربازانی شاهانە ٣ کەس بریندار بوونە و ئاژەڵیش لەناوچوون، بەداخەوە ئاوا نووسراوە، لە تەلەگرافنامەکانی موتەسەرفەکانی شارەزوور و سلێمانیە بۆ ویلایەت نێردراوە، نزیکەی ١٠٠ هەمەوەند هێشتا لە ئێران لەسەر ئەم کارانە بەردەوامن بە پێی تەلەگرافی شارەزوور پێویستە سەربازی شاهانە وانەیەک بەم چەتانە بدات.



هەواڵنامەی کتێب



| | | |
|---|---|---|
| MV. | 17.26 | 26 جەمادی یەکەم 1304 |

پوختەی دارایی
لە هەمەوەندەکان چەکیان رادەست کردۆتەوە، سەرۆک و لایەنگرانیان بە پێی ئاماژەی پێشووی پاشا رەزامەندی لەسەر لیخۆشبوونیان دەرچووە، لە بارەی گواستنەوەی خێزان و منداڵەکانیان کە لە ئێران ماوەتەوە، لەسەر نیشتەجێ کردنی خێزانەکانیان هەندێک لێکۆڵینەوە کراوە و لە ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ٢ شوبات ١٣٠٢ بە درێژی تەلەگرافنامە هاتووە.

بریار
لە تەلەگرافنامەکەی پوختەی دارایی لە سەرۆکە ناودارەکانی هەمەوەند و هەندێک لە خزمەتکارەکانیان و لایەنگرانیان پێشەکی دەکرێ لە پۆستی پۆلیس دابنرێن و بەم شێوەیە بنێردرێنە شوێنە دوورەکانی سنوور، هەروەها خێزان و منداڵەکانیان بگوازرێنەوە ئەو شوێنانە کە بۆیان دەست نیشان دەکرێت، لەوێ نیشتەجێ بکرێن، لە قەزای هەولێر لە سەر زەوییە خاڵیەکان نیشتەجێ بکرێن، هەروەها دیاری کراوە ئەم شوێنە گونجاوە بۆ نیشتەجێ کردنیان، هەروەها رەزامەندی لەسەر دراوە، جگە لەوەش سەرۆکەکان و لایەنگرانیان لە ویلایەتەکانی موسڵ و دیاربەکر بە شێوەی جیاکردنەوە لە خزمەتی پۆستی پۆلیسیدا دابنرێن بەکاربهێنرێن، بۆ ئەم کارەش لە ویلایەتی ناوبراو و ویلایەتی دیاربەکر ئاگادار کراونەتەوە و نووسراوی پاشا بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە.

هەولێرنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| 30 جەمادی یەکەم 1304 | 493.53 | A.MKT.UM. |
|---|---|---|

بابی عالی
ئەنجوومەنی تایبەت
لە مێژووی ٢٦ جەمادی یەکەم ١٣٠٤ وێنەیەکی بریارنامەکەیە
هەمەوەندییەکان چەکیان رادەست کردۆتەوە، سەرکردەکانیان بە ئاماژەی فەرمی پێشوو، داواکردنەکەیان قەبوڵ کراوە، کە ئەو منداڵ و خێزانانەی لە ئێران ماوەتەوە، لەگەڵ خۆیانیان ببەن، بەکەفالەت رەزامەندی دراوە، لە بارەی نێشتەجێ کردن و جێگیرکردنیان لەسەر هەندێک تێبینی لە ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ٢ شوبات ١٣٠٢ بە تەلەگرافنامە هاتووە، بە پێی تەلەگرافنامەکە سەرۆکی ناوداری هەمەوەندییەکان لەگەڵ هەندێک لە خزمەتکارەکانی بێنە ناو ئەرکی ئەفسەرایەتیەوە، بەم شێوەیە بهێنرێنە گەرەکە دوورەکانی سنوور منداڵ و خێزانەکانیشیان بهێننە ئەو گەرەکانەی کە تێدا نیشتەجێ دەبن و لەوێ نیشتەجێ بکرێن، ئەوانی تریش لە قەزای هەولێر لە زەوییە خالیەکان نیشتەجێ بکرێن، کەچی سەرۆک و خزمەتکارەکان و لایەنگرانیان لە ویلایەتی موسڵ و دیاربەکر بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو نیشتەجێ بکرێن، بۆ ئەم مەبەستەش ولایەتەکانی دیاربەکر و موسڵ لە رێگەی نەزارەتی ناوەخۆ بە نووسراوی پاشا ئاگادارکراونەتەوە.

| I.DH. | 01024.080775 | 21 جەمادی یەکەم 1304 |
| --- | --- | --- |

- بابی عالی
تۆماری شارستانی قۆمیسیۆن
عەبدوڵلا ئەفەندی لە خانەدانی رەواندز کوڕی بەکر بەگە.
ساڵی ١٢٥٨ مانگی شەوال لە رواندز لە دایک بووە
لە مەکتەبی سبیان وانەکانی عەرەبی و فارسی و زمانی تورکی خوێندووە، توانای نووسین و خوێندنەوەی لەم زمانانە هەیە.
لە مێژووی ١٢٨٠ لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا لە دەستەی موتەسەرفی قەزای رواندز لە ئەندامێتی ئەنجومەنی گەورە دامەزراوە، لە ساڵی ١٢٨٥ مانگی موحەررەم رۆژی ٢٠، بە مووچەی ٧٥٠ قوروش لە ناحیەی باڵەک و لە ساڵی ١٢٨٨ زیلقەعدە رۆژی ٢، بە هەمان مووچەی دیاری کراو لە ناحیەی برادۆست و ١٢٩٤ لە مانگی شەعبان رۆژی ١٩ بە مووچەی ٩٠٠ قوروش لە ناحیەی دیرە حەریر بە بەرێوەبەر و ساڵی ١٢٩٧ مانگی زیلقەعدە رۆژی ١٧ بە مووچەی ١٢٥٠ قوروش لە قەزای رانیە وەکو قائیمقام و لە ساڵی ١٣٠٢ مانگی جەمادی یەکەم رۆژی ٢٦ بە مووچەی ١٧٥٠ قوروش گواستراوەتەوە بۆ قائیمقامیەتی قەزای هەولێر
لەم خزمەتانەی کە ئاماژەی پێکرا لە گواستنەوە و رادەستکردن و بەرزکردنەوەی پلە دوای واز هێنان لە کاتی کارکردنیدا نەچۆتە دادگا و تاوانبار نەکراوە، لە سەنجاقی شارەزوور کە موتەسەرف لەو تێبینیەی نووسیویەتی، لەلایەن ئەفەندی و والی موسڵ تەحسین پاشا خوێندراوەتەوە و پشت راست کراوەتەوە.
لە ناحیەکانی باڵەک و برادۆست و دیر حەریر وەکو بەرێوەبەر لە قەزای رانیە وەکو قائیمقام ئەو ماوەیە هیچ هەڵەیەکی نەبووە، ئەنجومەنی کارگێری ئەو ناوچانە و ئەنجومەنی کارگێری رواندز و ئەنجومەنی کارگێری قەزای رانیە، ئەو چوار نووسراوە ٣١ کانوونی یەکەم ١٢٨٧ و ١٣ ئۆغستۆس ١٢٩٣ و ١٥ تشرینی یەکەم ١٢٩٦ و ٢٦ مارت ١٣٠١ هاتۆتە ئەنجومەنی کارگێری قەزای هەولێر لەگەڵ وێنەی رەسەنی تۆماری گشتی، هاوشێوەن، لە ١٦ زیلحیجە ساڵی ١٣٠٣ و ٣ ئەیلوول ساڵی ١٣٠٢.

- بابی عالی
فەرمانگەی ناوەخۆ
لە کارگێری ناوەخۆی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەر نوسراو کراوە، لە سەنجەقی شارەزوور، قائیمقامی قەزای هەولێر رەشید ئەفەندی کۆچی دوای کردووە، لە شوێن ئەو قائیمقامی رانیە عەبدولڵا، بۆ قائیمقامی رانیەش محەمەد قائیمقامی عەقرە، بۆ عەقرەش قائیمقامی زاخۆ تاهر، بۆ قائیمقامی زاخۆ و سنجار مستەفا و سنجاریش قائیمقامی بازیان سدقی ئەفەندی بگوازرێنەوە و دابمەزرێن. لە ٢١ جەمادی یەکەم ١٣٠٤ و ٢ شوبات ١٣٠٢.
باش کاتیبی و ئەندام محەمەد داود
ئەندام ئیبراهیم سەید رەفعەت کوڕی حەسەن
ئەندام سەرویجن
ئەندام ئیسماعیل غالب کوڕی ئەدهەم
ئەندام محەمەد ئەمین
ئەندام رزا
سەرۆکی قۆمیسۆنی یەکێتی فەرمانبەران ئیسماعیل سەید کوڕی سەید کوڕی عەلی سەید یاوەر



ه

باب عالی

سجل احوال قومیسیونی

عدد
١٠
٤٠٧

عبدالله افندی    رواندز خاندانندن بکربکك محمد و بیدر

بیك ایکیوز الی سکز سنه‌سی شهر شوالنده رواندزده تولد ایتمشدر

صبیان مکتبنده مدرسده عربی وفارسی وترکجه اوقومشدر    مذکور لسانلر ایله اوقور یازار

بیك ایکیوز سکسان بر تاریخنده یکرمی اوچ یاشنده اولدیغی حالده فخری اولهرق اولوقت متصرفلق هیئتنده اداره اولنان رواندز قضاسی مجلس کبیری اعضالغنه تعیین اولنوب سکسان بش سنه‌سی محرمنك یکرمیسنده یدی یوز الی غروش معاش ایله بالك ناحیه‌سی وسکسان سکز سنه‌سی ذی القعده سنك ایکیسنده مقدار مذکور ایله برادوست ناحیه‌سی وطقسان درت سنه‌سی شعباننك اون طقوزنده طقوز یوز غروش معاشله دیره حریر ناحیه‌سی مدیرلکنه وطقسان یدی سنه‌سی ذی القعده سنك اون برنده بیك ایکیوز الی غروش معاش ایله رانیه قضاسی قائممقاملغنه و بیك اوچیوز ایکی سنه‌سی جمادی الاولی سنك یکرمی التیسنده بیك یدیوز اللی غروش معاش ایله ودویجه اربیل قضاسی قائممقاملغنه نقل ایدلمشدر

خدمات مذکوره‌ده نقل وتحویل وترقی صورتیله انفصال ایدرك دفتر معروضه‌سنده طولایی تحت محاکمه‌یه النمامش ومتهم اولمامشدر

شهرزور سنجاغی متصرفلغندن یازیلان ملاحظه‌ده افندی معنی الیهك ترجمه حالی منوطه معروضه وجهله اولدیغی و موصل والیسی سعادتلو تحسین پاشا حضرتلری طرفندن علاوه قلنان معروضه‌ده دخی اشبو وقوف مندرجاتنه معنی الیهك مأموریت حاضره‌سنه عائد افادات تصدیق اولنمشدر

برمنوال محرر معنی الیهك بولندیغی بالك و برادوست و دیره حریر ناحیه‌لری مدیرلکلری ایله رانیه قضاسی قائممقاملغی مدت اداره‌سنجه برگونه ذمت وابیسیکی اولدیغی مشعر نواحی مذکوره مجلس اداره لرندن تنظیم ورواندز قضاسی مجلس اداره‌سندن تذییل ایدیلان ٢١ کانون اول ٨٧ و ٢٧ اغستوس ٩٤ و ٥ ... ٩٦ تاریخلو اوچ ومزبور رانیه قضاسی مجلس اداره‌سندن اعطا اولنان ٢٦ مارت ٣٠٢ تاریخلو برکه جمعا درت قطعه مضبطه‌نك اربیل قضاسی مجلس اداره‌سندن مصدق صورتلری مربوطدر

اشبو صورت تقاضه‌ٔ سجل عمومیه مطابقدر ٢٦ ذی الحجه ٣٠٦ و ... ٣٠٤

A. DH 1024/80775

3



ه

باب عالی

دائرهٔ داخلیه

٥٨٦

شهرزور سنجاغی داخلنده کائن اربیل قضاسی قائممقامی رشید افندینك وقوع وفاتنه مبنی یرینه رانیه قائممقامی عبدالله ورانیه‌یه عقره قائممقامی محمد وعقره‌یه زاخو قائممقامی طاهر وزاخویه سنجار قائممقاملغنده بولنان مصطفی وسنجاره دخی بازیان قائممقامی صدقی افندیلرك نقل وتحویل مأموریتلریله بازیان قضاسی قائممقاملغنده بولنان عبدالله افندینك اربیل ... تقدیم اولنوب ...

قضالری قائممقاملقلرینه نقل وتحویل مأموریتلریله سالف الذکر بازیان قضاسی قائممقاملغنه ... تعیین ...

ورقه‌لری لفاً تقدیم وترتیب قلنمشدر ... ١١ جمادی الاولی ... و ... شباط ...

اعضادن

اعضادن

اعضادن

اعضادن

اعضادن

اعضادن




کتێبی هەواڵنامە

| .DH. MKT | 1375.64 | 6 سەفەر 1304 |
| --- | --- | --- |

بۆ سەدارەت پەناهی
٦ سەفەر ١٣٠٤
٢٢ تشرینی یەکەم ١٣٠٢
لە سەنجەقی زۆر قائیمقامی قەزای هەولێر رەشید ئەفەندی مردووە، لە شوێن ئەو قائیمقامی رانیە عەبدوڵلا و بۆ رانیەش قائیمقامی عەقرە محەمەد و بۆ عەقرەش قائیمقامی زاخۆ تاهیر و بۆ زاخۆش قائیمقامی سەنجار مستەفا، هەروەها لە شوێن ئەویش قائیمقامی بازیان سدقی ئەفەندی بگوازرێنەوە و بگۆردرێن، داواکراوەش جەدی بەگ بۆ قائیمقامی بازیان دابمەزرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH. MKT. | 1410.68 | 12 رەجەب 1304 |

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٢ رەجەب ١٣٠٤
٢٥ مارت ١٣٠٣
لە قەزای هەولێر سەر بە سەنجەقی شارەزوور قائیمقامی قەزای هەولێر رەشید ئەفەندی مردووە، لە شوێن ئەو قائیمقامی رانیە عەبدوڵلا هەروەها بۆ رانیە قائیمقامی عەقرە محەمەد و بۆ عەقرەش قائیمقامی زاخۆ تاهیر و بۆ زاخۆش قائمیقامی سەنجار مستەفا و هەرچی بۆ سنجار قائیمقامی بازیان سدقی ئەفەندی گواستنەوە و گۆرینەوەیان پێ بکرێت، هەرچی بۆ قائیمقامیەتی بازیانە لە پلە سێیە و بەرێوەبەری پێشووی پاشای کەنار دەریا عومەر مستەفا ئەفەندی لە بارەی دامەزراندنیەوە، بریاری قۆمیسیۆن و رەزامەندی سەدارەتپەناهی لەسەر دراوە، هەروەها قائیمقامیەتەکانی قەزاکانی هەولێر و زاخۆ و سنجار و بازیان مانگانە ١٧٠٥ قوروش مووچەی مانگانەیەتیان و هەرچی قەزاکانی رانیە و عەقرە ١٢٠٥ قوروش مووچەی مانگانەیەتیان، لەگەڵ دەست بەکاربوونیان مووچەکانیان بۆ خەرج دەکرێت، هەرچی بریارنامەی خانەنشینە ئەوا عەبدوڵلا ئەفەندی ئەو مووچەیەی هەیەتی کە ٥٠٠ قوروشە نیوەی مووچەکەی بۆ سندوقی خانەنشینی دەروات، لوتفی ئەفەندیش لەبەر بوونی خەرجی رێگا ٣١٦٠٢ قوروش لە پارەی ویلایەت رێک دەخرێت و دەخرێتە ناو خشتەی خەرجی و ناوبراو قائیمقامیەتی قەزای سنجار مستەفا ئەفەندی لە مێژووی ناوبراو رۆیشتنی لە نەزارەتی ژمێریاریە.


هەوالنامەی کتێب

| Y.PRK.DH. | 2.62.1 | 6 جەمادی کۆتایي 1305 |
|---|---|---|
| تەیار پاشا بۆ موتەسەرفی قەزای مونتەفیک باش نییە و گونجاو نییە، ماوەی ٣٠-٣٥ ساڵە مەهدی ئەفەندی کە قائیمقامی هەولێر و کەربەلا بووە، خزمەتی باشی کردووە و هیچ گرفتێکی نەبووە، ئەگەر بکرێت ناوبراو بکرێتە موتەسەرفی سەنجەقی مونتەفیک، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٦ جەمادی کۆتایی ١٣٠٥ و ٦ شوبات ١٣٠٣. | | |



هەوالنامەی کتێب

| MF.MKT. | 98.7 | 1 سەفەر 1305 |
|---|---|---|

لە مەرکەزی ویلایەت مامۆستای پلە یەک لە مەکتەبی روشدیە ئیبراهیم حەقی ئەفەندی لە ئەنجوومەنەکەمان بە بڕی ٨٠٠ قوروش مووچە لە ساڵی ٩٥ لە مەکتەبی ناوبراو وەکو مامۆستا بە پلە یەک بە بڕیاری نەزارەتی مەعارف دامەزراوە، کەچی لە ساڵی ٩٦ لە کاتی پێداچوونەوە مووچەکەی بۆ ٦٤٠ قوروش کەم بۆتەوە، هەروەها لەم یەک دوو ساڵەی دواییەدا بەهۆی گرانی تووشی تەنگانە و کێشە بووە، لەبەر ئەوەی ناوبراو وانەی زانست و زانیاری بە نەوەی ئەم وڵاتە دەڵێتەوە، هەروەها پیشەکەی وەکو عیبادەت وایە، پێویستە مامۆستای مەکتەبەکان لە رووی دەروونیەوە ئاسوود بن و بێ کێشە بن، هەروەها لەم شوێن و ناوچە دوورانە، مووچەی مامۆستای روشدیە بە تەواوەتی ٨٠٠ قوروشە، تەنانەت قەسەبەی هەولێر بە قەت گەرەکی موسڵ دەبێت، کە مامۆستای پلە یەکی ناوبراو لە مەکتەبی روشدیە لە کاتی دامەزراندنەکەی مووچەی ٧٥٠ قوروشی بۆ دابین کراوە، دانیشتوانی مەرکەزی ویلایەت نزیکەی ٣٤ هەزار دەبێت، بۆیە یەکسانی تێدا نییە، بڕی ٦٤٠ قوروش مووچە بۆ مامۆستای پلە یەکی مەکتەبی روشدیە بڕیتەوە، هەرچەندە لە رووی بژێوی ژیانیەوە تووشی کێشە و تەنگانە بووە، هەردەم بیر و مێشکی لەلای دابینکردنی بژێوی ژیانیشی نەبێت، ئەوا لە رووی پیشەوە پیشەکەی گرنگە، ئەوانەی وەکو ئەوون مووچەیان ٨٠٠ قوروشە، بۆ ئەم مەبەستە نەزارەتی مەعارفی جەلیلە ئاگادار کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١ سەفەر ١٣٠٥ و ٧ تشرینی یەکەم ١٣٠٣.



هەوالنامەی کتێب

| .Y.PRK.DH | 2.62.1 | 6 جەمادی کۆتایی 1305 |
|---|---|---|

تەلەگراف نامە

لە ٢١ کانوونی یەکەم ١٣٠٥ی بەرەبەیان، حەسەن ئەفەندی لە موسڵ، حاجی مستەفا ئەفەندی لە کەرکووک، عەلی بەگ لە سلێمانییە، ئەحمەد ئاغا لە هەولێر، ئەحمەد ئەفەندی لە رواندز، عەبدوڵلا ئاغا لە کۆی سەنجاق، حاجی محەمەد شەریف لە عەقرە، سەید حەسەن ئاغا لە سەلاَحییە، ئەوانە لە سەرۆکایەتی شارەوانی بوونیان هەیە، نمایش کرا لە ٢٣ کانوونی یەکەم ١٣٠٥.

والی موسڵ تاهیر



هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT | 1489.25 | 13 جەمادی کۆتایی 1305 |
|---|---|---|
| بۆ سەدارەتپەناهی<br>١٣ جەمادی کۆتایی ١٣٠٥<br>١٢ شوبات ١٣٠٣<br>دانیشتووی هەولێر سلێمان ئاغا لە بەرامبەر سەرباز بە ناوی کەریم چەکی نیشان داوە، لەبەر ئەوە لە دیوانی جەنگی ناوەخۆ ئەو سزایەی کە پێی دراوە، گونجاوە. | | |



هەواڵنامەی هەولێر

| | | |
|---|---|---|
| .Y.PRK.DH | 3.19 | 29 زیلقەعدە 1306 |

ژمارە ٣٨٧
لە موسڵ بۆ نەزارەتی تەندروستی دەرسەعادەت
لە موسڵەوە بۆ نەزارەتی تەندروستی دەرسەعادەت ئەو پزیشکە سەربازییەی رەوانی هەولێر کراوە، دەستی بە کارەکانی کردووە و لە لێکۆڵینەوەکانی دەست بە کار بووە، لە ٢٩ زیلقەعدە ١٣٠٦.





هەواڵنامەی کتێب

| Y. PRK. ASK. | 62.7 | 27 حوزەیران 1306 |
| --- | --- | --- |

- لە نەزارەتی تەندروستییەوە وێنەی ئەو تەلەگرافنامەیە کە هاتووە
ئـەم ئێوارەیـە پزیشـک عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی گەیشـتۆتە هەولێـر، هـەر چەنـدە راپۆرتەکـەشی هاتـووە، بـەڵام بـە پێـی ئـەو تەلەگرافنامەیـەی لە قائیمقامـی هەولێر بە دەسـتمان گەیشـتووە، دوێنێ ئێـوارە کاتژمێر ١٢ تـا ئەمـرۆ ئێـوارە کاتژمێـر ٢، بـە ژمـارە ٤٧ کـەس تـووشی کۆلێـرا بوونـە، لەوانـە ٢١ لەگـەڵ ئەوانـەی لـە رابـردوو تـووشی بـوون ٦ کـەس بـوون، بـە کۆکردنەوەیـان ٢٧ کـەس مـردوون، ٢٧ حوزەیـران ١٣٠٦.
والی موسڵ تاهیر

- وێنەی تەلەگرافی سەر عەسکەر
تـا ئێـوارەی رۆژی ٢٨ حوزەیـران لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـر لـە هەولێـر ٩ تووشـبوو، لەوانـە ٣ و لـە تووشـبووانی کۆنیـش ٨ دوای کۆکردنـەوە ١١ مـردوو هەیـە، لـە ٣٠ حوزەیـران ١٣٠٦.
موشیر تۆفیق

- وێنەی ئەو تەلەگرافەیە کە بۆ سەرۆکایەتی تەندروستی سەربازی نێردراوە
لـە هەولێـر ئـەم مانگـە بـە رومـی لـە رۆژی ٢٤ تـا ٢٩ رۆژی هەینـی تـا ئێـوارەی ئـەم رۆژە ١٠٧ کـەس تووشـبووە و ٧٣ تووشـبوو مـردوون، لـە هەولێـر پزیشـک عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی لەوێیە، ئەمـەش بە پێی ئـەو تەلەگرافەیـە کـە ناوبـراو ناردوویـەتی ٣٠ حوزەیـران ١٣٠٦.
سەرۆکی پزیشک ئیبراهیم

- دوێنـێ لـە هەولێـر ٤٧ تووشـبوو ٢٠ مـردوو تۆمارکـراوە، ئەمـەش لـە بەغـداد بـۆ سـەرۆکی بەرێوەبـەر نێـردراوە، ٢٨ حوزەیـران ١٣٠٦.


تلغراف نامه


تلغراف نامه

هەواڵنامەی کتێب



هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ŞD. | 888.18 | 4 موحەڕرەم 1306 |

فەرمانگەی خانەنشینی فەرمانبەر
ژمارە ٢٧٠٩
لـە ویلایـەتی بەغـداد لـە تەلەگـراف خانـەی هەولێـر، لەلایـەن ئەحمـەد ئاغا سـەبارەت بە خانەنشـین کردنی داواکاری نێردراوەتـە نـەزارەتی تەلەگـراف و پۆسـتە لەگـەڵ داواکاریەکـەی خشـتەی ماوەی خزمـەت و لەگەڵ هەواڵـدان بـە نـەزارەتی پزیشـکی لەگـەڵ ئەوانـەش کاغـەزەکانی لـە ژمێریـاری رێکخـراوە، هـەر هەمـووی ووردبینـی بـۆ کـراوە.
ناوبـراو بـە مێـژوو چەنـد مووچـەی وەرگرتـووە و مـاوەی خزمـەتی کـە ٢٤ سـاڵە، لەلایـەن نـەزارەتی پزیشـکی پشتراسـت کراوەتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەش ئەوەنـدە ناچـار نییـە خانەنشـین بێـت، هەروەهـا بـە ماددەی ٣٠ خانەنشـین نامـە بـە مووچەکـەی سـێیەکی واتـە ٤٧ قـوروش خانەنشـین دەکرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئەو کەسـەیە کـە فەرمان دەردەکات، لـە ٤ موحـەڕرەم ١٣٠٦ و ٢٠ ئۆغسـتۆس ١٣٠٤.




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH | 1097.86031 | 3 موحەررەم 1306 |
|---|---|---|
| قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا بەگ پلەی میری میرانی پێدراوە،ساڵی ٣ موحەررەم ١٣٠٦. | | |


یلدز سرای همایونی
باش کتابت دائره‌سی

معروضه چاکر کمینه‌لریدر که دردنجی رتبه‌دن نشان عالی عثمانی اعطاسی شرفصادر اولان اراده سنیه
موصل ولایتی داخلنده کائن اربیل قضاسی قائممقامی عبدالله بکه
حضرت خلافتپناهی اقتضای عالیسنه بولنمش اولمغله اوبابده و هر حالده امر و فرمان حضرت ولی الامرکدر. ١٦ رمضان ٣٠٦ و ٢٣ نیسان ٣٠٧

باش کاتب
ثریا

İ. DH 1178/92118

| .I.DH | 01178.092118 | 16 رەمەزان 1306 |
|---|---|---|

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
لە ویلایەتی موسڵ لە قەزای هەولێر قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لە پلەی چوار نیشانی عوسمانی پێدراوە، ساڵی ١٦ رەمەزان ١٣٠٦ و ٢٣ نیسان ١٣٠٦.



هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 1558.101 | 22 سەفەر 1306 |
|---|---|---|

بۆ عەبدولقادر کەمال پاشا موتەسەرفی سەرفیجە
٢٢ سەفەر ١٣٠٦
١٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٤
لە شارەزوور بۆ سەرفیجە خەرجی رێگای هاتووچۆ لە پارەی قەزای هەولێر وەرگیراوە، کە ٢١٧٠٧ قوروش و نیو بووە، لە ویلایەتی موسڵ تەلەگراف نامە بۆ نەزارەتی ژمێریاری کراوە، ئەو خەرجی رێگا دیاری کراوە، بە پێی یاسا ١٨٩٣٠ قوروش خەرج کراوە، لە ئەنجام ٢٧٧٧ قوروش و نیو ماوەتەوە، بڕی ئەو پارەیەش لە ژمێریاری نووسراوە.


باب عالی
دائرهٔ داخلیه

هەواڵنامەی کتێب

| 26 جەمادی یەکەم 1306 | 1588.84 | DH. MKT. |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی ناوەخۆ<br>تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی موسڵ<br>هـەواڵ هاتـووە لـە ١٣ کانـوونی یەکـەم ١٣٠٤ ئـەو هەمەوەندانـەی رایانکـردووە، روویـان کردۆتـە قـەزای هەولێـر، هیواداریـن هەمەوەنـدەکان دەسـتگیر بکریـن و رەوانـە شـوێنەکانیان بکرێـن.<br>نازری کاروباری ناوەخۆ | | |



| Y.PRK.DH. | 3.80 | 14 زیلحیجه 1307 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی ناوەخۆ
قەڵەمی نووسەر
ژمارە ٥٨
بۆ سەرۆکی نووسین (باش کتابەت)
لـە ماردیـن لـە مانگـی تەممـوز رۆژی ١٤، لـە ژمـارەی تووشـبووان هەشـت کـەس کۆچـی دواییـان کـردووە، هەروەهـا لـە رۆژی ١٥، یـەک تووشـبوو یـەک مـردوو هەیـە، لـە رۆژی ١٦، دوو تووشـبوو، هەروەهـا لـە رۆژی ١٧، هەشـت تووشـبوو سـێ مـردووە، دیاربەکریـش سـوپاس بـۆ خـوا، لـە قەسـەبەی هەولێریش چەند رۆژێکـە هیـچ شـوێنەواری ئـەم نەخۆشـییە دیـار نییـە، لـە هەندێـک گوند نەبێـت، هـەم لەوێـش کاری باش کـراوە و لـە رووی تەندروسـتییەوە ئامـادەکاری پێویسـت کـراوە، ١٤ زیلحیجـە ١٣٠٧ و ١٩ تەممـوز ١٣٠٦.
نازری کاروباری ناوەخۆ



| | | |
|---|---|---|
| .DH. ŞFR | 149.63 | 16 نیسان 1307 |

تەلەگراف نامە

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە ١٣ نیسان ١٣٠٧ بەهۆی رەفتاری نابەجێی شوێنەکەی بەجێ هێشتووە، بە پێی دەستەی تایبەت (هیئة مخصوصة) روون کراوەتەوە ٩ نەفەر بۆ مەرکەزی ویلایەت هێنراون و دەست بەسەر کراون، بە پێی سەرقاڵ بوونیان بە لێکۆڵینەوە، ئەنجامەکەی بە شێوەیەکی تر دەرکەوتووە، هەروەها ئاسایشی و ئارامی هەولێر تەواوە، ١٦ نیسان ١٣٠٧.

والی موسڵ تاهیر


تلغراف نامه

داخلیه نظارت جلیله سنه

I.DH 1265/99456

| 1307 28 تشرینی یەکەم | 01265.099456 | I.DH. |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی ناوەخۆ

یەکێکە لە چەتە ناوادارەکان ماوەی حەوت هەشت ساڵ دەبێ لە دەوروبەری ویلایەت ئاسایشی ناوچەکەی تێک داوە و تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات، نزیکەی ١٠ کەسی کوشتووە، بۆ دەستگیرکردنی ژاندارمە چاودێری دەکەن، لە سەنجەقی شارەزووری جێ هێشتوە و چۆتە چیاکانی ڕەواندوز لەوێ خۆی حەشارداوە، هیچی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشتووە، لە چاودێری کردن بەردەوامن، دواتر لەلایەن وەلەدە ئەفەندی بە ڕێکەوت ماوەیەک شەڕی کردووە، دواتر لەگەڵ کچێک رایکردووە و دەستگیرکراوە، ئەو یوز باشییە ٢٥٠٠ قوروشی دابەشی سەر کەسەکان کردووە، هەروەها یوز باشی بە پلەی پێنج نیشانی مەجیدی بۆ پلەی چوار بەرز کراوەتەوە، ساڵی ٢٨ تشرینی یەکەم ١٣٠٧.

والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 1744.125 | 5 زیلحیجە 1307 |

نووسراوی هومایۆنی تەندروستی و پزیشکی
٥ زیلحیجە ١٣٠٧
١٠ تەمموز ١٣٠٦
لە قەزای هەولێر لە تەمموزی رۆژی ٧ ئێوارەکەی کاتژمێر ١٢ تا رۆژی ٨ ئێوارەکەی کاتژمێر ١٢، لە ماوەی یەک رۆژ تووشبوو مردوو نەبووە، لە موسڵ و جەزیرەش لە مانگی ناوبراو لە رۆژی ٧، سێ تووشبوو یەک مردوو تۆمار کراوە، بەڵام لە رۆژی ٨، تووشبوو و مردوو نەبووە، لە دیاربەکریش بە پێی ئەو تەلەگرافنامانەی وەرگیراوە، نەزارەتی پزیشکی و تەندروستی ئاگادارکراونەتەوە و زانیارییان پێ دراوە.


هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| **.DH. MKT** | 1745.98 | **6 زيلحيجه 1307** |

بۆ باش کاتیبی جەلیلە لە نەزارەتی تەندروستی و پزیشکی
٦ زیلحیجە ١٣٠٧
١١ تەممووز ١٣٠٦
لـە تەممـوز رۆژی ٩ یـەم تـا ئێوارەکـەی لـە هەولێـر یـەک رۆژ تووشـبوو و مـردوو نەبـووە، لـە موسـڵ و شـاری ناوبـراودا لـە سـەرەتای مانـگ تـا ٧تـەم رۆژ لـە قـەزای ئاردە پانـزە کـەس تووشـبوو سـێی مـردووە، لە پێنـج گونـدی تـر تـازە ئـەو نەخۆشـیە سـەری هەڵـداوە، لـە قـەزای بەرواریش لـە گوندی سـاتوە بە شـەوێک و رۆژێـک بـە گومـانی بـوونی ئـەو نەخۆشـیە سـێ پیـاو مـردووە، بـەم دواییـە هیـچ شـتێکی تـر روویـنـەداوە، رێـگا و شـوێنی گونجـاو گیراوەتـە بـەر، ئـەو تەلەگرافنامانـەی کـە لـە ویلایـەتی بەتلیـس هاتووە کە پزیشـک بـۆ ئـەم شـوێنانە بنێردرێـت و کاری پێویسـت بکرێـت، بۆ ئەم مەبەسـتە سـەر عەسـکەر ئـاگادار کراوەتەوە، هەروەهـا نێـردراوە تـا بزانرێـت پێویسـتیان بـە چەنـد پزیشـکە و چەنـد کەلوپەلی پزیشـکیان پێویسـتە، هەر وەڵامیـش وەرگیـرا خێـرا نـەزارەتی تەندروسـتی و پزیشـکی لـێ ئـاگادار دەکەینەوە.



<table>
<tr><td>DH. MKT.</td><td>1745.110</td><td>7 زیلحیجە 1307</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ سەرۆکی نووسین (باش کتابەت) لە نەزارەتی تەندروستی و پزیشکی<br>٧ زیلحیجە ١٣٠٧<br>١٢ تەمموز ١٣٠٦<br>میهرەبانی بۆ ئەوە، لەم مانگە ٩هەمین رۆژ تا رۆژی ١١، لە جەزیرە تووشبوو و مردوو نەبووە، لە ماردینیش لە رۆژی ٩هەم تا ١١، حەوت تووشبوو و چوار مردوو هەبووە، لە دیاربەکر لەم مانگە لە رۆژی ١٠هەم لەناو قەزای هەولێریش یەک رۆژ مردوو و تووشبوو نەبووە، تەنیا لە قەزای ناوبراو لە هەندێک گوند نەخۆشییەکە سەری هەڵداوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکاری بۆ کراوە، لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی بۆ کراوە و لەوێشەوە زانیاری بۆ نەزارەتی تەندروستی پزیشکی نێردراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 1747.89 | 17 زیلحیجه 1307 |

بۆ سەرۆکی نووسین (باش کتابت) لە نەزارەتی تەندروستی و پزیشکی
١٧ زیلحیجه ١٣٠٧
٢٢ تەمموز ١٣٠٦
لەم مانگە لە ڕۆژی ٢٠ لە ماردین شەش تووشبوو سێ مردوو، هەروەها لە هەمان مێژوو لە جەزیرە تووشبوو و مردوو نەبووە، لە دیاربەکریش لە ماوەی ١٥ ڕۆژ لە قەسەبەی هەولێر هیچ شتێک نەبووە، تەنیا لە چەند گوندێک کە سەر بەم قەسەبەیە لە ماوەی ٥ ڕۆژدا ئەو نەخۆشیە شوێنەواری نەماوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی موسڵ زانیاری بۆ نەزارەتی تەندروستی نێردراوە.



هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| MV. | 64.73 | 18 شەوال 1308 |

١٨ شوال ١٣٠٨
پۆختەی دارایی
لە زاناکان کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی دانیشتووی هەولێر و لە کۆی سانجەق حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی، لە بەغداد و موسڵ و بەسرە و کوردستانی ئێران خۆیان تەرخان کردووە بۆ وانە ووتنەوە، بۆ گوزەراندنی خێزانەکانیان دووچاری نەهامەتی بوونەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە مووچەیەکی دیاری کراویان بۆ ببڕێتەوە، لە ویلایەتی موسڵ راپۆرت هاتووە.

بڕیارەکە
بەهۆی وانە وتنەوەیان لە بەشەکانی کوردستانی ئێران و گەشت کردنیان لە ناوچەکان، پێویستییان بە پارەیە بۆ گوزەراندنی ژیانیان، لەبەر ئەوە بڕیار درا بۆ هەر یەکەیان ١٠٠٠ قوروش مووچە دابین بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| 16 تشرینی دووەم 1308 | 000113.008431 | BEO. |
| --- | --- | --- |

١٦ تشرینی دووەم ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵ
ئەحمەد بایز و ١٦ کەس لە هاورێکانی لە مەرکەزی هەولێر ئەو تەلەگرافنامەیەی کە ناردوویانە، پێویستە دانەیەکی بهێنرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە لێی تێناگەن.



هەواڵنامەی کتێب

| I. MMS. | 121.5191 | 22 شەوال 1308 |
| --- | --- | --- |
| بابی عالی<br>ئەنجوومەنی تایبەت<br>بۆ سەدارەتپەناهی<br>٥ موحەررەم ١٣٠٨<br>٩ ئۆغستۆس ١٣٠٦<br>لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی شارەزوور یەکێک لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئەفەندی بەهۆی خزمەتەکانی لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی بۆ پلەی سێ، ڕێزی لێگراوە و لە ویلایەتی موسڵ نووسراو هاتووە، لەوێشەوە بۆ سەدارەتپەناهی نێردراوە، داواکراوە جێبەجێ بکرێت. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| 5 موحەڕڕەم 1308 | 1753.92 | .DH.MKT |
| --- | --- | --- |

بۆ سەدارەتپەناهی
٥ موحەڕڕەم ١٣٠٨
٩ ئۆغستۆس ١٣٠٦
لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی شارەزوور یەکێک لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئەفەندی بەهۆی خزمەتەکانی لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی بۆ پلەی سێ ڕێزی لێگراوە و لە ویلایەتی موسڵ نووسراو هاتووە، لەوێشەوە بۆ سەدارەتپەناهی نێردراوە، داواکراوە جێبەجێ بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 1774.91 | 9 رەبیعی یەکەم 1308 |

بۆ ویلایەتی وسڵ
٩ رەبیعی یەکەم ١٣٠٨
١١ تشرینی یەکەم ١٣٠٦
لـە نـاو قـەزای هەولێـر بـە نـاوی دزەیـی ناوەکـەی تـرێ قوشـتەپە، بەڕێوەبـەری ناحیەکـە سـەید عەبدولرەحمان ئەفەندی لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی سوڵتانیە محەمەد ئاغا، فەرمانەکە هاتووە کە شوێنەکەیان بگۆردرێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەری ناحیەی سوڵتانییە بە تۆمار لەسەر سادق ئەفەندیە، بۆیە پێویستە سەیر بکرێت سادق ئەفەندی کەی و بە چ هۆکارێک لە شوێنەکەی دوورخراوەتەوە، هەروەها پێویستە لە قۆمیسیۆن بە نووسراو ئاگادار بکرێینەوە ئاخۆ ناوبراوان سەید عەبدولرەحمان و محەمەد ئاغا لە قۆمیسیۆن هەڵبژێردراون وەکو بەڕێوەبەر یاخود نا.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH. MKT. | 1775.81 | 13 رەبیعی یەکەم 1308 |

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٣ رەبیعی یەکەم ١٣٠٨
١٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٦
لـە کاتی چـوونی بـۆ سـەر ئەرکەکـەی لەلایـەن چەتـەی هەمەوەنـد بـە بـری ٤٠ هـەزار پارە و کەلوپەلیـان لـێ دزیـوە و بەتـاڵان بردوویانـە، خـۆشی بـە ٢٢ ئەندامـی خێزانەکـەی تـووشی تەنگانـە و پەرێشانی بژێـوی ژیانیـان بوونەتـەوە، بـۆ چارەسـەری ئـەو کێشـەیە لەلایـەن نائیبـی قـەزای هەولێـر ئەحمـەد ئەفەنـدی بـە تەلەگرافنامـە شـێخەکانی کەرکـوک ئاگادارکراوەتـەوە، بـۆ ئـەوەی پـارە و کولوپەلـەکان بـۆ خاوەنەکـەی بگەڕێندرێتـەوە.



هەواڵنامەی کتێب

| .DH.MKT | 1790.133 | 27 رەبیعی کۆتایی 1308 |
| --- | --- | --- |

بۆ بەرێوەبەرایەتی مەكتەبی دارولشەفەقە
٢٧ رەبیعی كۆتایی ١٣٠٨
٢٨ تشرینی دووەم ١٣٠٦
هاووڵاتی قەزای هەولێر عەبدولعەزیز، كورەكەی بە ناوی یونس منداڵەكەی بەناوی ماهی بێكەسە و لەبەر نەبوونی وەكو هەتیوەكانی تر لە دارولشەفەقە وەربگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە دوو پارچە نووسراو لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە تا لە مەكتەبی دارولشەفەقە وەربگیرێت، لە مێژووی ٢٩ مایس ١٣٠٦ بۆ ئێوەمان ناردووە تا جێبەجێ بكرێت.. بەڵام تا ئێستا وەرنەگیراوە، بەهەر مەبەستێك بێت بەپێی داواكاری پێشوو جێبەجێ بكرێت.



| DH.MKT. | 1800.36 | 6 جەمادی کۆتایی 1308 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٦ جەمادی کۆتایی ١٣٠٨
٥ کانوونی دووەم ١٣٠٦
لە کاتی چوونی بۆ سەر کارەکەی لەلایەن چەتەی هەمەوەند کەلوپەل و پارەی تاڵان کراوە، لەبەر ئەوە تووشی پەرێشانی بووە، بۆ ئەم مەبەستە نائیبی قەزای هەولێر سەید ئەحمەد ئەفەندی نووسراوی ناردووە تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەنرێت.



| 25 جەمادی کۆتایی 1308 | 1806.2 | .DH. MKT |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٥ جەمادی کۆتایی ١٣٠٨
٢٤ کانوونی دووەم ١٣٠٦
بـۆ موتەسـەرفی سـلێمانییە، عـەلی رزا ئەفەنـدی دامـەزراوە، تـا دەگاتـە شـوێنی کارەکـەی ئـەو ماوەیـە لـە شـوێن ئـەو قائیمقامـی هەولێـر عەبدوڵڵا پاشـا بـە وەکالـەت دادەمەزرێـت و بانـگ دەکرێـت، هەروەهـا مووچەکـەش، لەلایـەن ناوبـراوەوە وەردەگیرێـت، بـەڵام لـە بـارەی خەرجـی رێـگا ئـەوا بـە پێـی نـووسراو کـە بـە رێگـەی تەلەگـراف هاتـووە، بـۆ نـەزارەتی ژمێریـاری نێـردراوە، بـە پێـی بریـار نامـە ئـەو فەرمانبـەرە ئـەو ماوەیـەی کـە بـە وەکالـەت لـە شـوێن کەسـێکی تـر کار دەکات، تەنیـا مووچـەی موتەسـەرفی وەردەگرێـت و هیـچ شـتێکی تـری نادرێتـێ.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 1827.112 | 3 ڕەمەزان 1308 |

بۆ ویلایەتی موسڵ
٣ ڕەمەزان ١٣٠٨
٣١ مارت ١٣٠٧

لە کاتی چوونە سەر کارەکەی تووشی چەتەکانی هەمەوەند بۆتەوە و ٤٠٠٠٠ قوروش و کەلوپەلی دزراوە، خۆشی ٢٢ ئەندامی خێزانێکن تووشی پەرێشانی و ناخۆشی بژێوی ژیان بۆتەوە، بە نیازی باشتر کردنی بارودۆخی، نائیبی قەزای هەولێر ئەحمەد ئەفەندی بە تەلەگراف ناردوویەتی داوای لە شێخەکانی کەرکووک کردووە، کە دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە کراوە و تاوانباران دەستگیر کراون، داوای کردووە کەلوپەلەکانی بۆ بگەڕێندرێتەوە، ئەمەش بە پێی نوسراوی ١٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٦. بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا کەلوپەلەکان دەستی بەسەردانەگیراوە، ئەمجارە نائیبی ناوبراو نووسراوی بۆ شێخەکان ناردووە و داوای چارەسەرکردنی بارودۆخەکەی کردووە.



هەولێرنامەی کتێب

| DH.MKT | 1841.78 | 6 زیلقەعدە 1308 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٦ زیلقەعدە ١٣٠٨<br>١ حوزەیران ١٣٠٧<br>لە هەولێر سەر بە ویلایەتی ناوبرا کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی سەرقاڵی ووتنەوەی زانستە، لەگەڵ حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی لە کوێ سەنجاق نیشتەجێیە، لەبەر تەنگانە و پێویستیان لە خەزینەی جەلیلە بۆ هەر یەکەیان، مووچەی ١٠٠٠ قوروشیان بۆ دابین بکرێت، بە بریاری ئەنجوومەنی تایبەت دوای وەرگرتنی مۆڵەت نێردراوەتە نەزارەتی دارایی. | | |




| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000035.002581 | 23 زیلحیجه 1309 |

- ٢٣ زیلحیجه ١٣٠٩
٥ تەمموز ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵ و نەزارەتی پزیشکی
لە سەنجەقی شارەزوور قەزای هەولێر کەسێک بە ناوی جبرائیل خەڵکی گوندی قوشتەپەیە، بە قسە بەردەوام لە مەمکەکانی شیر هەیە، تەنانەت شیر دەداتە منداڵەکانی، ئەمڕۆش تەمەنی گەیشتۆتە ٧٠ ساڵ، هەروەها ناوبراو خاوەنی منداڵێکی زۆرە، پێویستی بە ڕێز گرتنە، بۆ ئەم مەبەستە بە واژوو و مۆری ئەندامانی قۆمیسیۆنی مولکیەی هومایۆن لە موسڵ، دوو پارچە نامە نێردراوە داوای شتی کردووە، یاخود ئەوەتا مووچەی بۆ ببڕێتەوە، بەڵام بە فەرمانی پاشا دەبێ ئەو شتە لە رووی پزیشکیەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

- بۆ سەدارەتپەناهی
لە قەزای هەولێر سەر بە سەنجەقی شارەزوور کەسێک بە ناوی جبرائیل لە هەردوو مەمکی شیر هەیە و لە کاتی خۆی لە ٥ حوزەیران ١٣٠٨ یەک پارچە داواکاریم پێشکەشی بابی هومایۆن کرد، تاوەکو بڕێک خەرجی ڕێگا بۆ ناوبراو خەرج بکرێت، هەروەها مووچەیەکی گونجاو بۆ ماڵ و منداڵەکانی ببڕێتەوە، تاوەکو بتوانێ بچێتە دەرسەعادەت، بەڵام ئەو خەرجی ڕێگایەی کە دەدرایە ناوبراو دواکەوتووە و دواتر لە کۆتایی شیر لە مەمکەکانی نامێنێت و سوودی نابێت، پێویستە شتێکی ئاوا بێ وێنە بچێتە دەرسەعادەت و پشکنینی بۆ بکرێت، ئەمڕۆ ناوبراو شیر لە مەمکەکانیەتی، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنی بۆ دەرسەعادەت و پشکنین دەربکەوێت شیر لە مەمکەکانی نییە، ئەو کاتە خەرجی ڕێگا دەکەوێتە ئەستۆی خۆی، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

هەواڵنامەی کتێب


OSMANLI ARŞİVİ


داخلیه نظارت جلیله
OSMANLI ARŞİVİ
BEO

هەولێرنامەی کتێب

| .BEO | 000037.002721 | 26 زيلحيجه 1309 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٢٦ زیلحیجە ١٣٠٩
٨ تەمموز ١٣٠٨
لە هەولێر کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بوو، دوای مردنی ئەو مووچەیەی کە مانگانە ١٠٠٠ قوروش بوو وەریدەگرت، ئێستا بۆ کورەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی بریتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بە داواکاریەک داوا لە ویلایەتی موسڵ کراوە، بە مەبەستی جێبەجێ کردنیشی نووسراو بە مێژووی ٢٣ شەعبان ١٣٠٩ ژمارە ٤٨ هاتووە، جگە لەوەش ئەبوبەکر ئەفەندی نیشتەجێی تەکیەی فاتیمە خانە لە هەولێر، یەک رۆژیش خۆراک و ئەرکی نەبووە، لە سەر داواکردنی خۆی لە داهاتی ئاوقاف مانگانە ٥٠٠ قوروش لە سەروو بۆ نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن رۆیشتووە تا ئەو برە پارەیەی بۆ بریتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 38.2830 | 24 زیلحیجە 1309 |

- پێشەکی لە سەر زانیاری مەسەلەی کچێک، ئەو کەسانەی تێکەڵی ئەو کارە بوونە، بەهۆی باشی نییەتیان بۆ ئەوەی لەوێ دەریان بهێنن، لە سەروو هاتووە قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لەگەل عەبدوڵڵا ئەفەندی و ئەو پۆلیسانەی لەگەڵیان بەشدارن، کۆی گشتی ١١٥٠٠ قوروش وەرگرتووە، هەروەها لە موازەنەی ١٣٠٧ رێکخراوە، نووسراو پێشکەشی نەزارەتی ناوەخۆ کراوە، لە ٢٤ زیلحیجە ١٣٠٩ و ٦ تەمموز ١٣٠٨.

سەدری ئەعزەم و هاوەڵی ئەکرەم

- نەزارەتی ناوەخۆ و دارایی
٢٩ زیلحیجە ١٣٠٩
١٢ تەمموز ١٣٠٦
لە نەزارەتی دارایی ئاماژەی پێکراوە، لە نەزارەتی ناوەخۆش بۆ جێبەجێ کردن.
قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا و هاورێکانی لە بارەی ئەو پارەیەی پێیان دراوە، هەژمار کراوە.



| ورقه نومروسی | مسودی رسمی | تسویدی تاریخی | | | | | تبییضی تاریخی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٦١ | [illegible] | ٢٩ ذی الحجه ٩٩ | داخلیه ومالیه نظارت جلیله لرینه | ٢٩ | ٢٩ | | ٨ [illegible] ٣٠٠ |

حضور عالی ... محرره تذكره معروض و مشروحه صادر اولان اراده سنیه

موجبنجه اجرای ایجابی مالیه نظارت جلیله سنه اشعار قلنمغله

داخلیه نظارت جلیله سنه دخی ایفای مقتضاسنه

همت

...

٩٦١ نومرولی ... [illegible]

...

OSMANLI ARŞİVİ

BEO

38 | 2830



| I.SD. | 00115.006894 | 16 رەجەب 1309 |
|---|---|---|

- شورای دەوڵەت
فەرمانگەی ناوەخۆ
ژمارە ٤٤
لەبەر ئەوەی لە تەکیەی فاتیمە خان خۆراک و ئەرکی نییە، سەرەتا ١٠٠٠ سەر مەری داوەتە ئاوقاف بۆ ئەوەی خۆراکی ئەم تەکیەیەی پێ دابین بکات، بۆ ئەو مەڕانەش ساڵانە ٣٠٠٠ قوروشی دەوێت، بەڵام وەرگرتنی پارەکە گرفتی تێکەوتووە، خۆشی هیچ داهاتێکی نییە، بۆیە لە داهاتی ئاوقافدا خۆراکێکی باشی دیاری کراو دابین کراوە. دوای بە دواداچوون لە نەزارەتی دارایی دەرکەوتووە راستە ئەو مەڕانە وەقف کراون، بەڵام لە نەزارەتی دارایی وەڵام هاتووە کە لە قەزای هەولێر لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی شێخ ئەبو بەکر ئەفەندی لە مزگەوتی فاتیمە خان ئیمام و خەتیب و ئەرکەکەی، بۆ خۆراکی دەروێشەکانی زاویەکەی لە رسوماتی ویلایەتی موسڵ ٥٠٠ سەر مەڕی وەقف کردووە، هەر چەندە لە ساڵانی ١١٦٥ و ١١٩٥ وەقف کراوە، لە رێکخستنی خێرخوازی تا مێژووی ١١٧٨ یەک رۆژ لە ئەوانە رسومات وەرنەگیراوە، هەروەها ئەوەی دیاری کراوە ٥٠٠ سەر مەڕ لەلایەن شێخ لە ساڵی رابردوو وەقف کراوە، ئاماژەی پێکراوە کە هەموو ساڵ لە خەزینە رسوماتەکان بێت. لەگەڵ دابین کردنی خۆراک ساڵانەش ٣٠٠٠ قوروش دابین کراوە و نێردراوەتە نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن و لەوێشەوە نێردراوەتە نەزارەتی دارایی، لە ٢٢ شەعبان ١٣٠٩.

- لە هەولێر تەکیەی فاتیمە خان یەک رۆژ خۆراکی نییە لەبەر هەژاری لەلایەن ئەبوبەکر ئەفەندی لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی داوای خۆراکی دیاری کراوی کردووە بۆ دەروێش و میوانی تەکیەکە، بۆیە لە داهاتی ئاوقاف مانگانە ٥٠٠ قوروش تەرخان کراوە تا خۆراکی پێ دابین بکرێت، لە ١٦ رەجەب ١٣٠٩.

سەدری ئەعزەم




هەواڵنامەی کتێب




| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000181.13565 | 28 مارت 1309 |

بۆ سەرۆکایەتی دەستەی لێکۆڵینەوەی موسڵ
لە بارەی قائیمقامی رەواندوز عارف حیکمەت ئەفەندی و قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا، لە بابی عالی موسڵ تەلەگرافی مێژووی ١٥ مارت ١٣٠٩ کۆپییەیەکی لەگەڵ پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەکەی بۆ جێبەجێ کردن نێردراوە و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>5 جەمادی یەکەم 1309</td><td>01253.098354</td><td>.I.DH</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە سـانجەقی شـارەزوور ئەنجوومـەنی کارگێـری هەولێـر خـضر ئەفەنـدی ئەندامـە بەهـۆی خزمـەت و شایسـتە بوونیـەوە، شـایەنی ئەوەیـە خـەڵات بکرێـت، بۆیـە نـوسراو نێردراوەتـە نـەزارەتی ناوەخـۆی جەلیلـە تاوەکـو پلـەی پێنجەمـی پـێ بدرێت.<br>٥ جەمادی یەکەم ١٣٠٩ و ٢٥ تشرینی دووەم ١٣٠٧.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| .I.DH | 01273.100101 | 19 شەوال 1309 |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>لە بنکەی پۆلیس لە سەر مەسەلەی کچێک قسەیان کردووە، لە دەوڵەتی عالی هەندێکی بە ئاسانی گوازتۆتەوە و نیشتەجێی کردوون، لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا و زانای کۆی سەنجاق حاجی عەبدوڵلا ئەفەندی لە پلەی سێ بۆ هەر یەکە نیشانی مەجیدیان پێدراوە.<br>١٩ شەوال ١٣٠٩ و ٤ مایس ١٣٠٨<br>سەدری ئەعزەم | | |


باب عالی
دائرهٔ امور داخلیه
مکتوبی قلمی
عدد
٥١٨
حضور عالی حضرت صدارتپناهیه

هەولێرنامەی کتێب

| I.DH. | 01253.098354 | 5 جەمادی یەکەم 1309 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسەر
ژمارە ٥١٨
بۆسەدارەتپەناهی

لە بنکەی پۆلیس لەسەر مەسەلەی کچێک بە شێوەیەکی جوان قسەیان کردووە و لەوێ دەریان نەهێناون، لە مێژووی ٢١ کانوونی یەکەم ١٣٠٧ ژمارەی ١٨٥٩ بڕیار دراوە قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا و عەبدوڵلا ئەفەندی هەر یەکەیان ٥٠٠٠ هەروەها هاوڕێکانیان لە ئەفسەرەکان هەر یەکە ١٥٠٠، بە کۆکراوەیی ١١ هەزار و ٥٠٠ قوروش پێیان دراوە.

٤ زیلحیجە ١٣٠٩ و ١٧ حوزەیران ١٣٠٨

نازری کاروباری ناوەخۆ




| DH. MKT. | 1869.34 | 13 سەفەر 1309 |
|---|---|---|

بۆ سەرۆکی نووسین (باش کتابەت)
١٣ سەفەر ١٣٠٩
٥ ئەیلوول ١٣٠٧
لە مانگی ئەیلوول ڕۆژی ٣ لە کاتژمێر ١٠ تا ڕۆژی دواتر کاتژمێر ١٠ لە حەلەب دوو کەس مردووە، لە ئۆغستۆسیش ڕۆژی ٣١ تا ٣ی ئەیلوول لە عەنتاب لە گوندی کتابلک ٦ کەس، دیسان لە ئۆغستۆس لە ڕۆژی ٢٨ تا ٣ی ئەیلوول لە گوندی هەولێر ١٣ لە جەزیرەش لە ئەیلوول ڕۆژی ٣، یەک مردوو هەیە.



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01281.100830</td><td>4 زيلحيجه 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٠ ڕەبیعی یەکەم ١٣٠٩<br>٣١ تشرینی یەکەم ١٣٠٧<br>لە کاتی چوونی بۆ سەر کارەکەی لەلایەن چەتەکانی هەمەوەند پارە و کەلوپەلی لێ بردراوە و لە ئەنجام تووشی پەرێشانی و تەنگانەیی بۆتەوە، نائیبی قەزای هەولێر ئەحمەد ئەفەندی نووسراوی مێژووی ٥ کانوونی دووەم ١٣٠٦ داوای گەڕانەوەی کەلوپەلەکانی کردووە، نووسراو نێردراوەتە نەزارەت، لەوێشەوە نێردراوەتە ویلایەت، بەڵام تا ئێستا هیچ نەکراوە، دووبارە ناوبراو داواکاری ناردۆتەوە کە زۆربەی چەتەکان گیراون، بۆیە پەلە بکرێت لە ناردنەوەی کەلوپەلەکان.</td></tr>
</table>




| .DH. MKT | 1889.60 | 12 ڕەبیعی کۆتایی 1309 |
| --- | --- | --- |

بۆ سەدارەتپەناهی
١٢ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٠٩
٢ تشرینی دووەم ١٣٠٧
یەکێک لە چەتە ناودارەکان کە هەشت ساڵ دەبێ لە دەورووبەری مەرکەزی ویلایەت هێمنی ناوچەکە تێک دەدات و خەڵک دەکوژێت، ژاندارمە هێرشیان کردۆتە سەری و لەگەڵ کچێک رایکردووە، هەروەها هاورێیەکی بە کوژراوی دەستگیرکراوە، بە پێی پێویست ٢٥٠٠ قوروش بە سەر ژاندارمەکان دابەش کراوە، هەروەها فەرمانبەری پۆلیسی هەولێر یوزباشی وەلەدی ئەفەندی بە مەبەستی سوپاسکردن پلەی بۆ پلە پێنج بەرز بۆتەوە و مەجیدی نیشانی وەرگرتووە، بۆ ئەم مەبەستە تەلەگرافنامە لە موسڵەوە پێشکەش کراوە.



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH. MKT.</td><td>1896.119</td><td>29 ڕەبیعی کۆتایی 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٢٩ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٠٩<br>١٩ تشرینی دووەم ١٣٠٧<br>لە کاتی چوونی بۆ سەر ئەرکەکەی لەلایەن چەتەی هەمەوەند ٤٠ هەزار قوروش پارە و کەلوپەلی بە تالان بردراوە، لەگەڵ ٢٢ کەسی خێزانەکەی دەژیت، تووشی پەرێشانی بوونەتەوە، بۆیە نائیبی قەزای هەولێر ئەحمەد ئەفەندی بە تەلەگرافنامە داوای دەستگیرکردنی چەتەکان و گەڕانەوەی پارە و کەلوپەلی ناوبراوی کردووە، لە ١٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٦ نێردراوەتە نەزارەتی کەم دەرامەتەکان (نضارت عاجزانە)، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراون.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 1902.71 | 15 جەمادی یەکەم 1309 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٥ جەمادی یەکەم ١٣٠٩
٥ کانوونی یەکەم ١٣٠٧
لە قەزای هەولێر یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری خضر ئەفەندی پلەکەی بۆ پلەی پێنج بەرز کراوەتەوە.



| | | |
|---|---|---|
| DH. MKT. | 1916.57 | 27 جەمادی کۆتایی 1309 |

بۆ نەزارەتی دارایی
٢٧ جەمادی کۆتایی ١٣٠٩
١٥ کانوونی دووەم ١٣٠٧
کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی کە لە هەولێر نیشتەجێیە و خەریکی ووتنەوەی زانست و زانیارییە لەگەڵ دانیشتووی کۆی سەنجەق حاجی عەبدوڵلا ئەفەندی، بە پێی نووسراوی ویلایەتی موسل کە بۆ خەزینەی جەلیلە رۆیشتووە، بەهۆی تەنگانەیی و خراپی بژێوی ژیانیان بۆ هەر یەکەیان ١٠٠٠ قوروش مووچەیان بۆ براوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجوومەنی تایبەت بە مۆڵەت وەرگرتن لە سەروو لە مێژووی ١ حوزەیران ١٣٠٧ ویلایەتی ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە، ئەمجارە بە پێی وەڵامی ئەو نوسراوانەی کە هاتووە، لە بارەی مووچەکانیان هێشتا سەنەدی رەسمی نەهاتووە، چونکە بۆ ئەم جۆرە مووچانە پێویستی بە سەنەدە، بۆیە پێویستە ئەو سەنەدانە بگاتە دەستمان بە مەبەستی جیاکردنەوەی مووچەکانیان.



هەواڵنامەی کتێب

| 26 ڕەجەب 1309 | 1926.66 | .DH.MKT |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٦ ڕەجەب ١٣٠٩
١٣ شوبات ١٣٠٧
لە هەولێر نیشتەجێیە و سەرقاڵی ووتنەوەی زانست و زانیارییە لەبەر ئەوەی تووشی تەنگانە و پەرێشانی بووە، لەسەر فەرمانی حەزرەتی پاشا ڕەزامەندی دراوە مانگانە ١٠٠٠ قوروشی وەکو مووچە بۆ ببڕێتەوە، کوچک ئاغازادە حاجی عومەر و حاجی عەبدوڵلا ئەفەندی نیشتەجێی کۆی سانجەق، تا ئێستا سەنەدی ڕەسمی مووچەکانیان وەرنەگرتووە، لە نووسراوی مێژووی ١٢ کانوونی دووەم ساڵی ١٣٠١ مۆڵەت دراوە بە ناردنی ئەو سەنەدانە، لە داهاتی شارەزوور مووچەی دیاریکراو بە دوو پارچە سەنەدی ڕەسمی لە مێژووی ٤ کانوونی یەکەم لە ساڵی ١٣٠٧ لە دەفتەری ویلایەت نێردراوە، لە نەزارەتی داراییش وەڵام دراوەتەوە، پێویستە جێبەجێ بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 1933.121 | 18 شەعبان 1309 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٨ شەعبان ١٣٠٩<br>٥ مارت ١٣٠٨<br>لە هەولێر فەرمانبەری ئەفسەری یوزباشی وەلەد ئەفەندی لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکەی بۆ پلەی چوارەم، یەک پارچە نیشانی مەجیدی نیشانی وەرگرتووە. | | |



| DH.MKT. | 1941.4 | 15 ڕەمەزان 1309 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٥ ڕەمەزان ١٣٠٩<br>٣١ مارت ١٣٠٨<br>لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ سەر کارەکەی لە لایەن چەتەی هەمەوەند ڕێگەی لێ گیراوە و کەلوپەل و پارەی تاڵان کراوە، لەبەر ئەوە تووشی پەرێشانی بووە، بۆ ئەم مەبەستە نائیبی قەزای هەولێر ئەحمەد ئەفەندی بانگهێشت نامە ناردووە، لە مێژووی ٥ کانوونی یەکەم ساڵی ١٣٠٦ و ٣١ تشرینی یەکەم ساڵی ١٣٠٧ بەرزکراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا کاری بۆ نەکراوە، بۆیە پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 1959.90 | 16 زیلقەعدە 1309 |
|---|---|---|
| بۆ سەدارەتپەناهی<br>١٦ زیلقەعدە ١٣٠٩<br>٣٠ مایس ١٣٠٨<br>لە ناوچەی ساوجبۆلاق لە سەر مەسەلەی کچێکی ئینگلیز کە دەست درێژی کراوەتە سەری، ئەو کەسانەی سەر بە عوسمانیەکانن لە ڕووداوێکی سەرکەشیدا بەشداریان کردبوو بۆ دەرهێنانی ئەوانەی لەم ناوچەیەن، قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا لەگەڵ قائیمقامی کۆی سەنجەق عەبدوڵلا ئەفەندی ئەم کارەیان پێ سپێردراوە و راپۆرتێکیان ناردووە و گەیشتۆتە ویلایەتی موسڵ. | | |


هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 1964.72 | 26 زیلقەعدە 1309 |

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٦ زیلقەعدە ١٣٠٩
٩ ئەیلوول ١٣٠٨
بەهۆی ئەو رووداوەی لە هەولێر روویدا، دیوانی جەنگی دامەزرا، بە مەبەستی ناردنی ئەندامەکانی خەرجی رۆژانەی هاتووچۆیان رێکخراوە، لە تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٨ مارت ١٣٠٨ نووسراوەتەوە و بۆ ژمێریاری بەرز کراوەتەوە، لە بارەی ئەندامانی دیوانی ناوبراو کە لە فەرمانبەر پێک دێن، مووچەکانیان لە چەند قوروشێک پێک هاتووە، بۆیە پێویستە بە بریارنامەیەک بری خەرجی رێگایان دیاری بکرێت و بخرێتە سەر مووچەکانیان، بۆ ئەم مەبەستە سەروو ئاگادار کراوەتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 1967.118 | 4 زیلحیجه 1309 |
|---|---|---|

بۆ سەدارەت پەناهی
٤ زیلحیجه ١٣٠٩
١٧ حوزەیران ١٣٠٨
لـە بنکـەی پۆلیـس لـە سـەر مەسـەلەی کچێـک تێکەڵـی ئـەو کارە بوونـە، بـە نییـەتی بـاش بـۆ ئـەوەی لـەوێ دەریانبهێنـن لـە ٢١ کانـوونی یەکـەم ١٣٠٧ ژمـارە ١٨٥٩ نـووسراوی سـەدارەتپەناهی، داوا لە قائیمقامی هەولێـر عەبدوڵـڵا پاشـا و عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی کـراوە بـەم کارە هەڵسـن، بـۆ ئەم مەبەسـتە بۆ هـەر یەکەیان ٥٠٠٠ و بـۆ ئـەو پۆلیسـانەش کـە لەگەڵیـان بەشـدارن بـۆ هـەر یەکـە ١٥٠٠ کـە دەکاتـە ١١٥٠٠ قـوروش خـەرج بکرێـت، ئـەم بـرە پارەیـەش لـە خەرجـی سـاڵی ١٣٠٧ رێکخـراوە.



هەواڵنامەی کتێب

| 6 زیلحیجه 1309 | 2162.49 | .ŞD |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسەر
ژمارە ٤٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە سانجەقی شارەزوور، گوندی چالەگەردەلە دەکەوێتە نێوان قەزاکانی هەولێر و کۆی سانجەق و ناحیەی کۆپری بە هیچ یەکێک لە ئەمانە نەبەستراوەتەوە، هەر بۆیە مەروماڵاتی بۆ کۆی سانجەق و باجەکەی بۆ هەولێر و دە یەکی بۆ ناحیەی کۆپری دەروات، بەم شێوەیەش لە رووی کارگێریەوە ئاڵۆزی تێکەوتووە، بۆیە سەبارەت بە بەستنەوەی بە ناحیەی کۆپری داواکاری هاتووە، بەڵام گوندی چالەگەردەلە لە قەزای هەولێر نزیکترە، لەم ساڵە لە سەرەتای مارتەوە گونجاوترە بە قەزای ناوبراو ببەسترێتەوە، باج و دە یەکی و مەروماڵاتی گوندی ناوبراو بە نووسراو هاتووە کە وەڵام دراوەتە قەزای ناوبراو، ئەمرۆ لە لیوای ناوبراو ئەنجوومەنی کارگێری وەڵامی نووسراو هاتووە، کە راسپاردراوە بە ئەوەی گوندی ناوبراو گونجاوترە بە قەزای هەولێر ببەسترێتەوە، لەوانە باجی ساڵانەی ٥٩٦ قوروش و مەروماڵاتی ٤٦٧ سەر لەگەڵ دە یەکی بە تەخمینی ٢٠٠٠ قیە گەنم و ١٠٠٠ قیە جۆ پێک دێت، ئەمانە ساڵانە هەر یەکە لەلایەک بۆ شوێنی جیاواز دەرۆیشت، بەمەش لە رووی مامەڵەوە تووشی ئاڵۆزی ببوو، بۆیە لەم ساڵە لە سەرەتای مارتەوە بەستنەوەی گوندی ناوبراو بە قەزای هەولێر رەزامەندی لەسەر دراوە، ئەمر و فەرمانیش بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٦ زیلحیجە ١٣٠٩ و ١٨ حوزەیران ١٣٠٨.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 13 زیلقەعدە 1310 | 22.47 | I. TAL. |

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
ژمارە ٢٨١٤
قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵلا پاشا لەلایەن وولاتی ئێرانەوە لە پلەی دوو نیشانی شیر و خورشیدی پێدراوە، بە مەبەستی تێبینی پێشکەشی نەزارەتی ناوەخۆ کراوە، لە ١٣ زیلقەعدە ١٣١٠ و ١٧ مایس ١٣٠٩.

سەدری ئەعزەم و یاوەری

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ژمارە ٥٢٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
سەبارەت بە وەرگرتنی نیشانی شیر و خورشید لەلایەن ئێرانەوە کە پێشکەشی قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا کراوە، نووسراوی ووتە لە مێژووی ١٥ نیسان ١٣٠٩ هاتووە، لە ٥ زیلقەعدە ١٣١٠ و ٩ مایس ١٣٠٩.

نازری کاروباری ناوەخۆ



هەواڵنامەی کتێب



| 10 شەوال 1310 | 23.6 | .DH. MKT |
|---|---|---|

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە ناو ویلایەتی موسڵ هاوپێچی قەزای رانیە عەشیرەتی بلباس دوو ئالای حەمیدیە پێک دەهێنن، لەلایەکی تر بە پێی ووتەی خەڵک بەشێکی زۆری عەشیرەتی بلباس لە ناوەخۆ خەریکی کاری بەدن، لە قەزای ناوبراو بۆ هەر کار و فەرمانێکی میری و سەربازی فەرمان پێکراوە، بەشەکەی تریشی کە سەرۆکی عەشیرەتەکەیە، دوانزە ساڵ لەمەوبەر بەهۆی کاری چەتەیی کوژراوە، لەلایەن هەمزە ئاغاوە بە نیەتێکی پیس هاتۆتە لای محەمەد ئەمین ئاغا کەلوپەل و سەروەت و سامانی بە تاڵان بردووە، لە نێوان دوو دەوڵەت خەریکی کاری گەندەڵی و زۆربەی کات سوود لە کەلوپەلی میری وەردەگرن و لە ناویان تا چل پەنجا ئەسپ پەیدا دەکەن ئەو ئەسپانەش لە ویلایەتی موسڵ دەگەرێنەوە بۆ لەشکری شەشەمی هومایۆن، بۆ چاکسازی کردن رای ئیسماعیل پاشا وەرگیراوە، ئەمرۆ سەرۆکی عەشیرەتی ناوبراو گوایە دوو لەشکری حەمیدیەی رێکخستوە، محەمەد ئەمین ئاغا هەموو لایەکی فریو داوە، بۆ بەرژەوەندی خۆی کار دەکات، هەر لە کۆنەوە خەڵکی چەتە لە سنووری ئێران لەگەڵ قەزای رانیە کە لەگەڵ قەزایەکانی کۆی سانجەق و رواندز و هەولێر دراوسێیە، کۆیاندەکاتەوە، لە نێوان خەڵکی ئەو ناوچانە رێک ناکەوێت و لەگەڵ میللەت و دەوڵەتی تر بە سوودی ئەوان ناجوڵێتەوە، عەبدوڵڵا پاشا کە خەڵکی رواندزە لە سەرەتا پێنج ساڵ لە قائیمقامیەتی رانیە بووە، ئەمرۆش لە قەزای هەولێر قائیمقامە، ماوەیەکە لەگەڵ عەشیرەتی ناوبراو لە کاری چەتەیی هاوبەشن، چ لیوایە چ ویلایەتە فریو دراوە، لە ناو پێنج قەزا هەموو چەتەکانی لە ژێر پارێزگاری خۆیدا هێشتۆتەوە، لەلایەن دەوڵەت ئیسماعیل پاشا دامەزراوە تا چاکسازی بکات، تا ئێستا دڵسۆزی خۆی راگەیاندووە کە ئارامی بگەرێنێتەوە ئەو ناوچانە، ئەو کەسانەی گومانی چەتەییان لێ دەکرێت بە سزای خۆیان بگەن، گەندەڵیەکانی ئەم دوو کەسە دەوڵەتەکەمانی تووشی خەرجی زۆر کردووە، لە ٥ مارت ١٣٠٩.

لە قەزای رانیە لەلایەن بەگزادەکانی خۆشناو حاجی عەبدوڵڵا بەگ نێردراوە

- بۆ ویلایەتی موسڵ

١٠ شەوال ١٣١٠

١٥ نیسان ١٣٠٩

لە ناو ویلایەت لە هەولێر قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بۆ بەرژەوەندی نا بەجێ لەگەڵ سەرۆکی عەشیرەتی بلباس محەمەد ئەمین ئاغا بەیەکەوە بە رێککەوتن ئاسایشی خەڵکیان تێک داوە و خەزینەی خەڵکیان بردووە و گەندەڵی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن، لە قەزای رانیە حاجی عەبدوڵڵا بەگ تەلەگراف نامە هاتووە.





هەواڵنامەی کتێب




<table>
<tr><td>22 رەبیعی یەکەم 1310</td><td>000089.006674</td><td>BEO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٢ رەبیعی یەکەم ١٣١٠<br>لە هەولێر کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی بە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری خەریک بوو، دوای مردنی ئەو مووچەیەی بۆی برابووەوە بدرێتە کورەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی، بۆ ئەم مەبەستە نەزارەتی دارایی فەرموویەتی، بەڵام هێشتا نەزارەتی ناوەخۆ بریاری نەداوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 8 سەفەر 1310 | 00101.00057 | DH. SAID. |

لاپەرە ١١١
تۆماری گشتی
محەمەد موخلیس ئەفەندی کوری مردوو دۆغرەمەچی زادە ئەحمەد ئاغا ئەفەندی
سالّی ١٢٨٣ کۆچی سالّی ئێستا ١٢٨١ لە ویلایەتی موسل قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە
لە قەسەبەی ناوبراودا لە مەکتەبی سبیان زانستی خوێندووە، زمانی عەرەبی و فارسی قسەی پێ دەکات، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی قسە دەکات و دەنووسێتەوە، ١٣٠٢ سالّی کۆچی سالّی ئێستا ١٣٠٠ لە تەمەنی بیست سالّی لە قەزای هەولێر لە قەڵەمی ژمێریاری، ١٣٠٦ سالّی کۆچی سالّی ئێستا ١٣٠٥ بە مووچەی ١٠٠٠ قوروش لە شەمامک لە لای کەندیناوە لە نوسراوی گشتی کاری کردووە، هەرچی فەرمانگەی باجە ئەوا لە سالّی ١٣٠٧ زیلحیجە ٢٧، واتە ١ ئۆغستۆس ١٣٠٦ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش لە قەزای هەولێر ناحیەی دیزەیی لە نووسینەوەی باج دامەزراوە، دواتر لە پر لەبەر هەندێک هۆکار سالّی ١٣٠٩ شەعبان ١٢، واتە ٢ شوبات ١٣٠٧ لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لە ١٠ تشرینی دووەم ١٣٠٨ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە قەسەبەی موسڵ لە نووسینەوەی باج کاری کردووە، هەروەها لە ٢٤ جەمادی یەکەم، واتە ١ کانوونی دووەم ١٣٠٨ گەراوەتەوە سەر کاری پێشووی لە ناحیەی دیزەیی لە نووسینەوەی باج کاری کردووە، لە تێبینیەکانی قائیمقامی قەزای هەولێر بە وەکالەت لەگەڵ فەرمانبەری باج لە کەرکووک و بەرێوەبەرایەتی کارگێری گشتی نووسین و باج لەگەڵ نەزارەتی دارایی راگەیەندراوە پلەی کارەکەی تەواوە، کاتێک لە نووسینی باجی هەولێر بووە، ئەگەر لەبەر مەسەلەی خێزانی دەستی لە کارکێشابێتەوەش بەم دواییە بەهۆی بێ تاوان دەرچوونی دووبارە گەراوەتەوە سەر کار، هەروەها ماوەی بەکار هێنان و بری مووچەکەی لە ویلایەتی موسڵ بە نووسراوی مێژووی ١١ زیلقەعدە ١٣١٠ لە شەمامک لەلایەنی کەندیناوە لە نووسین و ناحیەی دیزەیی لە نووسنی باج، قەسەبەی موسڵ لە باج ماوەی بەکارهاتن و بری مووچەکەی لە موڵکی هومایۆنی شەمامک و ئەنجوومەنی کارگێری هەولێر و بەرێوەبەرایەتی باجی ویلایەتی موسڵ ٢٣ کانوونی دووەم ١٣٠٨ و ١١ تشرینی دووەم بە دوو پارچە داواکاری، بروانامە و نووسراوی عوسمانی پشت راست کراوەتەوە، لەگەڵ نووسرا و باج لە کارگێری گشتی بە نووسراوی مێژووی ٥ تەمموز ١٣٠٨ هەڵگیراوە، ٨ سەفەر ١٣١٠ و ٢٤ مایس ١٣١٦.




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000109.008157 | 29 ڕەبیعی کۆتایی 1310 |

٢٩ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بە مەبەستی دامەزراندنی دیوانی جەنگی (دیوان حربی) لە هەولێر، دیاریکردنی مووچە و خەرجی ڕێگای فەرمانبەرانی، ئەوا وێنەیەکی شورای دەوڵەت لەگەڵ داواکاری بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە تا جێبەجێ بکرێت.


نظارت امور مالیه
محاسبهٔ عمومیه

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
118 | 8815 | 2

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000118.008815 | 17 جەمادی یەکەم 1310 |
|---|---|---|

- بۆ نەزارەتی دارایی
١٧ جەمادی یەکەم ١٣١٠
٢٥ تشرینی دووەم ١٣٠٨
ماوەیەکی زۆر لە هەولێر کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بووە، دوای مردنی ئەو مووچەیەی کە بۆی برابووەوە، ماوەتەوە، بە ڕەزامەندی سەروو ئەو ١٠٠٠ قورووشەی کە ناوبراو وەریدەگرت، بدرێتە کورەکەی بە ناوی ئەبو بەکر ئەفەندی، بە مێژووی ٢٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٠ پەیوەندیداران ئاگادار کرابوونەوە، بەڵام دوای بە دواداچوون دەرکەوتووە مووچەی ناوبراو بۆ کەسێکی تر دابین کراوە و بۆیە پێویستە چاوەڕێ بکات تا مووچەیەکی تر بێ خاوەن دەبێت.

- نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
ماوەیەکی زۆر لە هەولێر کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بووە، دوای مردنی ئەو مووچەیەی کە بۆی برابووەوە، ماوەتەوە، بە ڕەزامەندی سەروو ئەو ١٠٠٠ قورووشەی کە ناوبراو وەریدەگرت، بدرێتە کورەکەی بە ناوی ئەبو بەکر ئەفەندی، بە ئاماژەی نەزارەتی ناوەخۆ ڕەزامەندی مێژووی ٤ تشرینی یەکەم ١٣٠٨ دراوەتە پەیوەندیداران، بەڵام ناوبراو حاجی عومەر ئەفەندی لە دارایی سەنجەقی شارەزوور مانگانە ١٠٠٠ قورووش مووچەی هەیە، هەر لە ساڵی ١٣٠٧ کانوونی یەکەم ڕۆژی چوارەم دوای مردنی لە ویلایەتی موسڵ تۆمار کراوە، مووچەی ناوبراو بۆ کەسێکی تر دابین کراوە و بۆیە پێویستە چاوەڕێ بکات تا مووچەیەکی تر بێ خاوەن دەبێت، بە ڕەزامەندی پاشا لە ژمێریاری گشتی دارایی باس کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٠ و ٢٢ کانوونی یەکەم ١٣٠٨.
نازری دارایی


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
118 2815 1


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
123 | 9202

هەوالنامەی کتێب

| 24 جەمادی کۆتایی 1310 | 000123.009202 | BEO. |
|---|---|---|

٢٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٠
بۆ نەزارەتەکانی ناوەخۆ و دارایی و دەفتەر خاقانی
داواکاری فەرمانگەی شورای دەوڵەتی ناوەخۆ، ئەنجوومەنی تایبەت لەگەڵ ڕەزامەندی پاشا بۆ نەزارەتەکانی ناوەخۆ و دارایی و دەفتەری خاقانی بە مەبەستی جێبەجێ کردن.
سەبارەت بە بەستنەوەی گوندی چالەگەردەلە بە قەزای هەولێر.



| | | |
|---|---|---|
| MF. MKT. | 160.83 | 20 ڕەجەب 1310 |

بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی ویلایەتی موسڵ
٥ کانوونی دووەم ١٣٠٨
لە مەکتەبی ڕوشدییەی هەولێر بەم دواییە قوتابی کەمی کردووە، گەیشتۆتە ١٥ قوتابی، سەبارەت بە ڕەت کردنەوەی مامۆستای پلە یەک، کە لەلایەن مامۆستای پلە دوو نووسراو هاتووە، ئەوەی پێویستە بوترێت لە ژێر کارگێری مامۆستای پلە دوو مەکتەبی ڕوشدییە بە شێوەیەکی گونجاو شایەنی ئەوە نییە و سەنەدی لێ وەرناگیرێت، بۆیە ڕەت کردنەوەی مامۆستای پلە یەک لە مەکتەبی ناوبراو باش نییە، بە پێی ووتە جیاوازی کردن لە نێوانیان تەندروستە و پێویستە لێکۆڵینەوە لە سەر هۆکاری کەم بوونەوەی قوتابی بکرێت.

٢٠ ڕەجەب ١٣١٠
٢٦ کانوونی دووەم ١٣٠٨




هەواڵنامەی کتێب

| 5 شەوال 1310 | 000185.013854 | BEO. |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
٥ شەوال ١٣١٠
١٠ نیسان ١٣٠٩
ماوەیەکی زۆر کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی لە هەولێر خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بووە، دوای مردنی مووچەکەی ١٠٠٠ قوروشە ماوەتەوە، لە مێژووی مردنیەوە کە دەکاتە ١٣٠٧ لە مانگی کانوونی یەکەم رۆژی چوارەم، مووچەکە بۆ کورەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی بڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە سەر ئاماژەی نەزارەتی ناوخۆ لە سەروو بە مێژووی ٢٥ رەبیعی یەکەم ١٣١٠ پەیوەندیداران لە دابین کردنی ئەو مووچەیە ئاگادار کراونەتەوە، لەبەر ئەوەی باری بژێوی ژیانی باش نییە و لە مێژووی مردنی باوکیەوە ئەو مووچەیە بۆ ئەبو بەکر ئەفەندی بڕێتەوە، ناوبراویش داواکاری پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی مووچەی باوکی بۆ بڕێتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 287.26 | 12 ئەیلوول 1310 |

بۆسەدارەتپەناهی
لە خانەدانی قەزای هەولێر و ئەندامی دادگای سەرەتایی حاجی رەشید ئەفەندي بە هۆی کاری باش و دڵسۆزی لە بارەی بەرز کردنەوەی پلەکەی بۆ پلە سێیەم، لە ویلایەتی موسڵ نووسراو هاتووە بە مێژووی ٣ تەمموز ١٣١٠ لەگەڵ هاوپێچەکەی بە یەکەوە پێشکەش کراوە.



| ŞD. | 922.56 | 21 زیلقەعدە 1310 |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی خانەنشینی فەرمانبەر
ژمارە ١٩٨٣
لە مەرکەزی پۆستەی هەولێر ئەمین ئاغا کۆچی دوایی کردووە، لەلایەن خێزانەکەی عایشە و کچەکەی مەریەم خان و کورەکانی رەفعەت و عوسمان ئەفەندی داوای مووچەیەکی دیاری کراویان کردووە، نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە ئاگادارکراوەتەوە، لەگەڵ داواکاری ماوەی خزمەت و جگە لەوانە نووسراوی ژمێریاری رێکخراوە و وردبینی بۆ کراوە.
نووسراوی ناوبراو کە ئەو شوێنانەی ئەرکەکانی تێدا جێبەجێ کردووە لەگەڵ مێژووەکانیان، جگە لەوە بری ئەو مووچانەی وەریگرتووە لە مێژووی مردنی ١ تشرینی یەکەم ١٣٠٨ بە پێی بریارنامەی کاروباری فەرمانبەریەتی ماددەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ دوای زیادکردن و کەم کردن ئەوەی شایەنیەتی ١٢٠ قوروش مووچەیە، کە لە نێوانیان بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەر یەکەیان ٣٠ قوروشیان پێ بدرێت. هەروەها بە پێی ماددەی ٣٥ بۆ مامەڵەکەیان لە سەندوق بۆیان دابین کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢١ زیلقەعدە ١٣١٠ و ٢٥ مایس ١٣٠٩.



هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 1983.23 | 11 موحەررەم 1310 |
| --- | --- | --- |
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١١ موحەررەم ١٣١٠<br>٢٣ تەمموز ١٣٠٨<br>پێشەکی لە بنکەی پۆلیس لە سەر مەسەلەی کچێک قسەیان کردووە و خۆیان تێکەڵی ئەو کارە کردووە، هەروەها بۆ دەرهێنانی ئەو کەسانە لە بنکەی پۆلیس قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا و عەبدوڵڵا ئەفەندی و لەگەڵ ئەو پۆلیسانەی کە لەگەڵیانن ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، بۆ ئەم مەبەستە بە کۆی ١١٥٠٠ قوروش لە خەرجی ساڵی ١٣٠٧ پێیان دراوە، بەمەش نووسراو بۆ نەزارەتی دارایی کراوە. | | |



هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>1984.10</td><td>15 موحەڕڕەم 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٥ موحەڕڕەم ١٣١٠<br>٢٧ تەمموز ١٣٠٨<br>لە هەولێر خەریکی ووتنەوەی زانست و زانیاری بوو، بەڵام کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی دوای مردنی ئەو مووچەیەی کە ١٠٠٠ قوروش بوو لە کاتی خۆی بۆی برابووەوە، ئێستا کوڕەکەی بە ناوی ئەبو بەکر ئەفەندی کە سێبەری ئەوە، هەر چەندە داواکراوە ئەو مووچەیە بۆ ئەو بڕێتەوە، بەڵام ناوبراو لە هەولێر لە تەکیەی فاتیمە خان پۆست نشینە و ئەو تەکیە بۆ رۆژێکیش خواردن و ئەرکی نەبووە، بۆیە داوا لە نەزارەتی ئاوقاف دەکرێت، لە داهاتی ئاوقاف مانگانە ٥٠٠ قوروشی بۆ ببڕێتەوە.</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 1996.76 | 12 سەفەر 1310 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
١٢ سەفەر ١٣١٠
٢٣ ئۆغستۆس ١٣٠٨
لەلایەن سەدارەتپەناهی ئاماژەی پێکراوە، پێشەکی لە بنکەی پۆلیس قسەی لەسەر کراوە، لەسەر مەسەلەی کچێک قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا لەگەڵ یەکێک لە زاناکان بە ناوی عەبدوڵلا ئەفەندی لەگەڵ هەندێک لە پۆلیس بانگ کراون، ئەو پارەی پێیان دراوە، لە موازەنەی ساڵی ١٣٠٧ بە پێی ڕێکخستنی ١١٥٠٠ قوروش لە پارەی ویلایەتی موسڵ لە کاتی ڕێکخستنی بوودجەی هەمان ساڵ هەژمار کراوە، یەک پارچە نامە نێردراوە، لە ژمێریاریش نووسراوەتەوە.



| | | |
|---|---|---|
| 2 رەبیعی کۆتایی 1310 | 2014.4 | .DH. MKT |

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢ رەبیعی کۆتایی ١٣١٠
١١ تشرینی یەکەم ١٣٠٨
ماوەیەکـی زۆرە لـە هەولێـر کوچـک ئاغـازادە حاجـی عومـەر ئەفەنـدی خەریکـی ووتنـەوەی زانسـت و زانیـاری بـوو، بەهـۆی مردنیـەوە بـە فەرمانی سـەروو ئـەو ١٠٠٠ هـەزار قـوروش مووچەیـەی بـۆ برابـووەوە، بـە مێـژووی مـردنی لـە ١٣٠٧ کانـوونی یەکـەم رۆژی چـوارەم کورەکـەی ئەبـو بەکـر ئەفەنـدی وەریدەگرێـت، بـە مەبەسـتی دابیـن کردنیـشی لـە ئەنجوومـەنی کارگێـری ویلایـەت بـە داواکاری نێردراوەتـە نـەزارەتی دارایی و سـەروو ئـاگادار کراوەتـەوە.



هەولێرنامەی کتێب

| 4 رەبیعی کۆتایی 1310 | 2015.24 | .DH. MKT |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٤ رەبیعی کۆتایی ١٣١٠
١٣ تشرینی یەکەم ١٣٠٨
لەلایەن سەدارەتپەناهی ئاماژەی پێکراوە، پێشەکی لە بنکەی پۆلیس قسەی لەسەر کراوە، لەسەر مەسەلەی کچێک قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا لەگەڵ یەکێک لە زاناکان بە ناوی عەبدوڵلا ئەفەندی لەگەڵ هەندێک لە پۆلیس بانگ کراوە، ئەو پارەی پێیان دراوە، لە موازەنەی ساڵی ١٣٠٧ بەپێی رێکخستنی ١١٥٠٠ قوروش لە پارەی ویلایەتی موسڵ لە کاتی رێکخستنی بوودجەی هەمان ساڵ هەژمار کراوە، یەک پارچە نامە نێردراوە، لە ژمێریاریش نووسراوەتەوە.



هەولێرنامەی کتێب

| .DH. MKT | 2038.48 | 14 جەمادی کۆتایی 1310 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٠<br>٢٢ کانوونی یەکەم ١٣٠٨<br>لە سەنجەقی شارەزوور گوندی چالەگەردەلە لە نێوان هەولێر و کۆی سانجەق و ناحیەی کۆپری بە هیچ شوێنێک نەبەستراوەتەوە، لەبەر ئەوەی لە هەولێر نزیکە، ساڵی ١٣٠٨ لە مانگی مارت بۆ بەستنەوەی بە هەولێر لە شورایی دەوڵەت ئاماژەی پێ کراوە و لە ئەنجوومەنی تایبەت بڕیاری لەسەر دراوە. | | |



هەولێرنامەی کتێب

| I. TAL. | 28.4 | 29 موحەررەم 1311 |
| --- | --- | --- |

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٢٦٧
لە فەرمانی هێنانی یەزیدییەکان و شەش سەد خانەی عەشیرەتی هەرکی کە کۆچیان کردبوو بۆ ئێران، بۆ ناو مەمالیکی شاهانە، قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا هاوکاری کردووە، لەبەر ئەوە بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەی بۆ میری میران پێشکەشی نەزارەتی ناوەخۆ کراوە، لە ٢٩ موحەررەم ١٣١١ و ٣١ تەمموز ١٣٠٩.

- قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵلا پاشا یەکێکە لە خانەدانەکان بەهۆی هەوڵەکانی کە داویەتی، لە وەرگرتنی پلەی میری میران لە ویلایەتی موسڵ مێژووی ٢٠ مایس ١٣٠٩ ژمارە ٣٤ نووسراو هاتووە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٤ موحەررەم ١٣١١ و ٢٦ تەمموز ١٣٠٩.
نازری کاروباری ناوەخۆ



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I. TAL.</td><td>53.11</td><td>22 زیلقەعدە 1311</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی<br>لە قەزای هەولێر حاجی ئەحمەد ئاغا لە خانەدانەکانی هەولێرە لە سەرۆکایەتی شارەوانی بە هۆی هاوکاری و تێکۆشانی سەبارەت بە وەرگرتنی پلەی سێیەم لە ویلایەتی موسڵ نووسراو بە مێژووی ٥ شوبات ١٣٠٩ هاتووە، لە ٢٢ زیلقەعدە ١٣١١ و ١٦ مایس ١٣١٠.</td></tr>
</table>


حضور عالی حضرت صدارتپناهیه

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 104.34 | 24 موحەررەم 1311 |
| بۆ سەدارەتپەناهی<br>قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لە ئەشراف و خانەدانەکانی هەولێر پلەی میری میرانی وەرگرتووە، لە بارەی بەرز بوونەوەی پلەکەی بۆ میری میران لە ویلایەتی موسڵ نووسراو بە مێژووی ٢٠ مایس ١٣٠٩ ژمارە ٣٤ پێشکەش کراوە، تاوەکو جێبەجێ بکرێت. | | |



هەوالنامەی کتێب

| DH.MKT. | 184.29 | 3 جەمادی کۆتایی 1311 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
لە قەزای هەولێر ناحیەی قوشتەپە سەر بە سانجەقی کەرکووک، محەمەد ئاغا بە وەکالەت بەڕێوەبەرە، بەهۆی سکاڵای هاووڵاتیان لەسەر کارەکەی لادراوە و ئیبراهیم ئاغا لە شوێنی ئەو دامەزراوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو لە ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ٢٠ تشرینی یەکەم ساڵی ١٣٠٩ ژمارە ١١٧ خوێندراوەتەوە، بەڵام بە پێی داواکاری لێرە لە ناحیەی ناوبراو بەڕێوەبەرەکەی فەیزوڵڵا ئەفەندی بوونی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە زانیاری روونترمان بۆ بنێرن، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٣ جەمادی کۆتایی ١٣١١ و ٣٠ تشرینی دووەم ١٣٠٩.


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH.MKT | 208.57 | 13 شەعبان 1311 |
| بۆسەدارەتپەناهی<br>لـە قـەزای هەولێـر ئەندامـی ئەنجوومـەنی کارگێـری لـە خانـەدانی هەولێـر عەبدوڵـڵا ئاغا لەبـەر خزمـەتی بـاشی پلـەی بـۆ سـێیەم پلـە بـەرز بۆتـەوە، بـە پێـی نـووسراوی ویلایـەتی موسـڵ هاتـووە، هەروەها ئەسـعەد ئەفەنـدی کـە مـاوەی ٢٠ سـاڵە لـە گومـرگ لـە رسـومات کار دەکات، بـە هەمـان شـێوە هەمـان پلـەی پـێ بدرێت. | | |



| DH.MKT. | 241.67 | 22 زیلقەعدە 1311 |
|---|---|---|
| ٢٢ زیلقەعدە ١٣١١<br>١٦ مایس ١٣١٠<br>بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی<br>لـە خانەدانـەکانی قـەزای هەولێـر لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی حاجـی ئەحمـەد ئاغـا بەهـۆی هەوڵ و کۆشـشی لـە کارەکانی پلـەی بـۆ سـێیەم پلـە بـەرز بکرێتـەوە، بـۆ ئەم مەبەسـتە نـووسراو بـە مێژووی ٥ شـوبات سـاڵی ١٣٠٩ لـە ویلایەتی موسـڵ نێـردراوە. | | |



| DH. MKT. | 245.34 | 29 زیلقەعدە 1311 |
|---|---|---|
| بۆسەدارەتپەناهی<br>٢٩ زیلقەعدە ١٣١١<br>٢٣ مایس ١٣١٠<br>لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی کەرکووک، ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری حاجی خضر ئاغا بەهۆی کاری باش و هاوکارییەکانی لە رووی کارگێرییەوە، لە پلەی پێنجەم بۆ پلەی سێیەم بەرز بۆتەوە، ئەو نوسراوە لە مێژووی ٥ شوبات ١٣٠٩ نێردراوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 246.36 | 3 زيلحيجه 1311 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ئۆفیسەکانی گشتی سەربازی شاهانە<br>٣ زیلحیجە ١٣١١<br>٢٦ مایس ١٣١٠<br>لەبەر ئەوەی شارەوانی پزیشکی سەنجەقی کەرکووک بەتاڵە، مووچەکەی لە فەرمانگەی شارەوانی پێ دەدرێت، هەرچی زووە وا پێویست دەکات لە ویلایەتی موسڵ کەسێک دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە مێژووی ١٣ ئۆغستۆس و ١٠ تشرینی یەکەم و ٢٠ تشرینی دووەم ١٣٠٧ نووسراو بۆ نەزارەت و نەزارەتی پزیشکی نێردراوە، کەچی تا ئێستا وەڵامێک نەهاتووە. هەروەها ئەمجارە لە ویلایەتی ناوبراو بە مێژووی ١٤ مایس ١٣١٠ تەلەگرافنامە نێردراوە تا بۆ سەنجەقی کەرکووک و قەزای هەولێر بۆ هەر یەکە پزیشکێک دابمەزرێت و بنێردرێت و دووپات کراوەتەوە کە بە پێی تێروانینی پێشوو جێبەجێ بکرێت. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 285.7 | 27 مایس 1311 |
| --- | --- | --- |

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە نووسراوی وەڵامی نەزارەتی پەناهیە ژمارە ١٣ لە مێژووی ٣٠ مارت ١٣١١ بۆ قەزای هەولێر لە سانجەقی کەرکووک پزیشک دەنێردرێت، هەروەها لەلایەن موتەسەرفی کەرکووک نیشانی داوە کە پێویستە بە پەلە و خێرا دابمەزرێن، لە ٢٧ مایس ١٣١١.
والی موسڵ عەزیز

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ سانجەقی کەرکووک و قەزای هەولێر پێویست بوو پزیشک دابمەزرێت لە تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٤ ئۆغستۆسی ساڵی ١٣١٠ دیاری کراوە، کەچی ئەو پزیشکانەی شارەوانی هێشتا نەهاتوون، بۆیە پێویستە ئەوانە رەوانەی شوێنی خۆیان بکرێن، لە ١٨ کانونی دووەم ١٣١٠.
والی موسڵ عەزیز

- ئۆفیسی پزیشکی شاهانە لە نەزارەتی ئۆفیسی سەربازی شاهانە
ژمارە ٢٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بە پێی تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ هاتووە، بۆ موسڵ و کەرکووک و هەولێر بۆ هەر یەکە پزیشکێکی شارەوانی لەم ناوچانە دابمەزرێت، بە نوسراوی نەزارەتی پەناهی دەستەی پزیشکی مەلەکی بە مێژووی ٢٤ کانوونی دووەم ساڵی ١٣١٠ ژمارە ٣٧٥ نادرداوە، پێشەکی لە مێژووی ٢ تەمموز ١٣١٠ دکتۆر بەهائەددین عارف ئەفەندی بۆ موسڵ دامەزراوە، بەڵام بۆ هەولێر و کەرکووک بۆ هەر یەکە پزیشکێک دەدۆزنەوە و دەنێردرێت ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ شەوال ١٣١٢ و ٢٣ مارت ١٣١١.
نازری تۆپخانەی عامرە و ئۆفیسەکانی گشتی سەربازی شاهانە





هەواڵنامەی کتێب





هەوالنامەی کتێب

| .DH.MKT | 311.4 | 17 نیسان 1311 |
| --- | --- | --- |

- بۆ ویلایەتی موسڵ
لـە قـەزای هەولێـر فەرمانبـەری ناسـنامە ڕەشـید ئەفەنـدی کاغـەزی وەرگێـراوی خـۆی نـاردووە، کـە بـە نـووسراوی مێـژووی ٢٨ کانـوونی دووەم سـاڵی ١٣١٠ هاتـووە، بـۆ نـەزارەتی ژمێریـاری نێـردراوە، کەچـی فەرمانبـەری ناسـنامە عەبدولوەهـاب ئەفەنـدی لـەم شـوێنەیە، ئایـا کـەی ڕەشـید ئەفەنـدی دامـەزراوە، لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت.

- قەڵەمی نووسەر لە ویلایەتی موسڵ
ژمارە ٥٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لـە سـانجەقی کەرکـووک، قـەزای هەولێـر عەبدولوەهـاب ئاغـازادە لـە خانەدانـەکانی هەولێـر فەرمانبـەری ناسـنامە، بەهـۆی کاری بـاش و خزمەتەکانیـەوە بـۆ پلـەی سـێیەم پلـەی بـەرز بۆتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لە نـەزارەتی ناسـنامەی ویلایـەت ڕەزامەنـدی دراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات لـە ٢٤ موحـەررەم ١٣١٢ و ١٤ تەممـوز ١٣١٠.
والی موسڵ



| DH.MKT. | 386.14 | 5 حوزەیران 1311 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>لە قەزای هەولێر ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئەفەندی پلەی بەرز بۆتەوە بۆ پلەی چوار. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 000607.045501 | 10 شوبات 1311 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی خەزینەی شاهانەی جەلیلە<br>٢٩ شەوال ١٣١٢<br>١٢ نیسان ١٣١١<br>لـە موڵکـی هومایۆنی کشـتوکاڵی شـەمامک سـەر بـە قـەزای هەولێر سـەر بـە سـانجەقی کەرکـووک، یەکێک لـە ئاغـاکانی عەشـیرەتی دزەیـی ئیبراهیـم ئاغـا و نزیکـەی چـل کـەس لـە خـزم و پاسـەوانەکانی چوونەتـە سـەر فەرمانگـەی موڵکـی هومایـۆن، فەرمانبەرەکانیـان ناچـار کـردووە، کارەکانیـان بـە جـێ بهێڵـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـەواڵ نێردراوەتـە سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆن لـە موسـڵ، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە چارەسـەرێک بـۆ ئـەوە بدۆزرێتـەوە، لـە ویلایـەتی موسـڵ تەلەگـراف بـە مێـژووی ١٠ شـوبات ١٣١١ لەگـەڵ زانیـاری نێـردراوە، تـا کاری لـە سـەر بکرێـت. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 22 نیسان 1311 | 000615.046071 | BEO. |

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی مەزن
شیفرەی تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ
مۆڵکی هومایۆنی شەمامک کە دەکەوێتە قەزای هەولێر و بەستراوەتەوە بە سەنجاقی کەرکووک، زەوی کشتوکاڵییە، کە بوێری کردووە کاری نەشیاو بکات، دراوەتە دادگا و عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی قەزای ناوبراو کە لە خانەدانەکانی رواندزە، بە پێچەوانەوە بەپێی ووتەی هەواڵگری و سیخورەکان ناوبراو کارەکانی زۆر بەرێکوپێکی کردووە، بەڵام چەند مانگ بەر لە ئێستا بەهۆی هەندێک لە سەرکردە کوردەکان بیری تێک چووە، بەهۆی ئەم بارودۆخە پاشای ناوبراو لەسەر مانەوەی لە کاری قائیمقامیەتی باش نییە، تا لە ویلایەتێکی تر جێگیر دەکرێت، لە کارەکەی بمێنێتەوە و دواتر لە قائیمقامی شەهربازار شەوقی بەگ وەکو قائیمقامی هەولێر دابمەزرێت و فەرمان دەربکرێت، لە ٢٢ نیسان ١٣١١.
والی عەزیز

- کارتی ڕەزامەندی لە ویلایەتی موسڵ
لە ٢٢ نیسان ساڵی ١٣١١ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لە خانەدانەکانی رواندز تا ئێستا ئەرکەکەی بە شێوەیەکی باش ئەنجام داوە، ئێستا بەبێ هۆ لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لەبەر ئەوە خۆی شاردۆتەوە پێویستە شەوقی بەگ بهێنرێتە شوێنی.

- شیفرە بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٤ نیسان ١٣١١
لە ٢٢ نیسان ساڵی ١٣١١ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لە خانەدانەکانی رواندز تا ئێستا ئەرکەکەی بە شێوەیەکی باش ئەنجام داوە، ئێستا بەبێ هۆ لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لەبەر ئەوە خۆی شاردۆتەوە پێویستە شەوقی بەگ بهێنرێتە شوێنی.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
615 | 46074 | 2




هەواڵنامەی کتێب



هەولێرنامەی کتێب

| DH.MKT. | 223.43 | 18 رەجەب 1312 |
|---|---|---|

- لیوای کەرکووک ئەنجوومەنی کارگێری / ٧٦٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
لە قەسەبەی هەولێر عوسمان ئەفەندیزادە محەمەد ئەفەندی بە وانە ووتنەوە سەرقاڵە، بەراستی لە خانەدانەکانی زانایەکانە، هەروەها لە رووی بژێویەوە تووشی تەنگانە و پەرێشانی بووە، بۆ ئەو مەبەستە مووچەیەکی دیاریکراوی بۆ بڕێتەوە، داواکاری لە ئەنجوومەنی کارگێری بە ژمارە ٣٢٤ لە مێژووی ٢٢ کانوونی یەکەم ساڵی ١٣١٠ هاتووە، کە لە خەزینەی دارایی یاخود لە ئاوقاف مانگانە ٣٠٠ قوروش بۆ بڕێتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٨ رەجەب ١٣١٢ و ٢ کانونی دووەم ساڵی ١٣١٠.

- قەڵەمی نووسەر لە ویلایەتی موسڵ
ژمارە ٢٠٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە قەزای هەولێر عوسمان ئەفەندیزادە محەمەد ئەفەندی بە ووتنەوەی زانست و زانیاری سەرقاڵە، بژێوی خراپ و پەرێشانە، بۆیە لە بارەی برینەوەی مووچەیەکی دیاریکراو، داواکاری لە ئەنجوومەنی کارگێری سەنجاقی کەرکووک نێردراوەتە نەزارەتی پەناهی، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٣٠ رەجەب ساڵی ١٣١٢ و ١٣ کانوونی دووەم ساڵی ١٣١٠.
والی موسڵ


موصل ولايتي
مكتوبي قلمي
عدد
٢٠٥



هەواڵنامەی کتێب

| .DH.MKT | 280.32 | 8 ڕەبیعی یەکەم 1312 |
| --- | --- | --- |

٨ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٢
٢٧ ئۆغستۆس ١٣١٠
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە سـانجەقی کەرکـوک سـەرۆکی عەشـیرەتی دزەیـی محەمـەد ئاغـا بـە هـۆی بـاشی کارەکانی و دلسـۆزیەوە، پلـەی بـۆ قەپوچـی بـاشی لـە تەویلـەی کۆشـکی پاشـا بـەرز بکرێتـەوە، بـۆ ئەم مەبەسـتە لـە ویلایـەتی موسـڵ نـووسراو بـە مێـژووی ٧ تەممـوز ١٣١٠ ژمـارە ٥٦ هاتـووە، کـە بـە ڕێگـەی فەرمانگـەی تەشریفـات پێشـکەش کـراوە.



| DH.MKT. | 294.33 | 11 ڕەجەب 1312 |
|---|---|---|
| بۆسەدارەتپەناهی<br>لـە دادگای سـەرەتایی هەولێـر ئەندامـی دادگا دۆغرەمەجـیزادە عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی بەهـۆی کارە ڕێکوپێکـەکانی نـووسراو بـۆ ویلایـەتی موسـڵ لـە مێـژووی ٣ ئەیلـوول ١٣١٠ ژمـارە ٩٦ نێـردراوە، کـە پلـەی بۆ پلـەی چـوارەم بـەرز بکرێتـەوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 295.22 | 6 جەمادی کۆتایی 1312 |
|---|---|---|

- بۆ ویلایەتی موسڵ
٦ جەمادی کۆتایی ١٣١٢
٢٢ تشرینی دووەم ١٣١٠
لە قەزای هەولێر، میرزا عەلی دانیشتووی ئەو قەزایەیە، لەبەر بارودۆخی بژێوی خراپی داوای برێک مووچە دەکات، لە ٢٩ تشرینی یەکەم ١٣١٠ نووسراو نێردراوە، هەر چەندە داوا کراوە، بەڵام ئەو ماوەیە بەهۆی ئەوەی لە هەموو لایەک بۆ خەزینە بە تایبەتی بۆ ویلایەتی موسڵ داواکاری مووچە زۆرە، کاتەکە یارمەتیدەر نییە، بۆیە وا باشە تا بژێوی ژیانیان باش دەبێت، لە شارەوانی لە مووچەی دەستکورتی مووچەی پێ بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە مێژووی ١٥ تشرینی یەکەم ١٣١٠ هەروەها لە ٥ تشرینی دووەم ئاگاداری بۆ ویلایەتی جەلیلە نێردراوە.

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسەر
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لایەنگری دەوڵەتە، پێش دووساڵ لە خاکی ئێران لە قەسەبەی ساوجبۆلاق لەسەر مەسەلەی کچێک لەگەڵ ئینگلتەرا قسەی کردووە، لەبەر ئەوە لە سەنجەقی کەرکووک هاتۆتە قەزای هەولێر، میرزا عەلی لەبەر ئەوەی بژێوی خراپە، داوای برێک مووچەی کردووە، لەبەر ئەوەی گرفتی سامانیش هەیە، لە بارەی مووچەی ناوبراو لە ئەنجوومەنی کارگێری هەولێر ئەو پارەی بۆ ببڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو دراوەتە فەرمانگەی ئەنجوومەنی قەزا، ١١ جەمادی یەکەم ١٣١٢ و ٢٩ تشرینی یەکەم ١٣١٠.
والی موسڵ



موصل ولايتى
مكتوبى قلمى
١٥٨

دفتر نظارت جليلة

هەوالنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>306.7</td><td>11 جەمادی یەکەم 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆسەدارەتپەناهی<br>لـە هەولێـر مزگـەوت و تەکیـەی خانقـای خالیدییـە وێـران بـووە، بۆ ئەم مەبەسـتە نـۆژەن کردنـەوە و فراوان کـردنی پێویسـتە، لـە تەکیـەی ناوبراویش شـێخ عەبدولرەحـمان ئەفەندی بـە ووتنـەوە زانیاری سـەرقاڵە، بۆیە سـەبارەت بـە دابیـن کـردنی مووچەیەکـی دیاریکـراوی گونجـاو، لـە ویلایەتی موسـڵ نـووسراو بە مێـژووی ١٨ حوزەیـران سـاڵی ١٣١٠ هاتووە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>314.24</td><td>5 جەمادی یەکەم 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ سەدارەت پەناهی<br>لە هەولێر عەبدولمەجید ئەفەندی سەرقاڵی ووتنەوەی زانست و زانیارییە کە مووچەکەی ٢٠٠ قوروشە، داواکاری ناردووە تا مووچەکەی زیاد بکرێت، ئداواکاریەکەشی بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، بەم شێوەیە نووسراو و هاوپێچەکانی بەیەکەوە پێشکەش کراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 316.5 | 8 جەمادی کۆتایی 1312 |
|---|---|---|

بۆ سەدارەت پەناهی
٨ جەمادی کۆتایی ١٣١٢
٢٤ تشرینی دووەم ١٣١٠
لە قەزای هەولێر ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئاغا بە هۆی لێهاتوویی، پلەی بۆ پێنجەمین پلە لەگەڵ یەک پارچە نیشانی مەجیدی نیشانی وەرگرتووە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو بە مێژووی ٢٢ تشرینی یەکەم ١٣١٠ ژمارە ١٥٢ لە ویلایەتی موسڵ نێردراوە.



| | | |
|---|---|---|
| .DH.MKT | 316.6 | 8 جەمادی کۆتایی 1312 |

بۆسەدارەتپەناهی
٨ جەمادی کۆتایی ١٣١٢
٢٤ تشرینی دووەم ١٣١٠
لـە خانـەدانی هەولێـر و ئەندامـی ئەنجوومـەنی کارگێـری عەبدوڵـڵا ئاغا لەبـەر خزمەتـە باشـەکانی بـۆ پلـەی پێنـج و یـەک پارچـە نیشـانی مەجیـدی وەرگرتـووە، لـە ویلایـەتی موسـڵ بـە نـووسراوی مێـژووی ٢٢ تشرینـی یەکـەم سـاڵی ١٣١٠ ژمـارە ١٥١ پێشـکەش کـراوە.



هەولێرنامەی کتێب

| .DH.MKT | 340.76 | 9 شەعبان 1312 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
٩ شەعبان ١٣١٢
٢٣ کانوونی دووەم ١٣١٠
لە قەزای هەولێر فەرمانبەری رەژی سەعید ئاغا بە پلەی سێیەم پلەکەی بەرز بۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بە نووسراوی مێژووی ٢٥ کانوونی یەکەم ساڵی ١٣١٠ لە ویلایەتی موسڵ هاتووە.



| .DH. MKT | 370.13 | 7 زیلقەعدە 1312 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٧ زیلقەعدە ١٣١٢<br>٢٠ نیسان ١٣١١<br>قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی کە دەیکات، بەهۆی زیادبوونی کارە بەدەکانی ڕێگای سنوور بە شێوەیەک تێک چووە، هەموو کەلوپەل و مەروماڵات دەخاتە زیادەوە، هەر یەکێک یەک ئاقچە زیاتری بداتێ، دەداتە ئەو. لە کاتی بەجێ هێشتنی پلەکەشی بۆ کوڕەکەی ١٢ ساڵانەکەی بەجێ هێشتووە، بۆیە پێویستە بە زووترین کات لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکرێت و کاری پێویست ئەنجام بدرێت. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 376.61 | 23 زیلقەعدە 1312 |
| --- | --- | --- |
| بۆ سەدارەتی پەناهی<br>لە قەزای هەولێر ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئەفەندی بەهۆی خزمەت و ماندوویەتی و دڵسۆزییەوە پلەی بۆ پلە سێ بەرز بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش نووسراو بە مێژووی ١٣ کانوونی دووەم ساڵی ١٣١٠ ژمارە ١٩٩ بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە تا جێبەجێ بکرێت. | | |



| | | |
|---|---|---|
| 18 زیلقەعدە 1312 | 377.68 | .DH. MKT |

- بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی نووسەر / ژمارە ١١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
سەرەتا لە بەغداد و بەسرا داربی ئاندرە لەگەڵ هاوبەشەکانی لە بازرگانخانە کار دەکەن، هەروەها بە مەبەستی کەیفخۆشی و گەشت کردن مۆسیۆ ئەمیل کۆکارن کە خەڵکی ئینگلتەرایە، لە ساڵی رابردوو لە ئۆغستۆس بەرەو زاب بەڕێکەوتووە، دوای ئەوەی لە هەولێر دەردەچێت، پۆلیس و ئێسترچیەکان مامەڵەی خراپی لەگەڵ دەکەن و دارکاری دەکەن، بە مەبەستی سزادانی ئەو کەسانەی کە بەم کارە هەڵساون، باڵیۆزخانەی ئینگلتەرا داواکاری پێشکەش کردووە و وەرگێردراوی ئەو داواکارییە نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١٨ زیلقەعدە ١٣١٢ و ١ مایس ١٣١١.
نازری دەرەوە

- بۆ ویلایەتی موسڵ
سەرەتا لە بەغداد و بەسرا داربی ئاندرە لەگەڵ هاوبەشەکانی لە بازرگانخانە کار دەکەن، هەروەها بە مەبەستی کەیفخۆشی و گەشت کردن مۆسیۆ ئەمیل کۆکارن کە خەڵکی ئینگلتەرایە، لە ساڵی رابردوو لە ئۆغستۆس بەرەو زاب بەڕێکەوتووە، دوای ئەوەی لە هەولێر دەردەچێت، پۆلیس و ئێسترچیەکان مامەڵەی خراپی لەگەڵ دەکەن و لێی دەدەن، بە مەبەستی سزادانی ئەو کەسانەی کە بەم کارە هەڵساون، باڵیۆزخانەی ئینگلتەرا داواکاری پێشکەش کردووە و وەرگێردراوی ئەو داواکارییە نێردراوەتە نەزارەتی دەرەوە لە مێژووی ١ مایس ١٣١١ ژمارە ١١٩، لە نەزارەتی باوبراویش نووسراو هاتووە بۆ جێبەجێکردنی.

هەواڵنامەی کتێب



باب عالی

دائرهٔ خارجیه

مکتوبی قلمی

عدد

۱۱۹

داخلیه نظارت جلیله سنه

دولتلو افندم حضرتلری

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 380.42 | 17 زیلقەعدە 1312 |

نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

دوو کەس لە پۆلیسی سوارە لە سلێمانیە بە جانتای پۆستەوە دەرچوونە، لە ناوچەی باش بولاق رووبەرووی چەتەکان بوونەتەوە، چەتەکان لە سێ سوار و پێنج پیادە هێرشیان کردۆتە سەریان لە کاتی شەردا هەموو کاغەزەکانی پۆستەخانە لەناوچوونە، هەروەها چەتە لە عەشیرەتی دیزەیی ئیبراهیم بایز بە هاوکاری ١٥٠ ئەسپ سوار لە نێوان هەولێر و ئاڵتون کۆپری لە گوندەکانی چواردەوری سوراونەتەوە و لە نێوان ئەو دوو قەزایە هێرشی کردۆتە سەر پۆستە، بۆ چاودێری کردن سەربازی شاهانە دەرچوونە، کەچی لە هەولێر بۆ ماوەی دوو کاتژمێر رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە، هەروەها هەواڵ دراوە کە ئەو پۆستانەی لە موسڵ و زاب بە دوو پۆلیس دەگوازرێنەوە، پێویستە ئەو پۆستانەی لە سلێمانیە دەردەچن لە پێنج کەس کەمتر نەبێت، و لە موسڵ و کەرکوک هەروەها لە ناو ویلایەتیش پێویستە زۆر بە وردی چاودێری بکرێت و لە گواستنەوەی پۆستەکاندا پۆلیسی زیاتر بنێردرێت، هەروەها بۆ چاودێری کردنی کاغەزەکانی پۆلیس چوونەتە ویلایەتی موسڵ، بۆ چاودێری کردنی یەکتر لە بەرێوەبەرایەتی پۆستە و تەلەگراف لە بەغدادیش بەردەوام تەلەگرافنامە هاتووە، ووتراوە بە پێی پێویست دەبێ رێگاکان پارێزگاریان لێ بکرێت، ئەمەشیان لە سەر ئەستۆی حکوومەتی ناوچەکەیە، جگە لەوەش هەر لە بارەی پاراستن و چاودێری کردنی رێگای پۆستە ئاگادارتان دەکەینەوە، لە ١٧ زیلقەعدە ١٣١٢ و ٣٠ نیسان ١٣١١.

نازری پۆستە و تەلەگراف



هەوالنامەی کتێب

| .BEO | 000515.038551 | 14 جەمادی یەکەم 1312 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>١٤ جەمادی یەکەم ١٣١٢<br>١ تشرینی دووەم ١٣١٠<br>لە هەولێر خانەقایەک بە ناوی خانەقای خالیدییە بەناوبانگە، مزگەوت و تەکیەکەی وێران بووە، بۆ نۆژەنکردنەوە و فراوان کردنی، هەروەها لە تەکیەی ناوبراو شێخ عەبدولرەحمان ئەفەندی سەرقاڵی وانە ووتنەوەیە، بە مەبەستی دابینکردنی مووچەیەکی دیاریکراو نووسراو نێردراوەتە ویلایەتی موسڵ، هەروەها بە پێی نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ لە مێژووی ١١ جەمادی یەکەم ١٣١٢ ژمارە ٢٣٦٥ کە بەیەکەوە نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی دەست بەکار بن. | | |




هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000631.047254 | 2 زیلحیجە 1312 |

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە قەسەبەی هەولێر محیەددین ئەفەندی لە تەکیە نیشتەجێیە و لە سەر تەریقەتی نەقشبەندییە، ئەمجارە دەیەوێت بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی و لەبەر دەستکورتی ناتوانێت، بۆیە بە داواکاریەک داوای یارمەتی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە ٢٠٠ قوروشی بۆ دابین بکرێت.

- بۆ سەدری ئەعزەم
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە لە قەسەبەی هەولێر لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی نیشتەجێی تەکیە، هەر چەندە پێنج ساڵ لەمەوبەر بۆ دەرسەعادەت گەشتم کردووە، ئێستا بە نیەتی گەڕانەوەم، هەر خۆی لەبەر دەستکورتیم، لەبەر دووری ڕێگا خەرجی ئەسپم نییە بۆ گەڕانەوە، بۆیە داواکارم ئاقچەیەکی دیاریکراوم پێ بدرێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەکات، لە ٢١ زیلحیجە ١٣١٢.

داواکار / نیشتەجێی تەکیەی هەولێر / محیەددین




هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی پێڕ

<table>
<tr><td>ŞD.</td><td>933.83</td><td>28 جەمادی یەکەم 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">
فەرمانگەی خانەنشینی فەرمانبەر<br>
ژمارە ٣٠٤٤<br>
بەڕێوەبەری دارایی قەزای هەولێر وەلی ئەفەندی کۆچی دوایی کردووە، خێزانەکەی زوبێدە و کچەکانی جەمیلە و فەهیمە خان هەروەها کوڕەکانی عەبدولقادر و محەمەد عەلی ئەفەندی لەلایەن خۆیانەوە داوایان کردووە مووچەیان بۆ ببڕێتەوە، لە ویلایەتی موسڵ نووسراو و داواکاری لەگەڵ ماوەی خزمەت هاتووە، جگە لەوەش لە ژمێریاری ئەو نووسراوانەی ڕێک خراوە ووردبینی بۆ کرا.<br><br>
مێژووی دەستبەکاربوونی ناوبراو و شوێن و بڕی ئەو مووچەی وەریگرتووە تا ڕۆژی مردنی لە ٢٥ شوبات ١٣٠٩ بە پشت بەستن بە بڕیارنامەی فەرمانبەر ماددەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ دوای بەرزکردنەوە و دابەزاندن بڕی ١٥٠ قوروش بە شێوەیەکی یەکسان مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە، کە هەر یەکە ٣٠ قوروش وەردەگرێت، بە پێی ماددەی ٣٥ لە سندوق مامەڵەی بۆ کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.<br>
لە ٢٨ جەمادی یەکەم ١٣١٢ و ١٥ تشرینی دووەم ١٣١٠
</td></tr>
</table>



| .I. ML | 16.33 | 13 جەمادی کۆتایی 1313 |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
١٦٤١
لە ساڵی ١٣٠٠ تا کۆتایی ساڵی ١٣٠٢ بۆ سەربازی شاهانە لە قەزای هەولێر پێداویستی گواستراوەتەوە بۆ قەسەبەی کەرکووک، بۆ ئەم مەبەستە تێچووی گواستنەوەی ئەو پێداویستیانە ١٨٥٧٠ قوروش ٣٤ پارە دراوە، لەبەر ئەوەی تێچووی گواستنەوەکە زۆرە، رەزامەندی لە سەر خەرج کردنی پارەکە نەدراوە، ئەو پارە دیاریکراوە کە پەیوەستە بە تێچووی ساڵی ١٣٠٢ لە موازەنەی ئەو ساڵە نووسراوەتەوە، بۆیە نێردراوەتە نەزارەتی دارایی لەگەڵ داواکاری فەرمانگەی ناوەخۆی شورایی دەوڵەت پێشکەش کراوە، لە ٩ رەجەب ١٣١٣ و ١٤ کانوونی یەکەم ١٣١١.
سەدری ئەعزەم

- بۆ نەزارەتی دارایی شورایی دەوڵەت ٢٣ جەمادی یەکەم ١٣١٣ ژمارە ١٢٢ لە فەرمانگەی ناوەخۆ خوێندنەوەی بۆ کراوە
لە ساڵی ١٣٠٠ تا کۆتایی ساڵی ١٣٠٢ بۆ سەربازی شاهانە لە قەزای هەولێر پێداویستی گواستراوەتەوە بۆ قەسەبەی کەرکووک، بۆ ئەم مەبەستە تێچووی گواستنەوەی ئەو پێداویستیانە ١٨٥٧٠ قوروش ٣٤ پارە دراوە، لەبەر ئەوەی تێچووی گواستنەوەکە زۆرە، رەزامەندی لەسەر خەرج کردنی پارەکە نەدراوە، ئەو پارە دیاریکراوە، لە سەنەدی تایبەت رەزامەندی لە سەر نەدراوە، بۆیە لە ویلایەتی موسڵ لە دەفتەردار پرسیار کراوە، بە پێی رێنماییەکان ئەو پێداویستیانەی کە لە شوێنی خۆیدا بە سەربازەکان دەدرێت، ئەگەر بێتو کەموکوری تێدا بوو، بە کراوەیی دەمێنێتەوە بە شێوەی قەرەبووکردنەوە بە پارەی ئاقچە لە موازەنەی ساڵی ١٣٠٢ بدرێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١٣ جەمادی کۆتایی ١٣١٣ و ١٨ تشرینی دووەم ١٣١١.
سەرۆکی فەرمانگەی ناوەخۆ و ئەندامەکانی

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| I. ML. | 16.61 | 26 شەعبان 1313 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
لە ویلایەتی موسڵ یەکێک لە شێخەکانی هەولێر کە لە ڕێزدارەکانی دەرسەعادەتە، لەبەر پەرێشانی باری بژێوی مووچەیەکی بۆ بڕیتەوە، لە هەمان کاتدا بەهۆی مردنی حەمدی پاشا ئەو مووچەی وەریدەگرت ماوەتەوە، لە پارەکەی ئەو وەکو سەدەقەی پاشا ٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ ببڕێتەوە، ٢٦ شەعبان ١٣١٣ و ٢٩ کانونی دووەم ١٣١١.

سەدری ئەعزەم





هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.BEO</td><td>000747.056018</td><td>26 شەعبان 1313</td></tr>
<tr><td colspan="3">- بۆ نەزارەتی دارایی<br>١٠ رەمەزان ١٣١٣<br>١٢ شوبات ١٣١١<br>لە شێخەکانی هەولێر ئەسعەد ئەفەندی بری ٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ براوەتەوە.<br><br>- سەر بە ویلایەتی موسڵ ئەسعەد ئەفەندی کە یەکێکە لە شێخەکانی هەولێر جێگەی رێز و میهرەبانییە لە خەلافەتپەناهیەوە بە مەبەستی ئاسان کردنی بژێوی ژیانی مانگانە مووچەی ٥٠٠ قوروشی بۆ براوەتەوە، ئەویش لەم پارەیەی کە لە دوای مردنی خانمەکەی حەمدی پاشا لە مووچەکەی ماوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو پێشکەش بە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە کراوە، لە ٢٦ شەعبان ١٣١٣ و ٢٩ کانوونی دووەم ١٣١٢.<br>سەدری ئەعزەم / رەفعەت</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
BEO

هەوالنامەی کتێب

| .BEO | 000759.056893 | 15 شەوال 1313 |
| --- | --- | --- |

- نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
ژمارە ٥٢
لە ویلایەتی موسڵ یەکێک لە شێخەکانی هەولێر ئەسعەد ئەفەندی، لە بروسە خێزانەکەی حەمدی پاشا کۆچی دوایی کردووە، مووچەکەی ماوەتەوە ٥٠٠ قوروشە، ئەگەر بۆ ناوبراو دابین بکرێت ئەوا مەمنونە، بە نوسراوی مێژووی ٢٧ شوبات ١٣١١ ئەو مووچەیەی کە بێ خاوەن ماوەتەوە، چۆتەوە سندوقی خانەنشین، لە ئەمەش ئەسعەد ئەفەندی لەم مووچەیە سوودمەند نابێت، بۆیە بە مەبەستی دابینکردنی ئەو مووچەیە بۆ ناوبراو لە ژمێریاری گشتی دارایی داوای رەزامەندی کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٥ شەوال ١٣١٣ و ١٨ مارت ١٣١٢.
نازری دارایی

- بۆ نەزارەتی دارایی
١٨ شەوال ١٣١٣
٢١ مارت ١٣١٢
بۆ یەکێک لە شێخەکانی هەولێر بە ناوی ئەسعەد ئەفەندی ئەمر و فەرمان لە خەلافەتپەناهی هۆمایۆنەوە دەرچووە، کە لە سندوقی خانەنشینی بە نووسراوی مێژووی ١٥ شەوال ١٣١٣ ژمارە ٥٢ نووسراوە ئەسعەد ئەفەندی لەبەر پێویستی بژێوی، فەرمان دەرچووە، لە مووچەی دەستکورتان ٥٠٠ قوروشی بۆ براوەتەوە.




هەولێرنامەی کتێب



| 6 رەبیعی کۆتایی 1314 | 104.33 | I. TAL. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
بەهـۆی بـاشی خزمەتکـردن و هاوکاریکردنیـان لـە ویلایەتەکانی ئەدرنە و موسـڵ قائیمقامـی هەولێر ئیبراهیم بـەگ و لـە ویلایـەتی ئەدرنـە بەڕێوەبـەری ئـەوراق حەسـەن بـەسری داواکـراوە پلەیـان بـۆ پلەی سـێیەم بەرز بکرێتـەوە، ٦ رەبیعـی کۆتایی ١٣١٤ و ٢ ئەیلـوول ١٣١٢.
سەدری ئەعزەم


Le ........ 189
N° d'arrivé
h. m. du
Réexpédié à
Signature de l'employé
TÉLÉGRAMME
L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.
Le ........ 189
Transmis par
h. m. du
Commencé à
Fini à
Signature de l'employé
De ........ Pour ........

| N° du dépôt | Nombre de mots | Group | Date du dépôt | Heures | Minutes | Matin ou soir | Voies | Indications non taxés |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٩٧٢ | ٢١ | ١٨ | | ١ | | | | |

هەوالنامەی کتێب

| DH. ŞFR. | 231.32 | 10 کانوونی دووەم 1314 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ٣٠ کانوونی یەکەم ١٣١٤ مریەم سەباح شێخ محەمەد نوری لە دهۆکەوە بۆ خانەی قەزای هەولێر گوازراوەتەوە، ئێستا پێویستی بە هیچ مامەڵەی تر نییە، ١٠ کانوونی دووەم ١٣١٤.
والی موسڵ


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
798 | 59817
2 vrk (2 shf boş)

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000798.059817</td><td>11 موحەررەم 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی نووسراو<br>١١ موحەررەم ١٣١٤<br>١١ حوزەیران ١٣١٢<br>یەکێک لە زانا ناودارەکانی هەولێر محەمەد ئەفەندی بە مەبەستی دابین کردنی ١٥٠ قوروش وەکو مووچە نووسراو لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی دارایی نێردراوە، نەزارەتی ناوبراویش بە نووسراوی مێژووی ٣ موحەررەم ١٣١٤ ژمارە ١٣٠٢ لەگەڵ راپۆرتێک بەیەکەوە نێردراوە، فەرمانیش کراوە بۆ جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>




| .BEO | 000802.060090 | 17 موحەررەم 1314 |
|---|---|---|

- بە وەکالەتی ویلایەتی موسڵ
لە ١٩ مایس ١٣١٢ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا ئەرکی پارێزگاری کردن لە ئاسایش و سەقامگیرکردنی مەملەکەتی پێ سپێردراوە، کەچی ئەحمەد کوچوک رایکردووە بۆ خانەی قائیمقام و لەوێ خۆی حەشارداوە، بۆ ئەم مەبەستە نوسراو بۆ ویلایەت کراوە.

- خەزینەی تایبەتی شاهانە
کارگێری خاوەنداریەتی هومایۆن
ژمارە ١٨
لەبارەی ئەو کەسانەی کە هێرشیان کردۆتە سەر کارگێری شەمامکی موڵکی پاشا، لە ویلایەتی موسڵ لە وەڵامدا تەلەگراف نامە وەرگیراوە، فەرمانی پاشا لە ٢٢ مایس ١٣١٢ فەرمان لەسەر ئەو کەسانە دراوە کە بەم کارە هەڵساون و بەم نزیکانە دادگاییەکەیان جێبەجێ دەکرێت، هەروەها هەڵاتوو ئەحمەد کوچوک بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەسەر ناوبراو هێزی سەربازی رەوانەی هەولێر کراوە، لە بەشێکی تەلەگرافنامەکە هاتووە، هەڵاتوو ئەحمەد کوچوک لەگەڵ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا پەیوەندییەکی هەیە، تەنانەت یەک شەو لە ماڵی قائیمقام میوان بووە، لەو کاتەی کە قائیمقام ئەرکی پاراستنی ئاسایش و پاراستنی هەولێری پێدراوە، کەچی ناوبراو کەسێک کە بە تاوان تاوانبار کراوە لە ماڵەکەی خۆی شاردویەتیەوە، بەمەش زیان بە ئارامی دەگەیەنێت، بۆیە دەبێ کاری پێویست ئەنجام بدرێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات لە ١٣ موحەرەم ١٣١٤ و ١٣ حوزەیران ١٣١٢.

نازری خەزینەی تایبەت

هەواڵنامەی کتێب


خزينۀ خاصۀ شاهانه

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
802 | 
2

هەواڵنامەی کتێب




هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000803.060176</td><td>19 موحەررەم 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>شیفرە<br>١٩ موحەررەم ١٣١٤<br>١٩ حوزەیران ١٣١٢<br>لە ١٨ حوزەیران ١٣١٢ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بە پێی ئەو کارانەی کردوویەتی باش نییە یەک کاتژمێر لە سەر کارەکەی بمێنێتەوە، پێویستە بە زووترین کات مامەڵەی گۆرینی بۆ بکرێت، زانیاری دراوەتە نەزارەتی ناوەخۆ.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 000806.060412 | 25 موحەررەم 1314 |
| --- | --- | --- |

بۆ سەدارەتپەناهی

لـە ٢٠ حوزەیـران ١٣١٢ تەلەگرافنامـە هاتـووە، ئیبراهیـم سـدقی بـەگ بـۆ قائیمقامـی هەولێـر دانـراوە، بەڵام لەبـەر گرنگـی شـوێنی جوگـرافی سـنجار پێویسـت دەکات بـۆ مـاوەی یـەک سـاڵ بـۆ پاراسـتنی ئاسـایشی ناوچەکـە، لـە رژێمـی سـەربازی سـوارە ئەمیـن بـەگ وەکـو قائیمقامـی سـنجار بـە وەکالـەت دەسـت بەکار بێـت، ٢٣ حوزەیـران ١٣١٢.

والی موسڵ / عەبدوڵڵا



هەواڵنامەی کتێب

| 9 رەبیعی یەکەم 1314 | 000827.061991 | BEO. |
|---|---|---|
| - بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>٩ رەبیعی یەکەم ١٣١٤<br>٥ ئۆغستۆس ١٣١٢<br>قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵلا پاشا لە کارەکەی لادراوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی سنجار ئیبراهیم سدقی بەگ خەریکە دادەنرێت، لە نووسراوی مێژووی ٢٣ سەفەر ١٣١٤ ژمارە ٢٠٢٨ بە رەزامەندی سەروو بە مێژووی ٥ رەبیعی یەکەم ١٣١٤ کراوەتە فەرمان.<br><br>- قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵلا پاشا بە هۆی کاری بەد و گەندەڵیەکانیەوە، لە کارەکەی لادەدرێت و لە شوێن ئەو قائیمقامی سەنجار ئیبراهیم سدقی بەگ دەست بە کار دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری لە قۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران لەگەڵ کاغەزی روون کردنەوە بە یەکەوە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە، ٢٨ سەفەر ١٣١٤ و ٢٧ تەمموز ١٣١٢.<br>سەدری ئەعزەم | | |




| BEO. | 000892.066842 | 3 شەعبان 1314 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
٣ شەعبان ١٣١٤
یەکێک لە زانا ناودارەکانی هەولێر محەمەد ئەفەندی لە بارەی برینەوەی مووچەی ١٥٠ قوروش نووسراو نێردراوەتە نەزارەتی ناوەخۆ لە ویلایەتی موسڵ، لە مێژووی ١١ موحەررەم ١٣١٤ بۆ دەوڵەت نێردراوە، هەروەها ئەو مودەریسەی کە لەم مەدرەسەیە وانە دەڵێتەوە گەیشتۆتە ئاستێک ناچارە دابخرێت، ئەمجارە دووبارە داواکاری ناوبراو نێردراوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت.




هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 001151.086294 | 7 موحەررەم 1314 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسەر / ژمارە ٩٤٦
لە خانەوادەی حەیدەرییە بە ووتنەوەی زانستەوە خەریکە، لە قەسەبەی هەولێر نیشتەجێ بووە، سەبغەتوڵلا ئەفەندیزادە عەبدوڵلا ئەفەندی بۆ وەرگرتنی وانە لە کوردستان و ئێران قوتابی دێتە لای، ناوبراو دووچاری پەرێشانی بووە، بۆ باشتر کردنی بژێوی ژیانی داوای مووچەیەکی دیاری کراو دەکات، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری لە ویلایەتی موسڵ ئەنجوومەنی کارگێری لە ١٥ نیسان ١٣١٤ ژمارە ٢١ هاتووە، بۆ رەزامەندی پاشا بفەرموون، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٧ موحەررەم ١٣١٦ و ١٦ مایس ١٣١٤.

نازری کاروباری ناوەخۆ




هەولێرنامەی کتێب

| I.DH. | 01338.000001 | 7 سەفەر 1314 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ژمارە ٣٠١
ئەحمەد کوچوک هێرشی کردۆتە سەر کارگێری موڵکی هۆمایونی شەمامک، دواتر رایکردووە، پەیوەندی لەگەڵ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشادا هەبووە و تەنانەت ناوبراو لە ماڵی خۆی شاردۆتەوە، دوای ئەوە هەواڵمان داوەتە ویلایەتی موسڵ لە وەڵامدا پاش ئەوەی سەلمێنراوە کە ناوبراو بوێری ئەوەی کردووە لە ماڵەکەی خۆی بیشاریتەوە، جگە لەوەش پارێزگاری لە چەتەی تریش کردووە، خراپی کارەکانی هەروەها لە قەزاکانی رانیە و کۆی سەنجاق و رواندز ئامانجی تری هەبووە، لەبەر ئەو هۆکارانە لە شوێنەکەی دوورخراوەتەوە و لە شوێنی ئەو قائیمقامی سنجار ئیبراهیم سدقی بەگ بخرێتە شوێنی، ئەو جۆرە پیاوە گونجاو نییە یەک کاتژمێر لە ئەرکەکەی بمێنێتەوە، لەگەڵ بەیاننامەی عالی ژمارە ١٩ لە مێژووی ٢٥ حوزەیران ١٣١٢، هەروەها ژمارە ١١٧١ و ١٢٣٥ لە کارتی رەزامەندی سەدارەت دیاری کراوە، کە دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەویش ئیبراهیم سدقی بەگ بخرێتە شوێنی، لە ٧ سەفەر ١٣١٤ و ٦ تەممـوز ١٣١٢.

باش کاتب و ئەندام محەمەد تۆفیق سەید خەیرولددین / ئەندام محەمەد / ئەندام / سەرۆکی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەر حوسێن حامد کوڕی ساڵح



هەواڵنامەی کتێب

| 7 موحەررەم 1314 | 001151.086294 | BEO. |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە لایەن قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا پاشا رۆیشتووە، پێی راگەیاندراوە کە ئەو لە شوێنەکەی لادراوە و لە شوێنی ئەو کەسێکی تر دامەزراوە.
لە موڵکی هۆمایۆنی شەمامک چەند کەسێک هێرشیان کردۆتە سەر فەرمانگەی ناوچەکە، سەبارەت بە هەڵاتوو ئەحمەد کوچوک و چەتەکانی تر ئەوا لەلایەن ناوبراو میوانداری کراون، لەبەر ئەو هۆکارە دوورخراوەتەوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی سنجار ئیبراهیم سدقی بەگ دانراوە، لە ٢٠ جەمادی کۆتایی ١٣١٤ و ١٤ تشرینی دووەم ١٣١٢.


Le

N° d'arrivé

h. m. du

Réexpédié

Signature de l'employé

TÉLÉGRAMME

L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

Transmis par

Commencé à

Fini

De

Pour

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| Y.PRK.DH. | 10.97 | 29 مارت 1315 |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە قەزای هەولێر گوندی مامونـدان تاقمێـک لـە عەشـیرەتی شـێخ بزێنی لەگـەڵ هاوکارانیـان بەیەکـەوە لە موسڵ لـە گونـدی کنـدارلی چەند کەسـێکیان برینـدار و کوشـتووە، هەروەهـا زیاتر لـە ٥٠٠ ئاژەڵیان دەسـت بەسـەرداگرتووە، دوای ئـەوە مەفـرەزەی ژاندارمـە چاودێـری ئەوانـەی کـردووە، لەوانـە چەتـە بـە نـاوی عـەلی قـادر چەکـی بەرامبـەر پۆلیـس بـەکار هێنـاوە، تا ئێسـتاش کار بۆ دەسـتگیرکردنی ئەوانـە دەکرێـت، ٢٩ مارت ١٣١٥.

والی موسڵ / حازم


هەواڵنامەی کتێب

| 20 جەمادی کۆتایی 1314 | 2673.51 | .ŞD |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لـە قـەزای هەولێـر گونـدی مامونـدان لـە نـاو عەشـیرەتی شـێخ بزێنـی چەنـد کەسـێک هێرشـیان کردۆتـە سـەر گونـدە کنـدار لـە موسـڵ، چەنـد کەسـێکیان کوشـتووە و برینـدار کـردووە، هەروەهـا زیاتـر لـە ٥٠٠ مەروماڵاتیـان تـاڵان کـردووە، بـۆ دەسـتگیرکردنیان بـە مەفـرەزەی ژاندارمـە چاودێـری کـراون، چەتەیـەک بـە نـاوی عـەلی قـادر چەکـی بەرامبـەر بـە پۆلیـس بـەکار هێنـاوە، بـۆ دەسـتگیرکردنیان هـەوڵ دەدرێـت، ٢٩ مـارت ١٣١٥.

والی موسڵ / حازم


هەوالنامەی کتێب

| .DH. TMIK. M | 72.3 | 8 حوزەیران 1315 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لەبەر ئەوەی هەر لە کۆنەوە دوژمنایەتی کۆنیان هەبووە، ناوە ناوە تووشی رووبەرووبوونەوە و شەر دەبن، لە قەزای هەولێر سەرۆکی عەشیرەتی گەردی کاکل ئاغا و محەمەد ئاغا لە عەشیرەتی بلباس ناکۆکیان لە نێوان دا هەیە و سەرۆکی عەشیرەتی گەردی کاکل ئاغا هێرشی کردۆتە سەر محەمەد ئاغا لە ناویان کوشتن و بریندار هەیە، دواتر هەر یەکە گەراونەتەوە شوێنی خۆیان، هەروەها لە قەزای ناوبراو هێزی پۆلیس لەبەر نەبوونی لێهاتوویی تەواو، سەرباز لە موتەسەرفی کەرکووک داواکراوە، بە پێی ئەو تەلەگرافنامەیەی کە ئێستا وەرگیراوە، لەشکری شەشەمی سەربازی هومایۆن دابین کراوە، لە ٨ حوزەیران ١٣١٥.

والی موسڵ / حازم



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .MF.MKT | 363.48 | 5 رەبیعی کۆتایي 1315 |

- بۆ بەرێوەبەرایەتی مەکتەبی دواناوەندی لە ویلایەتی موسڵ
وەڵامـی داواکاری مێـژووی ٣١ مایـس ١٣١٣ ژمـارە ١٣، لـە کاتی پێداچوونـەوە محەمـەد عـارف ئەفەنـدی کـە هەڵبژێـردراوە بـۆ مامۆسـتای خـەت لـە رواندز، لـە نـووسراوی ویلایـەت لـە ٣٠ کانـونی یەکـەم ١٣١٢ ژمـارە ٣١٣ رەزامەنـدی دراوە لەسـەر دامەزرانـدنی لـە مەکتـەبی هەولێـر، دووبـارە بـە پێـی نـووسراوی ویلایـەت لـە ٢٣ کانـونی دووەم ١٣١٢ ژمـارە ٣٠٧ بـە پێـی بریـاری ئەنجوومـەنی مەعاریـف ناوبـراو محەمـەد رەشـید ئەفەنـدی کـە هەڵبژێـردراوە بـۆ مامۆسـتای خـەت، ئـەوا رەزامەنـدی نـەدراوە لـە سـەر خەتەکـەی، بۆیـە پێویسـتە دووبـارە تاقیکردنەوەکـە بـکات.

- لـە ویلایـەتی موسـڵ قـەزای هەولێـر بـۆ مەکتـەبی روشـدیە مامۆسـتای خـەت محەمـەد عـارف ئەفەنـدی هەڵبژێـردراوە، بـەڵام رەزامەنـدی نـەدراوە لـە سـەر نموونـەی خـەتی، بـە پێـی فەرماننامـەی نەزارتپەناهـی ژمارە ٩٠ لـە ٢٤ تەممـوز ١٣١٣ لـە ئەنجوومـەنی کارگێـری قـەزا، رەزامەنـدی لەسـەر دەسـت خـەتی دراوە، هەروەهـا لـە تاقیکردنـەوە دەرچـووە، ئەمجـارە نموونـەی خـەتی بـۆ نـەزارەتی پەناهـی نێـردراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٣ شـەعبان ١٣١٥ و ٤ کانـوونی دووەم ١٣١٣.
وەکیلی بەرێوەبەری مەعارفی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب



هەوالنامەی کتێب

| 8 شةعبان 1315 | 387.49 | MF. MKT. |
|---|---|---|

- لـە مەکتـەبی روشـدیەی هەولێـر مامۆسـتای پلـە یـەک عەبدولحەکیـم ئەفەنـدی خەریکـە دێتـە مەرکـەزی ویلایـەت، ئەگـەر پێویسـت دەکات لـە ویلایـەت یاخـود لـە کارگێـری، دەسـت لـە کارکێشـانەوەی قەبـوڵ نەکـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ٨ شـەعبان ١٣١٥ و ٢٠ کانـونی یەکـەم ١٣١٣.

وەکیلی بەرێوەبەری مەعارفی موسڵ

- بۆ نەزارەتی مەعارف

لـە مێـژووی ٨٥ تـا ئێسـتا کـە نزیکـەی ٣٠ سـاڵە بـە پێشـەی ووتنـەوەی وانـە خزمەتـم هەیـە، لـە نـاو ویلایـەتی موسـڵ قـەزاکانی روانـدز و هەولێـر لـە مەکتەبـەکانی روشـدیە بـە مامۆسـتای پلە یەک لە پیشـەکەم بـەردەوام بوومـە و خزمەتـم کـردووە، بەهـۆکاری تەندروسـتی لـە سـاڵی ١٣١٢ داوای خانەنشـینیم کـردووە، بۆیـە لـە ئەنجوومـەنی تەندروسـتیش بـە پێـی راپـۆرتی تەندروسـتی بـۆ ئـەم مەبەسـتە نێردراوەتـە نـەزارەتی خانەنشـینی، ئـەم نموونەیـەی کـە بـۆ نەزارەتی خانەنشـینی نێـردراوە لەگـەڵ راپـۆرتی تەندروسـتی وەکو یەک نیـن، بۆیـە دووبـارە داوای پشـکنینی تەندروسـتیم لـێ کـراوە، هەروەهـا لەبەر ئەوەی لـە ناو قـەزای هەولێر پزیشـک نییـە، پێویسـت دەکات بچمـە مەرکـەزی ویلایـەت بـۆ ئـەوەی دووبـارە پشـکنینم بـۆ بکرێتـەوە، چونکـە لەسـەر کارەکـەش مۆڵەتـم پـێ نـادەن، پێویسـت دەکات کەسـێک لـە شـوێنم دابنرێـت تا لە موسـڵ دەگەڕێمـەوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ٢٣ تشرینـی دووەم ١٣١٣.

داواکار / مامۆستای مەکتەبی روشدیە / هەولێر



هەواڵنامەی کتێب


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
971 72802
2 vrk
(2 sht boş)

هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 000971.072802 | 27 موحەڕڕەم 1315 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی دارایی
٢٧ موحەڕڕەم ١٣١٥
١٦ حوزەیران ١٣١٣
لـە کاتی لێکۆڵینـەوە لـەو مەدرەسـەیەی کـە محەمـەد ئەفەنـدی وانـەی تێـدا دەڵێتـەوە گەیشـتۆتە ئـەو ئاستەی دابخرێـت، لـە هەمـان کاتـدا لـە هەولێـر مودەریـس محەمـەد ئەفەنـدی کـە یەکێکـە لـە زانـاکان لـە بـارەی برینـەوەی مووچـەی داوای کـردووە ١٥٠ قـوروشی بـۆ ببرێتـەوە، لـە مێـژووی ٣ شـەعبان ١٣١٤، ئـەو داواکارییـەی بـۆ سـەروو بـەرز کردۆتـەوە، ئەمجـارە ئـەو داواکاریـەی کـە بـەرزی کردۆتـەوە پێشـکەشی دەوڵـەت کـراوە.




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .BEO | 000984.073728 | 26 سەفەر 1315 |

بۆ نەزارەتی دارایی
٢٦ سەفەر ١٣١٥
١٤ تەمموز ١٣١٣
لـەم زانایانـەی کـە لـە قەسـەبەی هەولێـر خەریکـی بڵاوبوونـەوەی زانسـت و زانیاریە حاجی محەمەد ساڵح ئەفەنـدی بـە مەبەسـتی برینـەوەی مووچەیەکـی دیاریکـراو بـۆ ناوبـراو، نـووسراو لـە نـەزارەتی ناوەخـۆی ویلایـەتی موسـڵ لـە مێـژووی ٢١ سـەفەر ١٣١٥ ژمـارە ١٧٢٠ بـۆ لایـەنی پەیوەندیـدار بـەرز کراوەتـەوە.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1007 75475

| BEO. | 001007.075475 | 13 ڕەبیعی کۆتایی 1315 |
| --- | --- | --- |

١٣ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٥
٣٠ ئۆغستۆس ١٣١٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ قائیمقامیەتی قەزای سنجار قائیمقامی قەزای هەولێر ئیبراهیم ئەفەندی و بۆ شوێنی ئەویش قائیمقامی دیوریگی روشدی ئەفەندی دەست بەکار دەبن، بۆ ئەم مەبەستەش بە بریاری قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر نووسراوی ٢٥ سەفەر ١٣١٥ ژمارە ١٧٨٠ و بە ڕەزامەندی مێژووی ١٠ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٥ فەرمانی پاشا جێبەجێ بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 001026.076916 | 23 جەمادی یەکەم 1315 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
٢٣ جەمادی یەکەم ١٣١٥
٨ تشرینی یەکەم ١٣١٣
لـە زانـا نـاودارەکانی هەولێـر محەمـەد ئەفەنـدی لـە بـارەی برینـەوەی ١٥٠ قـوروش مووچـە، ئەمجـارە لـە ویلایـەتی موسـڵ نـووسراو بـۆ نـەزارەتی ناوەخـۆ نێـردراوە، نـەزارەتی ناوبراویـش لـە ١٦ جەمادی یەکـەم ١٣١٥ ژمـارە ٢٨٥٧ نـووسراوەکانی بـەرز کردۆتـەوە.




هەولێرنامەی کتێب

| BEO. | 001033.077462 | 6 جەمادی کۆتایي 1315 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٦ جەمادی کۆتایی ١٣١٥
٢١ تشرینی یەکەم ١٣١٣
لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای بازیان سالح بەگ بۆ عەقرە و قائیمقامی عەقرە شەوقی ئەفەندی بۆ قەزای مازگرد لە ویلایەتی مەعمورەتولعەزیزە گۆرینەوەیان پێ بکرێت، هەروەها بۆ قائیمقامیەتی بازیان قائیمقامی پێشوو عەبدولقادر پاشا، قائیمقامی زێباریش عاسف ئەفەندی دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا بەگ دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە مێژووی ١٠ رەبیعی کۆتایی ١٣١٥ ژمارە ٢٣٤١ نووسراو بە بریاری قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر و بە رەزامەندی پاشا لە مێژووی ٣ جەمادی کۆتایی ١٣١٥ جێبەجێ بکرێت.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO

هەوالنامەی کتێب

| BEO. | 001059.079372 | 1 شەعبان 1315 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>١ شەعبان ١٣١٥<br>١٣ کانوونی یەکەم ١٣١٣<br>مەلا ئەحمەد ئەفەندی لایەنگری ئێرانە و ماوەی ١٥ ساڵ دەبێت لە قەسەبەی هەولێر نیشتەجێیە، سەبارەت بە برینەوەی مووچە، لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نووسراو نێردراوە، نەزارەتی ناوبراویش بە نووسراوی مێژووی ٢٦ رەجەب ١٣١٥ ژمارە ٣٧٨٩ بۆ دەوڵەتی ناردووە. | | |

| .BEO | 001114.083520 | 20 زیلقەعدە 1315 |
|---|---|---|

- نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
مەلا ئەحمەد ئەفەندی لایەنگری ئێرانە و ١٥ ساڵ پێش ئێستا لە قەسەبەی هەولێر نیشتەجێیە، لە بارەی برینەوەی مووچەیەکی گونجاو، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆ بەرز کراوەتەوە، هەروەها نووسراوی سەدارەتپەناهی ژمارە ٢٩٢٩ لە ١٤ کانوونی یەکەم ١٣١٣ فەرمان کراوە کە بۆ ناوبراو لە مووچەی دەستکورتان ٥٠ قوروش مووچەی بۆ ببڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەش لە دارایی پێویستی بە ڕەزامەندی ژمێریاری گشتییە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ زیلقەعدە ١٣١٥ و ٣٠ مارت ١٣١٦.

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
٢ زیلحیجە ١٣١٥
١١ نیسان ١٣١٤
مەلا ئەحمەد ئەفەندی لایەنگری ئێرانە و ١٥ ساڵ پێش ئێستا لە قەسەبەی هەولێر نیشتەجێیە، لە بارەی برینەوەی مووچەیەکی گونجاو، داواکاری لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ٢٦ ڕەجەب ١٣١٥ ژمارە ٣٧٨٩ بۆ نەزارەتی دارایی نێردراوە، بۆ ئەوەی لە مووچەی دەستکورتان مووچەی بۆ ببڕێتەوە، بەڵام ناوبراو بۆ یەک ڕۆژیش بێت بژێوی خراپ نەبووە، هەروەها خەزینە باری باش نییە تا مووچە ببڕێتەوە، جگە لە ئەوە مەزهەب و ناسنامەی نادیارە ناتوانی داوای مووچە بکات.

- بۆ بەڕێز پاشای سەدری ئەعزەم
بۆ داواکاران سەدەقەی پاشای لەسەر بێت لە بارەی برینەوەی مووچەیەکی گونجاو داواکاری لە ئەنجوومەنی ویلایەتی موسڵ کۆتایی پێ هاتووە و لە نەزارەتی دارایی دیاری کراوە کە ٥٠ قوروش ببڕێتەوە، هەر چەندە ڕەزامەندی لەسەر دراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، داواکراو مانگێک و نیوە لەم ڕێگایە دوورە خێزانەکەم بەجێ هێشتووە، هەرچی خۆم ئەوا شەش مانگە لێرە برسی و پەرێشانم بەم شێوەیە کات بەسەر دەبەم، ئەگەر بۆ ئەم بەشە مووچەیە ئەو هەموو کاتە زۆرە لێرە چاوەڕێ بکەم، خێزانەکەم پەرێشانتر دەبێت، نووسراوی ناسنامەش لە دەستم دایە، تکایە بەزەییتان پێم دا بێتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ نیسان ١٣١٤.

داواکاری ئەحمەد هیجری هەولێری

- بۆ داواکاران سەدەقەی پاشای لە سەر بێت لە بارەی برینەوەی مووچەیەکی گونجاو داواکاری لە ئەنجوومەنی ویلایەتی موسڵ کۆتایی پێ هاتووە و لە نەزارەتی دارایی دیاری کراوە کە ٥٠ قوروش ببڕێتەوە، هەر چەندە ڕەزامەندی لە سەر دراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، هەروەها داواکراو منداڵی زۆرە و هەژارە، لە موسڵ تا ئێرە بە ڕۆیشتن هاتووە، ماوەی حەوت بۆ هەشت مانگ دەبێت لە دەرسەعادەت بە پەرێشانی ماومەتەوە و تکا دەکەم ئەو برە مووچەم بۆ ببڕێتەوە، ئەوەی شایەنی باسە دواکەوتن لە داواکاری داواکراودا لە ئێران بووە و هەر لەوێ پێش ١٥ ساڵ هیجرەتی کردووە و هاتۆتە هەولێر، خۆشی لە عەشیرەتی بلباسە، بۆ وەرگرتنی زانست لە هەولێر نیشتەجێ بووە، هەروەها هیچ پەیوەندییەکی بە ئێرانەوە نەماوە، داواکاری ناوبراویش لە داواکاری موسڵ ئاماژەی پێکراوە، کە مووچەکەی زیاتر بکرێت، خۆشی لایەنگری دەوڵەتە و بروانامەکەی پێشکەش کردووە و ناسنامە و نووسراوی هاتن و ڕۆیشتنیشی ئەوەتا لە دەستمە، بۆیە بە بەزەییەوە بروانن و مووچەی ناوبراوم بۆ دابین بکەن، چونکە حاڵم پەرێشانە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
٢٩ نیسان ١٣١٤

داواکار ئەحمەد هیجری







هەواڵنامەی کتێب






هەواڵنامەی کتێب




| .I.DH | 01349.000066 | 14 رەبیعی یەکەم 1315 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٧٢٣
لـە ویلایـەتی موسـڵ قائیمقامـی هەولێـر ئیبراهیـم ئەفەنـدی گواسـتراوەتەوە بۆ ویلایەتی سـیواس لـەوێ بۆتە قائیمقـام، روشـدی ئەفەنـدیش بۆتـە قائیمقامی هەولێر، لـە ١٤ رەبیعی یەکـەم ١٣١٥ و ٢ ئۆغسـتۆس ١٣١٣.
سەدری ئەعزەم



هەواڵنامەی کتێب

| .ŞD | 2175.15 | 28 رەبیعی یەکەم 1315 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسەر / ژمارە ٩٥
بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەت
مێژووی ٥ تەممـوز ١٣١٣ ژمـارە ٩٦ لـە وەڵامـی سـەروو، ئـەو کەسـانەی هێرشـیان کردۆتـە سـەر فەرمانگەی مولکـی هومایـۆنی شـەمامک، لەوانـە ئەحمـەد کچکـە و لەگـەڵ چەتـەکانی تـر لـە قـەزای هەولێـر لەلایـەن قائیمقامـی جیابـووەوە عەبدوڵـڵا پاشـا شـاردراونەتەوە، پێشـەکی لەلایـەن والی پێشـووی موسـڵ ئاگادارکراوەتـەوە، لـە قـەزای ناوبراویـش لـە قائیمقامیـەت دوورخراوەتـەوە و نـووسراوی نێـردراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٨ رەبیعـی یەکـەم ١٣١٥ و ١٦ ئۆغسـتۆس ١٣١٣.
نازری کاروباری ناوەخۆ



هەوالنامەی کێب

| DH. MKT. | 2194.78 | 8 نیسان 1315 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٨ نیسان ١٣١٥<br>بـۆ قائیمقامیـەتی سـەڵاحییە، قائیمقامـی هەولێر روشـدی ئەفەنـدی، هەروەها لە شـوێن ئەویـش قائیمقامی زێبـار عەبدوڵڵا ئەفەنـدی لـە مێـژووی ٢٨ زیلقەعـدە ١٣١٦ دامـەزراوە، بـە سـوێند خـواردن دەسـت بـە کار بن . | | |



| HR.SYS. | 00040.000014 | 19 مايس 1316 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەت لە ٣١ مايس ١٩٠٠<br>لـە زانـاكانی هەولێـر عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی و ئەسـعەد ئەفەنـدی خراونەتـە ژێـر چاودێـری و ڕەوانـەی ئەنادۆڵ کراون. | | |





هەواڵنامەی کتێب

| MF. MKT. | 408.54 | 5 ڕەبیعی یەکەم 1316 |
|---|---|---|
| - مامۆستای پلە یەک عەبدولحەکیم ئەفەندی لە مەکتەبی روشدیە لە هەولێر لە بارەی خانەنشینی ڕەزامەندی نەدراوە، لە ٢٨ نیسان ١٣١٢.<br><br>- لە ویلایەتی موسڵ لە هەولێر مامۆستای پلە دوو عەبدولقادر لە مەکتەبی روشدیە تاقیکردنەوەی کردووە بۆ ئەوەی پلەکەی بەرز بێتەوە بۆ پلە یەک، بەڵام لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچووە، ٦ ئۆغستۆس ١٣١٣. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1294 | 97028

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 30 زیلقەعدە 1316 | 001294.097028 | BEO. |

نەزارەتی ناوەخۆ
٣٠ زیلقەعدە ١٣١٦
٣٠ مارت ١٣١٥
لە ویلایەتی موسڵ بۆ قائیمقامی سەڵاحییە قائیمقامی قەزای هەولێر روشدی ئەفەندی و لە شوێن ئەویش قائیمقامی قەزای زێبار عەبدوڵڵا بەگ دادەمەزرێن، بۆ ئەم مەبەستە قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر بە نووسراوی ٢٣ شەوال ١٣١٦ ژمارە ٤٩٣٦ بریاری لە سەر داوە، هەروەها لە مێژووی ٢٨ زیلقەعدە ١٣١٦ رەزامەندی پاشا دراوە بۆ جێبەجێ کردنی.



هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01363.000009 | 9 زیلقەعدە 1316 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارە
٣٢١٠
لە ویلایەتی موسڵ ئەمجارە بە پەلە قائیمقامی هەولێر روشدی ئەفەندی گوازراوەتەوە بۆ قەزای سەلاحییە و لە شوێن ئەویش عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی زێبار رەوانی هەولێر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ و داواکاری قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر لەگەڵ وەرگێرانی نووسراو بەیەکەوە پێشکەش کراوە، بەم شێوەیە ئەگەر خەلافەتپەناهی رەزامەندی بدات، جێبەجێ دەکرێت، لە ٩ زیلقەعدە ١٣١٦ و ٩ مارت ١٣١٥.

سەدری ئەعزەم



هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.DH. MKT</td><td>2090.82</td><td>25 رەجەب 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٢٥ رەبیعی یەکەم ١٣١٦<br>١ ئۆغستۆس ١٣١٤<br>قائیمقامی پێشووی قەزای هەولێر عەبدوڵلا پاشا بە رۆیشتن لە سەر نەریتی باوک و باپیرانی لەگەڵ چەند عەشیرەتێکی جیاواز بەسەر عەشیرەتی تریان داداوە و ژن و منداڵیان کوشتووە، هەروەها مەروماڵاتیان مردار کردۆتەوە، هەروەها لە قەزای ناوبراو عەبدولرەزاق و برادەر و برادەرزادەکانی ئەگەر ئەوانە لە ویلایەت دوور نەخرێنەوە، هێشتا رووداوی گەورەتر ئەنجام دەدەن.</td></tr>
</table>



| DH. MKT. | 2093.57 | 2 ڕەبیعی کۆتایی 1316 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٦
لە لایەن هەندێک داواکاران دراوەتە لەشکری چواری هومایۆن، فەرمان دراوەتە لیوا کە لە کارەکەی دوور بخرێتەوە، بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێت، بڕیاری لە کار دوورخستنەوەی بۆ دەرچووە، لە قەزای هەولێر فەرمانبەری ناسنامە ڕەشید ئەفەندی داواکارییەکی ناردووە کە ڕوونی کردۆتەوە بێ دادگا دوور خراوەتەوە، ئەمەش دژی یاسایە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت و لە ئەنجامەکەی ئاگادار بکرێینەوە.



هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH. MKT.</td><td>2120.87</td><td>4 جەمادی کۆتایی 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٦<br>٨ تشرینی یەکەم ١٣١٤<br>بۆسەدارەتپەناهی<br>بـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی فەریـزەی حـەج قائیمقامـی قـەزای هەولێـر روشـدی ئەفەنـدی داوای مۆڵـەتی کـردووە، بـۆ ئەمـەش داواکاری پێشـکەش کـردووە، داواکاری ناوبـراو بـە نـووسراوی ٥ ئەیلـوول ١٣٠٤ ژمـارە ٨ پێشـکەشی ویلایـەتی موسـڵ کـراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 2161.78 | 7 رەمەزان 1316 |

بۆسەدارەتپەناهی
٧ رەمەزان ١٣١٦
٧ کانوونی دووەم ١٣١٤
لە ئەشرافی قەزای هەولێر و ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی کارگێری عەبدوڵلا ئەفەندی بەهۆی کارە باش و خزمەتەکانی کە کردوویەتی پلەی بۆ پلە چوارەمین لەگەڵ پارچەیەک نیشانی عوسمانی پێدراوە، نووسراو لە ویلایەت هاتووە.




| .DH. MKT | 2174.102 | 23 شەوال 1316 |
|---|---|---|

بۆسەدارەتپەناهی
٢٣ شەوال ١٣١٦
٢٢ شوبات ١٣١٤
قائیمقامی قەزای سەڵاحییە مەجید بەگ بچێتە قائیمقامیەتی قەزای رواندز، قائیمقامی هەولێر روشدی ئەفەندی ببێتە قائیمقامی زێبار، پێشەکی لە هەولێر عەبدوڵڵا بەگ خزمەتی باشی کردووە، دوو پارچە تەلەگراف لە ویلایەتی موسڵ گەیشتووە، قەزای هەولێر و قەزای سەڵاحییە لە چینی دووەمن لە هەڵبژاردنی روشدی ئەفەندی و عەبدوڵڵا ئەفەندی هەر چەندە هەڵنەبژێردراوە، بەڵام رەزامەندی وەردەگرێت، ئەمەش بە هۆی کارە باشەکانی، هەروەک هاتووە روشدی ئەفەندی بۆ سەڵاحییە و عەبدوڵڵا بەگیش بۆ قائیمقامیەتی قەزای هەولێر ئەرکەکانیان بگوازنەوە، ئەمەش بە پێی ماددەی سێ بە رێککەوتن کراوە هەروەک چۆن لە تەلەگرافنامەکەدا هاتووە.



سجل عمومی

صحیفه

هەوڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00101.00032 | 3 شەعبان 1317 |

لاپەرە ٦٣
تۆماری گشتی
محەمەد نوری ئەفەندی کوڕی حوسێن ئاغا سەربازی سیپاهییە، ۱۲۷۱ ساڵی کۆچی، ساڵی ئێستا ۱۲۷۰ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی تۆمار کراوە، لە هەولێر لە مەکتەب زانستی خوێندووە لەگەڵ زمانی فارسی خوێندووە، هەروەها بە زمانی عەرەبی و کوردی قسە دەکات، بە زمانی تورکیش دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، ۱۲۸۷ رەبیعی یەکەم ۱۳، واتە ۱ حوزەیران ۱۲۸٦ لە تەمەنی شانزە ساڵی لە موسڵ لە قەڵەمی ژمێریاری لە ساڵی ۱۲۹۰ جەمادی یەکەم ۱۸، واتە ۱ تەمموز ۱۲۸۹ بە مووچەی ۱۷۵ قوروش لە سەنجەقی موسڵ لە ژمێریاری قەڵەم دامەزراوە، هەروەها لە ساڵی ۱۲۹۱ رەبیعی کۆتایی ۲۸، واتە ۱ حوزەیران ۱۲۹۰ بە مووچەی ۳۵ قوروش، هەروەها لە ساڵی ۱۲۹۲ جەمادی یەکەم ۹، واتە ۱ حوزەیران ۱۲۹۱ بە ۱۰ قوروش و ساڵی ۱۲۹۳ سەفەر ۱۷، واتە ۱ مارت ۱۲۹۲ بە ۲۰ قوروش و ۱۵ تەمموز ۱۲۹۲ بە ۲٦۰ قوروش بە زیادەی ۱۱۰۰ قوروش گوازراوەتەوە بۆ نووسینی خەرجی، هەروەها لە ساڵی ۱۲۹۳ زیلقەعدە ۲٦، واتە ۱ کانوونی یەکەم ۱۲۹۱ بە مووچەی پێشوو بە زیادەی ٦۰۰ قوروش و ساڵی ۱۲۹٦ رەمەزان ۲٦، واتە ۱ ئەیلوول ۱۲۹۵ مووچەی ۱۱٤۰ قوروشی وەرگرتووە، لە ساڵی ۱۳۰۰ جەمادی یەکەم ٤، واتە ۱ مارت ۱۲۹۹ لە ویلایەتی موسڵ بە ٦۰ قوروش، هەروەها لە ساڵی ۱۳۰٦ رەبیعی کۆتایی ۹، واتە ۱ کانوونی یەکەم ۱۳۰٤ بە مووچەی ۲۰۰۰۰ قوروش لە شوێنی ناوبراو مانگانە ۱۲۵ قوروشی وەرگرتووە، لە دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ ئەو تێبینیەی نووسراوەتەوە، لە نەزارەت بەهۆی خزمەتی باش و یارمەتیەکانیەوە دەرچووە، ماوەی بەکار هێنان و بری مووچەکەی و خزمەتی باشی داواکاری لە ئەنجوومەنی کارگێری موسڵ ۱۹ تەمموز ۱۳۰۹ ژمارە ٦۰ لەگەڵ تۆماری ناسنامەی عوسمانی پشت راست کراوەتەوە و هەڵگیراوە، لە ۳ شەعبان ۱۳۱۷ و ۲٤ تشرینی دووەم ۱۳۱۵.



| 11 سەفەر 1317 | 974.67 | ŞD. |
|---|---|---|

نەزارەتی خانەنشینی فەرمانبەر و سندوقی دوورخراوەکان
قەڵەمی نووسەر
ژمارە ٦٤٢١
قائیمقامی پێشووی قەزای هەولێر رەشید ئەفەندی مردووە، لەلایەن کچەکەی سەدیقە خانم داواکاری بەرز کردۆتەوە بۆ ئەوەی مووچەی بۆ ببڕێتەوە، نووسراوی ویلایەتی بەغداد لەگەڵ داواکارییەکە و خشتەی خزمەتی لە ژمێرپاری رێک خراوە و ووردبینی بۆ کراوە. ناوبراو کار و شوێنی کار و مێژووی دەستبەکاربوونەکانی لەگەڵ بڕی مووچەکەی تا رۆژی مردنی لە ١٤ کانوونی یەکەم ١٣٠٠ لە بڕیارنامەی خانەنشینی بە پێی ماددەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ مووچەی ١٣٦ قورووشی بۆ دیاری کراوە، بە پێی ماددەی ٣٥ لە سندوق رەزامەندی وەرگرتنی ئەو مووچەی بۆ دراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١١ سەفەر ١٣١٧ و ٨ حوزەیران ١٣١٥.



هەواڵنامەی کتێب

| 24 زیلحیجە 1317 | 1375.6 | I. DH. |
|---|---|---|

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ لە ٢ نیسان ١٣١٦ ژمارە ٤٣٣ سەیر کراوە
لە ویلایەتی بەغداد قائیمقامی خانەقین مستەفا سالم ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا بەگ بەیەکەوە داواکاری گۆرینەوەیان بۆ ویلایەتی موسڵ ناردووە، دوای پێداچوونەوە، بە پێی وەڵام کە بە رێگەی تەلەگرافنامە هاتووە، رەزامەندی لەسەر دراوە، دوای ووردبینی لەسەر ناوبراوان بەهۆی خزمەتی پێشوویان لەگەڵ ئەوەی هەندێک گلەیی و سکاڵا لەسەریان هەیە، بەڵام دەرکەوتووە ئەوانە خەتابار نین، بۆیە ئێستا لە گۆرینەوەی شوێنی کارەکەیان هیچ کێشە نییە و رەزامەندی دراوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراویان نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەوکەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٤ زیلحیجە ١٣١٧ و ١١ نیسان ١٣١٦.

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
بە مەبەستی گۆرینەوەی شوێنی کارەکانیان لە ویلایەتی بەغداد قائیمقامی قەزای خانەقین مستەفا ئەفەندی هەروەها لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا بەگ بانگ کراون، بە پێی داواکاری نەزارەتی ناوەخۆ، لەگەڵ زانیاری ناوبراوان بەیەکەوە پێشکەش کراوە، ٦ موحەررەم ١٣١٨ و ٢٢ نیسان ١٣١٦.





| | | |
|---|---|---|
| 14 موحەررەم 1317 | 2206.62 | .DH. MKT |

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٤ موحەررەم ١٣١٧
١٣ مایس ١٣١٥

پێشەکی ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری لە قەزای هەولێر لە گوند و لە کاری دە یەک (عشر) کاری بەدو گەندەڵی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە و لە کارەکەی لادراوە، سەید عەبدوڵلا ئاغا خودی خۆی ئەو زوڵم و دەستدرێژییەی کە کردوویەتیە سەر عەشیرەتەکەی، لە داهاتی خەزینە دیاری کراوە، لەبەر ئەوەش بەم دواییە ناوبراو پاراوەتەوە بۆ ئەوەی بە ئەندام هەڵبژێردرێتەوە، بەڵام لەسەر ئەو ووتانەی کە لە سەری هەیە، بۆ ئەندامیەتی هەڵنەبژێردراوەتەوە، لە قەزای هەولێر سەرکردەی عەشیرەتی گەردی عەبدوڵلا نیشتەجێیە، بە مۆری خۆی داوانامەی لە ١٦ کانوونی دووەم ١٣١٤ لەگەڵ نوسراو پێشکەش کردووە، نووسراوی ناوبراو بەمەبەستی لێکۆڵینەوە پێشکەشی وەکیلی قائیمقامی قەزای هەولێر سەید عەبدوڵلا ئاغا کراوە، بێگومان بە مەبەستی بریندار نەکردنی و دووبارە لێکۆڵینەوە داواکارییەکە نێردراوە.



هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH. MKT.</td><td>2247.37</td><td>9 جةمادى يةكةم 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە<br>٩ جەمادی یەکەم ١٣١٧<br>٢ ئەیلوول ١٣١٥<br>مستەفا ئەفەندی خەڵکی قەزای هەولێرە باری بژێوی ژیانی خراپە، توانای نەماوە، لەبەر هەژاری، ئەگەر بکرێت نەزارەتی عالییە کارێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.DH. MKT</td><td>2251.21</td><td>20 جەمادی یەکەم 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ و نەزارەتی دارایی<br>٢٠ جەمادی یەکەم ١٣١٧<br>١٣ ئەیلوول ١٣١٥<br>لە خەزینەی جەلیلە لە مامەڵەی باجدا کردەوەی زیان بەخشیان ئەنجام داوە، بۆ ئەم مەبەستە لە قەزای هەولێر سەر بە سەنجەقی کەرکووک لە ناحیەکانی دیزەیی و بەرانەتی فەرمانبەری پێشووی باج محەمەد موخلیس و محەمەد رەشید ئەفەندی لە دادگاییکردنیان بە بریار نامە بریاری لەسەر دراوە، لە ویلایەتی موسڵ لە ئەنجوومەنی کارگێری داواکاری دراوەتە دەستەی تاوانبارکردن (هیئە اتهامیە)، کە لە کەرکووک لەلایەن بەرێوەبەری باج بۆ پێداچوونەوە داوای پێشکەش بە دادگای پێداچوونەوە سەر بە شورای دەوڵەت کردووە.</td></tr>
</table>



هەوالنامەی کتێب

| 17 جەمادی کۆتایي 1317 | 2260.12 | DH. MKT. |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٧ جەمادی کۆتایي ١٣١٧
١٠ ئەیلول ١٣١٥
قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵلا موخلیس بەگ بەهۆی باش نەبوونی باری تەندروستی، داوای گۆرینەوەی کردووە، لەگەڵ یەکێک لە قائیمقامیەتەکان، بە پێی راپۆرتی پزیشکی لە ناو ویلایەتی موسڵ لەگەڵ یەکێک لە قائیمقامەکانی ناو موسڵ گۆرینەوەی پێ بکرێت.



| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 2262.71 | 23 جەمادی کۆتایی 1317 |

بۆ نەزارەتی پۆلیسی باڵا
٢٣ جەمادی کۆتایی ١٣١٧
١٦ تشرینی یەکەم ١٣١٥
لـە قـەزای هەولێـر کە سـەر بە ویلایەتی موسڵە، ئیساق هـارون ئەفەندی لە شـارەوانی پزیشـکی دامـەزراوە، لەبـەر هەندێـک نەخـۆشی جەسـتەیی داوای کـردووە دانەمەزرێـت، بـەڵام لـە حاڵـی حـازر دوای پشـکنین ئەنجامەکـەی دەرکەوتـووە هیـچ شـتێکی نییـە، بۆیـە بە پێی بریار دەبـێ بچێتە سـەر کارەکـەی و هەروەها بـە پێـی ڕێنماییـەکان ١٥٠ لیـرەی عوسـمانی بـۆ نێـردراوە، لـە نـەزارەتی ئۆفیسـەکانی گشـتی سـەربازیش بـە مێـژووی ٢٥ ئەیلـوول ١٣١٥ ژمـارە ١٢٦ نـووسراو هاتـووە.



هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.DH. MKT</td><td>2275.16</td><td>20 رەجەب 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ئۆفیسەکانی گشتی شاهانە<br>٢٠ رەجەب ١٣١٧<br>١١ تشرینی دووەم ١٣١٥<br>لە قەزای هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ شارەوانی پزیشکی بە پێی نووسراوی ٢٥ ئەیلوول ١٣١٥ بە ژمارە ٣٢٦ هاتووە ئیساق هارون ئەفەندی لە قەزای ناوبراو دامەزراوە، لەگەڵ ئەوەی رازی نییە بچێتە شوێنی کارەکەی، بە پێی نیزامنامەی تەندروستی ١٥٠ لیرەی عوسمانی رادەستی ئۆفیسی پزیشکی شاهانە کراوە، بە پەیوەندی کردن بە نەزارەتی پۆلیس وەڵام دراوەتەوە بە مێژووی ٢٧ تشرینی یەکەم ١٣١٥ ژمارە ٩٠٩ ئاماژەی پێ کراوە، داوا کراوە کەسێکی تر لە شوێنی ناوبراو دابمەزرێت.</td></tr>
</table>



| .DH. MKT | 2292.53 | 29 شەعبان 1317 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٩ شەعبان ١٣١٧
٢٠ کانوونی یەکەم ١٣١٥
بەهـۆی ئـەوەی دە یەکـی (اعشـار)ی گونـدەکان بـە پشـت بەسـتن بـە پیـاوەکانی عەبدولـرەزاق، لەلایـەن تەهـازادە عەبـۆ بەیەکـەوە پارەیـان دزیـوە و بـە نییـەتی کوشـتن، ترسـان دوویانـە، لەبـەر ئـەوە لـە دادگا لەسـەر ئەوانـە داواکاری بـەرز کراوەتـەوە و بریـاری دەسـتگیرکردنیان دەرچـووە، کەچـی بڕیارەکـەی دادگا جێبەجـێ نەکـراوە، بـەم نیـازە دانیشـتووی هەولێر مـەلا سـەعدوڵلازادە سـەعید داواکاری ناردووە بـە ئەوەی بـە سـزادانیان مـافی خـۆی وەربگرێتـەوە.



هەوالنامەی کتێب

| .DH. MKT | 2321.3 | 19 زيلحيجة 1317 |
|---|---|---|

بۆ سەدارەتپەناهی
١٩ زيلحيجە ١٣١٧
٧ مارت ١٣١٦
بەهۆی چڕی باران و زۆری ماوەکەی، ڕووباری دیجلە و ڕووباری زاب کە دەکەوێتە نێوان کەرکووک و هەولێر هەڵساوە و ئەگەر زیانی بە یەکەمیش نەگەیاند بێت ئەوا دووەمیان قەسەبەی ئاڵتون کۆپری زیاتر لە ٢٠٠ خانە و دوکان و شوێنی تری تێک داوە، ئەلحەمدولیللا زیان بە دانیشتووانی نەگەیاندووە، لەگەڵ ئاگادار کردنەوەی موتەسەرفی کەرکووک، فەرمانبەر نێردراوە بۆ ئەوەی ئەوانەی ماونەتەوە لە شوێنێکی گونجاو نیشتەجێ بکرێن، هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر زیانەکان بکرێت، هەر کە وەڵام هات ئەوا زانیارییەکان بدرێنە ویلایەتی موسڵ ئەوانیش بە ڕێگەی تەلەگرافنامە بدرێتە سەدارەتپەناهی، هەروەها بۆ باشتر کردنی بژێوی دانیشتوانەکەی و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان دەست بە کار بن.



<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>2332.21</td><td>15 زیلحیجە 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ سەدارەتپەناهی<br>١٥ زیلحیجە ١٣١٧<br>٢ نیسان ١٣١٦<br>لـە ویلایـەتی بەغـداد قائیمقامـی خانەقیـن مسـتەفا سـالم ئەفەنـدی لەگـەڵ قائیمقامـی قـەزای هەولێـر عەبدوڵڵا سـەر بـە ویلایـەتی موسـڵ لـە بـارەی گۆڕینـەوەی کار و شـوێنی کارەکانیـان، ئـەو داواکاریـەی کـە بـە هاوبـەشی ناردوویانـە سـەبارەت بـە گۆڕینەوەیـان، بـە ڕێگـەی تەلەگرافنامـە نێـردراوە.</td></tr>
</table>



| .MF.MKT | 466.29 | 18 سەفەر 1318 |
|---|---|---|

- بۆ بەرێوەبەرایەتی ئۆفیسی دواناوەندی لە ویلایەتی موسڵ
لە مێژووی ١٦ کانوونی یەکەم ساڵی ١٣١٥ ژمارە ٣ وەڵامی داواکاریە، لە بارەی گۆرینەوەی شوێنی مەکتەبەکانی روشدیە ئەوا ناکرێت، مامۆستای رەواندز ئەسعەد ئەفەندی کە ناوی تۆمارکراوە کەچی لە خزمەتی ناوبراو عەلی ئەفەندی لە شوێن ئەوە، لەبەر ئەوە لە مێژووی ٤ تشرینی یەکەم ساڵی ١٣١٥ کە ناوبراو بوونی نییە، بەڵام لە داواکاری مێژووی ١٦ کانوونی یەکەم ١٣١٥ عەبدولکەریم ئەفەندی مامۆستای مەکتەبی روشدیە لە کاغەزی ناوبراو کە ناردوویەتی لە ئەنجوومەن باس دەکرێت.

- بۆ نەزارەتی مەعارفی گشتی
لە وەڵامی ئەنجوومەنی گەورەی مەعارف هاتووە لە ژمارە ١٩ مێژووی ٢ ئەیلوول ١٣١٥ بە پێی فەرمانامەی عالی لەبەر هەندێک هۆکاری قەدەغەکراو مامۆستاکانی هەولێر و رواندز گۆرینەوەیان ناگونجێت، لەگەڵ ئەوەی مامۆستای رواندز بە ناوی ئەسعەد ئەفەندی تۆمارکراوە، کەچی لە شوێن ئەو عەلی ئەفەندی بەکاردەهێنرێت، هەروەها مامۆستای هەولێر عەبدولحەکیم ئەفەندی لە نووسراوی ناوبراو فەرمان و رەزامەندی دراوە، هەرچی مەسەلەی مامۆستای رواندزە لە مەکتەبی خودنجود و موفتی خانەی قەزای رواندز دامەزراوە، لەبەر ئەوەی وەکو موفتی ئەندامە لە ئەنجوومەنی کارگێری قەزا، ناتوانی لە مەکتەب درێژە بە کارەکەی بدات، بۆیە لە شوێنی ئەو شێخ عەلی دانراوە، هەروەها لە فەرمانی عالی لە نەزارەتی پەناهی ژمارە ٣ لە مێژووی ٨ شوبات ١٣٠٩ رەزامەندی دراوە، فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٦ جەمادی کۆتایی ١٣١٧ و ٩ تشرینی یەکەم ١٣١٥.
بەرێوەبەری مەکتەبی دواناوەندی لە وەکیلی بەرێوەبەری مەعارفی موسڵ



هەوالنامەی کتێب



| | | |
|---|---|---|
| **.MF. MKT** | 502.20 | **12 شەوال 1318** |

- مەکتـەبی روشـدیە لـە هەولێـر بـۆ نـۆژەن کردنـەوە و دروسـت کـردنی مەکتـەبی سـەرەتایی بەیەکـەوە رسـوماتی تێچووەکـەی بـۆ بەرێوەبەرایـەتی مەعـارفی موسـڵ بـە وەکالـەت نێـردراوە.

- بۆ نەزارەتی مەعارف
بـۆ نـۆژەن کردنـەوەی مەکتـەبی روشـدیەی هەولێـر بـۆ بەرێوەبەرایـەتی مەعـارف بـە وەکالـەت داواکاری ١٦ تەممـوز ١٣١٦ ژمـارە ٣٤ پێشـکەش کـراوە، لـە ١٦ ئەیلـوول ١٣١٦.
وەکیلی والی موسڵ / نائیب سەعید

- بۆ ئەنجوومەنی کارگێری
مەکتـەبی روشـدیە لـە هەولێـر پێویسـتی بـە نـۆژەن کردنـەوە هەیـە، بـە پێـی دەرخسـتن و نـووسراوی دەرخسـتن لـە داواکاریەکەیـان دیـاری کـراوە ٨٨٥٠ قـوروشی پێویسـتە، دەرخسـتنی ناوبـراو لـە فەرمانگـەی ناوبـراو جێگیـر کـراوە، لـە ١٥ حوزەیـران ١٣١٦.



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| MF. MKT. | 541.16 | 9 شەعبان 1318 |
|---|---|---|

- تەلەگراف نامە
بۆ نەزارەتی مەعاریف
لە قەسەبەی هەولێر مەکتەبی روشدیە وێران بووە، لە رێگەی خەڵکەوە پارە کۆکراوەتەوە، مەکتەبەکە نۆژەن کراوەتەوە، لەگەڵ ئەویش مەکتەبێکی سەرەتایی دروست کراوە، ئەمجارە هەردووکیان بەیەکەوە کراونەتەوە، لە ١٢ تشرینی دووەم ١٣١١.

والی موسڵ / حازم

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
بۆ نەزارەتی مەعاریف
لە قەسەبەی هەولێر مەکتەبی روشدیە وێران بووە، لە رێگەی خەڵکەوە پارە کۆکراوەتەوە، مەکتەبەکە نۆژەن کراوەتەوە، لەگەڵ ئەویش مەکتەبێکی سەرەتایی دروست کراوە، ئەمجارە هەردووکیان بەیەکەوە کراونەتەوە، لە ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ١٢ تشرینی دووەم ١٣١٦ لە رێگەی تەلەگرافنامە هەواڵی ناردووە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٩ شەعبان ١٣١٨ و ١٨ تشرینی دووەم ١٣١٦.

نازری کاروباری ناوەخۆ




هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 1380.10 | 8 شةعبان 1318 |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>٢٣٧١<br>لـە ویلایـەتی بەغـداد لـە بـارەی گواسـتنەوەی قائیمقامـی قـەزای هندییـە راسخ ئەفەنـدی بـۆ هەولێـر و قائیمقامـی قـەزای هەولێریـش مسـتەفا سـالم بـۆ دلیـم، هەروەهـا قائیمقامـی دلیـم ئەدیـب ئەفەنـدی بـۆ قائیمقامـی هندیـە نـووسراو لە نـەزارەتی ناوەخـۆ لەگەڵ داواکاری قۆمیسـیۆنی خزمـەتی فەرمانبـەر رێکخراوە لەگـەڵ وەرگێـرانی نـووسراو بەیەکـەوە پێشـکەش کـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە خەلافەتپەناهـی رەزامەنـدی لەسـەر بـدات جێبەجـێ دەکرێـت، لـە ٨ شـەعبان ١٣١٨ و ١٨ تشرینـی دووەم ١٣١٦.<br>سەدری ئەعزەم | | |




| .BEO | 001496.112179 | 4 سەفەر 1318 |
|---|---|---|
| ٤ سەفەر ١٣١٨<br>٢٠ مایس ١٣١٦<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>قائیمقامی قەزای خانەقین مستەفا سالم ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا بەگ بۆ گۆرینەوەی شوێنی کارەکانیان بە بریاری قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر لە مێژووی ١٥ زیلحیجە ١٣١٧ ژمارە ٤٣٣، هەروەها رەزامەندی پاشا لە مێژووی ١ سەفەر ١٣١٨ جێبەجێ دەکرێت. | | |


صدارت مکتوبی قلمی

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1597 | 119741

2urk
(1 shf boş)

هەولێرنامەی کتێب

| 23 شەعبان 1318 | 001597.119741 | BEO. |
|---|---|---|

٢٣ شەعبان ١٣١٨
٣ کانوونی یەکەم ١٣١٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە ویلایەتی بەغداد قائیمقامی قەزای هندیە راسخ ئەفەندی بۆ هەولێر، قائیمقامی قەزای هەولێر مستەفا سالم ئەفەندی بۆ دلیم و قائیمقامی قەزای دلیم ئەدیب ئەفەندی بۆ قەزای هندیە، ئەرکی کارەکانیان دەگۆردرێنەوە، بە نووسراوی ٢٣ رەبیعی کۆتایی ١٣١٨ ژمارە ٢٣٨، هەروەها لە سەر داواکاری نەزارەتی قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر بە مێژووی ٢٠ شەعبان ١٣١٨ و رەزامەندی پاشا جێبەجێ دەکرێت.




| 11 رەبیعی کۆتایی 1318 | 2386.30 | DH. MKT. |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتەکانی موسڵ و بەغداد
١١ رەبیعی کۆتایی ١٣١٨
٢٥ تەمموز ١٣١٦
سەبارەت بە گۆرینەوەی شوێنی کاری قائیمقامیەتی هەولێر و خانەقین، ئەوا عەبدوڵڵا بەگ و مستەفا سالم ئەفەندی شوێنەکەیان گۆریوەتەوە، لەگەڵ دەست بەکاربوونیان مانگانە ١٥٠٥ مووچەیان بۆ دەبردرێتەوە.



| .DH. MKT | 2399.123 | 11 جەمادی یەکەم 1318 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
١١ جەمادی یەکەم ١٣١٨
٢٤ ئۆغستۆس ١٣١٦
محەمەد ئەسعەد ئەفەندی لە هەولێر نیشتەجێ بووە بە پێی ئەو داواکارییەی پێشکەشی کردووە، داوا دەکات لە قەزای ناوبراو مووچەکەی پێ بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو لە ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ٢٢ تەمموز ١٣١٦ ژمارە ٥٠ هاتووە.



| DH. MKT. | 2400.25 | 11 جەمادی یەکەم 1318 |
|---|---|---|

بۆ سەدارەت پەناهی
١١ جەمادی یەکەم ١٣١٨
٢٤ ئۆغستۆس ١٣١٦
قائیمقامی پێشووی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا بەگ گوازراوەتەوە بۆ قائیمقامیەتی خانەقین، لە قەزای ناوبراو لە ساڵی ١٣١٥ لەبەر ئەوەی بە گەندەڵی تۆمەتبار کراوە بەوەی دەستکاری دە یەکی (اعشار) ی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، نوسراوی ناوبراو لەم بارەیەوە بە مێژووی ٢٢ تەمموز ١٣١٦ ژمارە ٤٩ لە ویلایەتی موسڵ هاتووە و نێردراوە.



| 7 رەجەب 1318 | 2423.9 | DH. MKT. |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٧ رەجەب ١٣١٨
١٩ تشرینی یەکەم ١٣١٦
لـە سـەر فەرمـانی سـەروو خەریکـە لە هەولێر نیشـتەجێ ببێت، بەپێـی نـووسراوی بەرێوەبەرایـەتی ئەمنیەت (نظـارت ضبطیـة) محەمـەد ئەسـعەد ئەفەنـدی بـۆ دابینکـردنی مووچەکـەی لـە مێـژووی ٢٢ تەممـوز ١٣١٦ ژمـارە ٥٠ لـە خەزینـەی جەلیلـە لـە مووچـەی دەسـتکورتان لـە شـێخەکانی هەولێـر ئەسـعەد ئەفەنـدی تـا لـە ژیـان مـاوە مانگانـە ٤٥٠ قـوروشی بـۆ دەبرێتـەوە، هەروەهـا لـەم پارەیـەدا بـۆ نـانی دەروێـش و هەژارەکانیـشی ٢٠٠ قوروشـە، تـا کۆتایـی سـاڵی ١٣١٦ رێکخسـتنی بـۆ کـراوە، هـەروەک نووسراوەتـەوە، هەر چەنـدە خـواردن لەسـەر ناوبـراو نییـە، هـەروەک نووسراوەتـەوە تەنیا مووچەکـەی ١٥٠ قوروش لەم سـاڵەوە لـە سـەرەتای مایسـەوە لـە داهـاتی سـەنجەقی موسـڵ دەدرێـت لـە دەفتـەرداری ویلایـەت جێگیر کـراوە، لە وەڵامـی نـەزارەتی دراییـش بـە مێـژووی ١٢ ......... ژمـارە ٧٥٨ نووسراوەتـەوە.



هەواڵنامەی کتێب

| 12 ڕەجەب 1318 | 2425.25 | DH. MKT. |
| --- | --- | --- |
| بۆ سەدارەت پەناهی<br>١٢ ڕەجەب ١٣١٨<br>٢٤ تشرینی یەکەم ١٣١٦<br>لە ئەشرافی قەزای هەولێر دۆغرامەچی‌زادە عەلی ئاغا بۆ پلەی قەپوچی باشی ڕێزی لێ گیراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی موسڵ بە نووسراوی مێژووی ٧ ئەیلوول ١٣١٦ پێشکەش کراوە. | | |



هەوالنامەی کتێب

| 12 رةجةب 1318 | 2425.63 | DH. MKT. |
|---|---|---|

بۆ سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەرانی
١٢ رەجەب ١٣١٨
٢٤ تشرینی یەکەم ١٣١٦
لە مێژووی ٣٠ ئەیلوول ١٣١٦ ژمارە ٩ وەڵامی نووسراو، هەرچەندە دووبارە رەزامەندی دراوە کە قائیمقامی خانەقین عەبدوڵلا بەگ دووبارە بچێتەوە دلیم، قائیمقامی هندیە راسخ و قائیمقامی هەولێر مستەفا سالم و قائیمقامی دلیم ئەدیب ئەفەندی بگۆردرێنەوە، بۆ ئەمەش لە ویلایەتی بەغداد داواکاری و تەلەگراف نێردراوە، قائیمقامی هندیە بۆ هەولێر بچێت و لە مەرکەزی لیوا کە کەرکووکە لەگەڵ خێزانەکەی لەوێ چاوەڕێ بکات. بۆ ئەمەش لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە، ئەوانی تریش کە ناویان هاتووە بچنە ئەو شوێنە نوێیانەی کە بۆیان دیاری کراوە، لە شوێنی خۆیان نەمێننەوە، چونکە زیانی دەبێت، هەرچی عەبدوڵلا بەگ لە خانەقین بمێنێتەوە، قائیمقامی هندیە راسخ ئەفەندی بچێتە هەولێر و قائیمقامی هەولێر مستەفا سالم ئەفەندی بۆ دلیم و قائیمقامی دلیم ئەدیب ئەفەندی بۆ هندیە بگوازرێنەوە ئەمەش لە هەمان داواکاری و تەلەگراف ئاماژەی پێ کراوە.



هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 2431.84 | 3 شەعبان 1318 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٣ شەعبان ١٣١٨<br>١٣ تشرینی دووەم ١٣١٦<br>وەڵامی تەلەگرافی مێژووی ١٧ تشرینی یەکەم ١٣١٦ قائیمقامی هیندیە راسخ ئەفەندی بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای هەولێر مامەڵەی دامەزراندنی دەستی پێکردووە. | | |



| 9 شةعبان 1318 | 2433.80 | DH. MKT. |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی مەعارف
٩ شەعبان ١٣١٨
١٨ تشرینی دووەم ١٣١٦
لە قەسەبەی هەولێر بەهۆی ئەو پارەیەی کە لەلایەن خەڵکەوە کۆکراوەتەوە مەکتەبی روشدییەی پێ نۆژەن کراوەتەوە، جگە لەمەش مەکتەبێکی سەرەتایی دروست کراوە، بەمەش وێنەی لە تەواو بوونی هەردوو مەکتەب خەلافەتپەناهی ئاگادارە، هەروەها نووسراو بە مێژووی ١٢ تشرینی دووەم ١٣١٦ بە تەلەگرافنامە وەرگیراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.



هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 2437.32 | 18 شەعبان 1318 |
| --- | --- | --- |

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٨ شەعبان ١٣١٨
٢٨ تشرینی دووەم ١٣١٦
لە قەزای هەولێر نووسەری ناسنامە حوسین تەحسین ئەفەندی بەهۆی مردنیەوە لە شوێنی ئەو عەبدولقادر ئەفەندی بە نووسراوی ٣٠ ئەیلوول ١٣١٦ دامەزراوە، هەروەها لە مێژووی دەست بەکاربوونیەوە مانگانە ١٢٥ قوروش مووچەی بۆ دابین دەکرێت، ئەمەش بە پێی ووتەی ژمێریاری جێبەجێ کراوە.




| | | |
|---|---|---|
| 23 زيلحيجة 1318 | 2471.65 | .DH. MKT |

بۆ موسڵ
بۆ قائیمقامیەتی قەزای هەولێر
راسخ ئەفەندی بە قائیمقامی قەزای هەولێر دامەزراوە، هەر لەگەڵ رۆیشتنی بۆ شوێنی کارەکەی و دەست بەکاربوونی مانگانە ١٥٧٥ قوروش مووچەی بۆ دەبردرێتەوە، هەروەها بە پێی رێنماییەکانی فەرمانرەوایی هەر لەگەڵ مێژووی دەست لە کارکێشانەوەی خەرجی رێگا و منداڵ کە ٥٢٨ قوروشە لە سەدا پێنجی لە سندوقی بابی عالی دەنێردرێت، هەروەها لەگەڵ رێکخستنی خشتەی خەرجی لەگەڵ خەرجی رێگا لە ژمێریاری نووسراوە.


مالیه نظارت جلیله‌سنه
تذکره
اربیلده مقیم سلیمانیه علماسندن سید عبدالمجید افندینک مخصص معاشیله مدتکفایه‌ی ابلاغی حقنده
موصل ولایتندن داخلیه نظارت جلیله‌سنه مبعوث تحریرات نظارت مشارالیهانک ۱۲ جمادی الاولی ۱۳۱۹
تاریخلی و ۲۴۵۱ نومرولو تذکره‌سیله معاً ومطویاً اصحاب دولتلرینه تسیار قلنمغله اولطرفه اقتضاسنک
ایفاسنه همت .
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1710 | 128241
هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 001710.128241 | 13 جەمادی یەکەم 1319 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
١٣ جەمادی یەکەم ١٣١٩
١٤ ئۆغستۆس ١٣١٧
سـەید عەبدولمەجیـد ئەفەنـدی لـە هەولێـر نیشـتەجێیە و یەکێکـە لـە زانـاکانی سـلێمانیە، نـووسراو لـە ویلایـەتی موسـڵ بـۆ نـەزارەتی ناوەخـۆ بـە مێـژووی ١٢ جەمـادی یەکـەم ١٣١٩ ژمـارە ٢٤٥١ نێـردراوە، کـە مووچـەی ناوبـراو کۆتایـی پـێ هاتـووە و ماوەکـەی تـەواو بـووە.



هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 11 سەفەر 1320 | 001851.138769 | BEO. |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
١١ سەفەر ١٣٢٠
٦ مایس ١٣١٨
وەکیلی پیشووی قائیمقامی قەزای هەولێر سلێمان قەدەم بەگ، بە پێی بریار نامە ١٩٦ قوروش مووچەی بۆ براوەتەوە، بە بریاری شورای دەوڵەت، نەزارەتی سندوقی خانەنشین و دوورخستنەوە، ئاگادار کراوەتەوە.




هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.BEO</td><td>001867.140000</td><td>5 ڕەبیعی یەکەم 1320</td></tr>
<tr><td colspan="3">
- بۆ نەزارەتی دارایی<br>
٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٠<br>
٢٩ مایس ١٣١٨<br>
نووسراوی سەروو بۆ نەزارەتی دارایی بە مەبەستی جێبەجێ کردنی.<br>
لە ساداتی سلێمانی مەجید ئەفەندی لە هەولێر نیشتەجێ بووە و خەریکی بەدەست هێنانی زانستە مووچەکەی ١٠٠ قوروشە.<br>
<br>
- نەزارەتی کاروباری دارایی<br>
قەڵەمی نووسەر / ژمارە ٦٩٣<br>
مەجید ئەفەندی لە ساداتی سلێمانیە لە هەولێر نیشتەجێیە و بە وەرگرتنی زانست خەریکە، بۆ داواکردنی مووچە نووسراو پێشکەشی ویلایەتی وان کراوە، لە مێژووی ٢ ئۆغستۆس ١٣١٧ ژمارە ١٨٣١ بە فەرمانی پاشا باس کراوە، ناوبراو لە خەزینە و لە سەنجەقی کەرکووک مانگانە ١٨٠ قوروش مووچەکەیەتی، هەروەها نووسراوەتەوە، مووچەی ناوبراو لە مووچەی دەستکورتان ١٠٠ قوروش زیاد دەکرێت و دەبێتە ٢٨٠ قوروش، ئەم بڕیارەش نێردراوەتە ژمێریاری گشتی و قسەی لەسەر کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٠ و ٢٨ مایس ١٣١٨.<br>
نازری دارایی
</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH. SAID. | 00127.00059 | 25 رەبیعی کۆتایی 1321 |

لاپەرە ١١٥
تۆماری گشتی
عەبدولفەتاح ئەفەندی کوڕی مردوو ئەحمەد ئاغی هەولێریە.
لـە سـاڵی ١٢٧٥ موحـەررەم، ئۆغسـتۆس ١٢٧٤ لـە قەسـەبەی هەولێـر لـە دایک بـووە، لە تۆماری عوسـمانیدا نـاوی تۆمار کـراوە.
لـە شـوێنی ناوبـراو لـە مەکتەبی سـبیان سـەرەتا زانسـت و عـەرەبی و فارسی خوێنـدووە، بـەم زمانانـە دەتوانێ قسـە بکات.
١٢٩١ سـاڵی کۆچـی واتـە ١٢٩٠ لـە قـەزای ناوبـراو لـە قـەزای ناوبـراو لـە قەلەمـی ژمێریـاری هاتـووە، چۆتـە ویلایـەتی حەلـەب، لـەوێ لـە فەرمانگـەی بـاج سـاڵی ١٢٩٢ جەمـادی کۆتایـی ١٧، واتـە ١ تەممـوز ١٢٩١ بـە ٢٠٠ قـوروش مووچـە لـە ویلایـەتی ناوبـراو لـە دووەم فرقـە دامـەزراوە، دیسـان ناوبـراو لە زیلحیجـە ١٤، واتە ٣٠ کانـوونی یەکـەم ١٢٩١ بـە ٢٥٠ قـوروش لـە فرقـەی ناوبـراو پلـەی بـەرز بۆتـەوە بەهـۆی خزمەتەکانیـەوە لـە ویلایـەتی ناوبـراو بەهـۆی کۆتایـی هاتنـی کارەکەیـەوە، چونکـە فرقـەکان بـەرەو ویلایـەتی دیـار بەکـر ڕۆیشـتوون، لەبـەر ئـەوە سـاڵی ١٢٩٥ ڕەجـەب ١٣، واتـە ١ تەممـوز ١٢٩٤ بـە مووچـەی ٤٥٠ قـوروش لـە فرقـەی چـواردەی سـەیارە بـە هەمیشـەیی دامـەزراوە، لـە زیلحیجـە ١٧، واتە تشرینـی دووەم ١٢٩٤ دەسـتی لـە کار کێشـاوەتەوە، ١٢٩٦ زیلقەعـدە ١٦، واتـە ١٩ تشرینـی یەکـەم ١٢٩٥ چۆتـە نـاو ئەرکـی شـەرعی سـەربازی بـە تەواوبـوونی مـاوەی ئەرکەکـەی بـە لایـەنی یـەدەگ دەرچـووە، سـاڵی ١٣٠٥ شـەعبان ٢، واتـە ١ نیسـان ١٣٠٤ بـە مووچـەی ١٢٥ قـوروش لـە قـەزای کـۆی سـانجەق لـە نوسـینی ناسـنامە دامـەزراوە، هەروەهـا ١٣٠٨ ڕەمـەزان ١٨، واتـە ١٥ نیسـان ١٣٠٧ دەسـتی لـە کار کێشـاوەتەوە.
سـاڵی ١٣١٢ زیلحیجـە ٢٨، واتـە ١٠ حوزەیـران ١٣١١ بـە مووچـەی ٤٠٠ قـوروش لـە ویلایـەتی موسـڵ لـە فرقـەی دووەمـی سـەیارە دامـەزراوە، لـەوێ بـە مووچـەی ٣٠٠ قـوورش گواسـتراوەتەوە قـەزای ڕانیـە بـۆ نووسـینی بـاج تـا ١٣١٤ ڕەبیعـی یەکـەم ٣، واتـە تەممـوزی ١٣١٢ دەسـتی لـە کار کێشـاوەتەوە، دیسـان ناوبـراو لـە ڕەبیعـی کۆتایـی ڕۆژی ٥، واتـە ١ ئەیلـوول ١٣١٢ لـە کارەکەی دەسـت بـەکار بووە، لە سـەنجەقی سـلێمانیە لـە فرقـەی دوو هەروەهـا لـە لیـوای ناوبـراو بـە وەکالـەتی ژمێریـاری لـە لای موتەسـەرف لەگـەڵ نـووسراوی بەڕێوەبەرایـەتی کارگێـری گشـتی بـاج تێبینـی نووسراوەتـەوە، لەگـەڵ نـەزارەتی دارایـی ئەرکەکـەی گونجـاو نیشـان دراوە، بـە پێـی نـووسراوی خزمـەتی ناسـنامە و سـەربازی پێشـووی ئـەو ماوەیـەی کار و بـڕی مووچـە و هـۆکاری دەسـت لـە کارکێشـانەوەی هەمـوو کاغـەز و نـووسراوەکانی لـە کارگێـری ناوبـراو هەڵگیـراوە، ٢٥ ڕەبیعـی کۆتایـی ١٣٢٤ و ٥ حوزەیـران ١٣٢٢.

هەواڵنامەی کتێب

(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٢٦)




(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٢٥)



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 002228.167042 | 9 ڕەمەزان 1321 |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٩ ڕەمەزان ١٣٢١
١٦ تشرینی دووەم ١٣١٩
قەزای حارم لە ویلایەتی حەلەب قائیمقام ئەحمەد لەتیف ئەفەندی دوور خراوەتەوە و لە بارەی دامەزراندنی قائیمقامی پێشووی قەزای هەولێر ڕاسخ ئەفەندی لە شوێنی ئەو، نووسراوی مێژووی ١٩ ڕەمەزان ١٣٢١ ژمارە ٤١٣٣ بە بڕیاری قۆمسیۆن، لە مێژووی ٨ ڕەمەزان ١٣٢١ پاشا بڕیاری داوە بۆ جێبەجێ کردنی.


سجل عمومی

| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00121.00142 | 11 جەمادی کۆتایی 1323 |

لاپەرە ٣٨١
تۆماری گشتی
محەمەد ساڵح ئەفەندی کوڕی ئەحمەد ئاغایە
١٢٧٧ کۆچی لە هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە.
سەرەتا لە مەکتەبی سبیان وانەی زانستی ئایینی خوێندووە، هەروەها لە قەزای هەولێر لە مەکتەبی روشدیە وانەکانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک خوێندووە و بروانامەی وەرگرتووە، بە زمانی تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
ساڵی ١٢٩٥ زیلقعدە ٢٨ واتە ١١ تشرینی یەکەم ١٢٩٤ بە مووچەی ٢٣٥ قوروش لە قەزای هەولێر لە نووسراوی ئەنبار دامەزراوە، ساڵی ١٢٩٧ ڕەبیعی کۆتایی ٢ واتە ١ مارت ١٢٩٦ لە ئەرکی ناوهاتوو بە هەمیشەیی ماوەتەوە، هەروەها لە ساڵی ١٣٠٠ زیلحیجە ٢٥ واتە ١٥ تشرینی یەکەم ١٢٩٩ بە مووچەی ٣٨٠ قوروش لە ویلایەتی بەغداد لە ناوەندی تەلەگراف و پۆستە دامەزراوە، ١٣١٠ سەفەر ١٤ واتە ٢٥ ئۆغستۆس ١٣٠٨ مووچەی گەیشتۆتە ٤٧٥ قوروش و لە ١٣١٢ موحەرەم ٢ واتە ٢٣ حوزەیران ١٣١٠ مووچەی بۆ ٥٠٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو هەروەها لە ١٣١٣ زیلقعدە ٢٤ واتە ٢٥ نیسان ١٣١٢ بە هەمان مووچە لە مەندەلی، ساڵی ١٣١٥ موحەرەم ١٢ واتە ١ حوزەیران ١٣١٣ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش گوازراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی تەلەگراف و پۆستەی ڕۆژئاوا.
تەلەگراف و پۆستەی ویلایەتی بەغداد لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی سەروو لە نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە بە ڕێگەی ئەرکەکەی لە کارەکەی بەردەوام بووە.
کارەکانی لە نەزارەتی ناوبراو لە تۆمار و ژمێریاری قەڵەمی وەکو یەکە، تۆماری ناسنامەی عوسمانی و وێنەیەک لە بروانامەی مەکتەب و لە نووسراوی ئەنبار خزمەتی پشتراست کراوەتەوە و لە نووسراوی ویلایەتی موسڵ ژمارە ١٠٨ لە مێژووی ١٩ حوزەیران ١٣٠٩ بەیەکەوە پارێزراوە، لە ٢٦ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٤ و ٧ مایس ١٣٢٢.
ناوبراو ١٣٢٣ جەمادی کۆتایی ١١، واتە ٣١ تەمموز ١٣٢١ مردووە و لە هۆبەی تۆماری تەلەگراف و پۆستە ٩ حوزەیران ١٣٢٣ تۆمارکراوە.

هەواڵنامەی کیب

| .DH. SAID | 00123.00114 | 20 جەمادی یەکەم 1324 |
|---|---|---|

لاپەرە ٢٢٥
تۆماری گشتی
محەمەد سەلیم ئەفەندی        کوڕی بازرگانی مردوو یونس بەگە و دانیشتووی هەولێرە.
ساڵی ١٢٩٠ کۆچی، واتە ١٢٨٩ لە قەزای ناوبراو لە دایک بووە.
لە بەغداد لە مەکتەبی سبیان پێشەکی زانست و لە شوێنی ناوبراو لە مەکتەبی روشدیەی سەربازی بە بروانامە دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت و قسە دەکات.
ساڵی ١٣٠٦ مانگی رەمەزانی شەریف ١٦، واتە ٤ مایس ١٣٠٥ هەروەها لە تەمەنی ١٦ دا بووە چۆتە فەرمانگەی سوپای هومایۆن لە هۆبەی یەکەم مووچەکەی نەدراوە، لە ساڵی ١٣٠٩ جەمادی یەکەم ١١، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٣٠٧ گوازراوەتەوە بۆ بەغداد لە نەزارەتی رۆژی لە قەڵەمی نووسراو، هەروەها لە ١٣١١ مانگی شەوال ٢٥، واتە ١٩ نیسان ١٣١٠ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە ئەیالەتی کەرکووک لە بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی لە نووسراوی سێیەم کاری کردووە، بەهۆی نەگونجانی لە ساڵی ١٣١٢ رەبیعی کۆتایی ١١، واتە ئەیلوول ١٣١٠ جیابۆتەوە، لە هەمان ساڵ جەمادی کۆتایی ١٤، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٣١٠ لە بەغداد چۆتە نەزارەتی دیوانی گشتی قەڵەمی نووسراو، لە زیلقەعدە ١٨، واتە ١ مایس ١٣١١ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش هەروەها لە قەڵەمی ناوبراو لەگەڵ هاورێکەی دامەزراوە، ناوبراو لە قەڵەمی ناوبراو بووە، چۆتە دەستەی لێکۆڵینەوە (هیئت تحقیقات) لە بەڕێوەبەرایەتی حلە، لە نەزارەتی ناوبراو بە هاورێیەتی باش کاتیبی بووە لە ژمێریاری، ٨٠٤ قوروش خەرجی رێگای بووە، لە نەزارەتی ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توانا و لێهاتوویی نووسراوەتەوە.
ناوبراو لە ٢ تەمموز ١٣١٠ لە نووسراوی عوسمانییە لە مەکتەبی روشدیە بە بروانامە دەرچووە، هەروەها لە نەزارەتی رۆژی لە بەغداد بەهۆی خزمەتی باشی و لە کەرکووک لە بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی نووسراوی سێیەم بەرائەتی وەرگرتووە، لە ٥ و ٧ نیسان ١٣١٠ واتە ١ تشرینی یەکەم و وێنەی بروانامەکانی بەیەکەوە لکاوە.
١٣١٣ جەمادی کۆتایی ١٢، واتە ١٩ تشرینی دووەم ١٣١١ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە بەڕێوەبەرایەتی کەربەلا نووسراوی دووەم پلەی بەرز بۆتەوە و لە هەمان ساڵ رەمەزانی شەریف ١٦، واتە ١٨ شوبات ١٣١١ تا شەوال ٢٧، واتە ٣٠ مارت ١٣١٢، مووچەی ٥٥ قوروشی وەرگرتووە، بە دانانی لە ئەرکەکەی جێبەجێ کراوە.
١٣١٤ ناوەراستی موحەررەم، واتە مایس ١٣١٢ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ٢٩ حوزەیران ١٣٢٢ و ٢٠ جەمادی یەکەم ١٣٢٤.


(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٣٠)



هەوالنامەی کتێب

(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٢٩)

| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00123.00201 | 10 شەعبان 1324 |

لاپەرە ٣١٦

تۆماری گشتی

محەمەد رەشید روشدی ئەفەندی کوڕی نازری ناسنامەی ویلایەتی موسڵی مردوو عەلی یاوەرە.

ساڵی ١٢٨٤ کۆچی، واتە ١٢٨٣ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە و لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە.

لە ویلایەتی موسڵ لە مەکتەبی سەرەتای زانست و لە مەدرەسەی سەرەتایی کەمێک عەرەبی خوێندووە، هەروەها بە زمانی عەرەبی و فارسی قسە دەکات، جگە لەمەش ئاشنای زمانی تورکیە و دەتوانێ بنووسێتەوە و بخوێنێتەوە.

ساڵی ١٢٩٨ کۆچی، واتە ١٢٩٧ لە ویلایەتی موسڵ چۆتە قەڵەمی دادگای سەرەتایی، ساڵی ١٣٠١ شەوال ٢٩، واتە ١ ئەیلوول ١٢٩٨ بە مووچەی ٢٢٥ قوروش لە قەزای عەمادیە لە دادگای سەرەتایی لە نووسراوی دووەم دامەزراوە، لە هەمان ساڵ زیلقەعدە ١٦، واتە ٢٥ ئۆغستۆس ١٣٠٠ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو لە دادگای سەرەتایی لە نووسراوی جێگیر و لە ساڵی ١٣٠٦ شەعبان ٢٦، واتە ١٥ نیسان ١٣٠٥ بە مووچەی ٢٧٠ قوروش لە هەمان دادگادا پلەی بۆ ئەندامیەتی بەرز بۆتەوە، هەروەها لە ١٣١٣ رەجەب ١٩، واتە ٢٤ کانوونی یەکەم ١٣١١ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو گوازراوەتەوە بۆ مەکتەبی مەلەکی دواناوەندی زمانی عوسمانی، لە هەمان ساڵیش زیلقەعدە ٦، واتە ٧ نیسان ١٣١٢ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، دواتر بە هۆی کاری باش و لێهاتووی لە کارەکەی لە ساڵی ١٣١٤ رەبیعی کۆتایی ١٥، داواکراوە پلەکەی بۆ پلە سێ بەرز بێتەوە، لە هەمان مانگدا لە رۆژی ١١، واتە ٢٨ ئۆغستۆس ١٣١٣ بە مووچەی زیادەی ٢٠٠ قوروش لە ویلایەتی موسڵ لە دادگای سەرەتایی وەکو (مستنطق الاول) واتە لێکۆڵەری یەکەم دامەزراوە، لە جەمادی کۆتایی ١٥، واتە ٣٠ تشرینی یەکەم ١٣١٣ دەستی لە کار کێشاوەتەوە و لە ١٣١٦ زیلقەعدە ٢٣، واتە ٢٣ مارت ١٣١٥ بە کرێی رۆژانەی ٤٠ قوروش وەکو لێکۆڵەر رۆیشتووە بۆ قەزای دهۆک، لە زیلحیجە ٢٣، واتە ٢٢ نیسان ١٣١٥ دوای تەواوکردنی ئەرکەکەی گەراوەتەوە، لە ١٣١٨ شەعبان ٣، واتە ١٣ تشرینی دووەم ١٣١٦ بە پێنج مووچەی ١٨٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو لە دادگای سەرەتایی بە (مستنطق الثانی) واتە لێکۆڵەری دووەم دەست بە کار بووە، دواتر لە هەمان ساڵدا شەوالی ٥، واتە ١٣ کانوونی دووەم ١٣١٦ جیا بۆتەوە و لە هەمان مانگدا ٢٩، واتە ٦ شوبات بە مووچەی ٢٧٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو لە دادگای ئیستیناف (محکمە استناف) وەکو ئەندام دامەزراوە.

لە ویلایەتی ناوبراو بە وەکالەتی والی لە سەرۆکایەتی دادگای ناوبراو و داواکاری گشتی نووسراوی وەرگێردراو و نەزارەتی دادوەری لە بەرێوەبەرایەتی تۆماری فەرمانبەران مۆرەکەی پشتراست کراوەتەوە. ناوبراو لەگەڵ تۆماری ناسنامەی عوسمانییە لە شێوازی دامەزراندنی لەسەر ئەرکەکانی و وێنەی دەست لە کار کێشانەوەی هەروەها بری ئەو مووچانەی وەریگرتووە و مێژووەکانی، هەروەها بۆ یەک رۆژیش پاراستن و پەیوەندی نەبووە، لە نێوان نووسراوە فەرمیەکاندا لەگەڵ وێنەی پلەی سێیەمی سەرۆکی هومایۆن و ئەو ئەندامیەتیانەی کە ناوی لێهاتووە دامەزراوە، لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردن ١٠ ئەیلوول ١٣١٧ مێژووی داواکاری لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی رەسەن بەیەکەوە لە دۆسیەکەی پارێزراوە، لە کاتی ئێستاش مێژووی دامەزراندن و بری مووچەکەی تۆماری یەکسانە.

ساڵی ١٣٢٠ موحەررەم ١، واتە ٤ نیسان ١٣١٨ لە شوێنی خۆی لە ویلایەتی ناوبراو بە تاقیکردنەوە لە دادگای سەرەتای وەکو فەرمانبەر هەڵبژێردراوە، هەروەها کاغەزەکانی تاقیکردنەوەی لە دەستەی تایبەتمەندی (هیئت ممیزە) لە ژێر ووردبینیدا دەرچووە و یەک پارچە بروانامەی بەرزی پێ دراوە لەگەڵ نووسراوی مێژووی ٣ تشرینی یەکەم ١٣١٨ لە دەستەی ناوبراو بڵاوکراوەتەوە، لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنیش پشت راست کراوەتەوە، هەروەها لە قۆمیسیۆنی ناوبراو لە داواکاری مێژووی ٢٠ تشرینی یەکەم ١٣١٨ لە دۆسیەی ئیدریس ئەفەندی باپیری دانراوە، لە ١٠ شەعبان ١٣٢٤ و ١٦ ئۆغستۆس ١٣٢٢.

(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٣٢)




(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٣١)


١٦١

صحیفه ۱

سجل عمومی

| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00124.00072 | 18 رەبیعی کۆتایی 1324 |

لاپەرە ١٤١
تۆماری گشتی
ناسراو بە حەسەن ئەفەندی عەلی ئاغا زادە          کوڕی سۆفی ئاغایە.
ساڵی ١٢٥٦ کۆچی، واتە ١٢٥٩ لە ویلایەتی موسڵ قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە.
لە شوێنی ناوبراو لە مەکتەبی سەرەتایی زانستی خوێندووە، بە زمانی تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، هەروەها بە زمانی عەرەبی و کوردی قسە دەکات، لە کاغەزی وەرگێرانەکە نووسراوەتەوە.
١٣٠٦ رەمەزانی شەریفە ١٤، واتە ١٠ مایس ١٣٠٥ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش لە شەمامک کە موقاتەعەیە، سەر بە قۆمیسیۆنی زەوی و زاری موسڵە، لە پاراستنی دە یەک (اعشار) دامەزراوە، لە کۆتایی کارەکەی و هەمان ساڵ زیلقەعدە ١٥، واتە ١ تەمموز ١٣٠٥ بە مووچەی پەنجا لە سەدا پێنج، ٢٠٠٠ قوروش لە موقاتەعەی ناوبراو لە دە یەک دا (اعشار) کۆتایی بە کارەکەی هاتووە، ١٣٠٧ رەجەب ٢٢، واتە ١ مارت ١٣٠٦ پەنجا لە سەدا پێنج، بە مووچەی ٢٥٠٠ قوروش بۆ ماوەی دوو مانگ لە موقاتەعەی کەندیناوە بە شێوەیەکی کاتی لە هەژماری مەروماڵات دامەزراوە، هەروەها لە هەمان ساڵ زیلحیجە ٢٧ واتە ١ ئۆغستۆس ١٣٠٦ پەنجا لە سەدا پێنج، بە مووچەی ١٦٠٠ قوروش بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو لە موڵکی هومایۆنی شەمامک لە هۆبەی...... لە ساڵی ١٣٠٨ جەمادی یەکەم ١٤، واتە ١٣ کانوونی یەکەم ١٣٠٥ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە هۆبەی ناوبراو دامەزراوە.
کار و بری مووچە و مێژووەکەی داواکاری قۆمیسیۆنی موڵکی هومایۆنی موسڵ و وێنەیەک لە تۆماری ناسنامەی عوسمانییە لەگەڵ کاغەزی رەسەنەکەی پارێزراوە.
ناوبراو لە ئەو نووسراوەی پێشکەش کراوە لە مێژووی ٥ مایس ١٢٨١ سێ مانگ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە قەزای هەولێر وەکو فەرمانبەری دە یەک (اعشار) دامەزراوە، هەروەها لە ١ مارت ١٢٨٩ بە مووچەی ١٠٠٠ قوروش لە قەزای ناوبراو لە ئەرکی ناوبراو بوونی نووسراوەتەوە، لە نووسراوی ویلایەتی موسڵ ٢٤ ئۆغستۆس ١٣٠٩ دیاری کراوە کە لەم ئەرکە بوونی نەبووە، لە ١٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٤ و ٢٩ مایس ١٣٢٢.

| .DH. SAID | 00125.00144 | 3 تەمموز 1324 |
|---|---|---|

لاپەرە ٢٨٥
تۆماری گشتی
ئەحمەد ئەفەندی          کوڕی مەهدی مەلا حەسەنە
ساڵی ١٢٨٦کۆچی واتە ١٢٨٥ لە ویلایەتی موسڵ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە و لە نووسراوی ناسنامەی عوسمانی تۆمار کراوە.
لە شوێنی ناوبراو لە مەکتەبی سەرەتایی پێشەکی زانستی خوێندووە، هەروەها زمانی تورکی و فارسی دەنوسێت و لە زمانی عەرەبیش دەگات.
ماوەیەک لە قەزای هەولێر ساڵی ١٣٠٠ جەمادی یەکەم ٥، واتە ١ مایس ١٢٩٩ بە مووچەی ١٣٧ قوروش لە قەزای ناوبراو لە شارەوانی بەشی نووسینەوە دامەزراوە، ساڵی ١٣٠٢ جەمادی یەکەم ٢٥، واتە ١ مارت ١٣٠١ بە مووچەی ١٥٠ قوروش هەروەها ساڵی ١٣٠٥ رەبیعی یەکەم ٢٩، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٣٠٣ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش هەرووها ساڵی ١٣٠٦ موحەررەم ٦، واتە ١ ئۆغستۆس ١٣٠٤ بە مووچەی ٢٢٥ قوروش لە ساڵی ناوبراو زیلقەعدە ١٢، واتە ٢٧ حوزەیران ١٣٠٥ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە نووسراوی یەکەمی شارەوانی پلەی بەرز بۆتەوە، هەروەها لە ساڵی ١٣٠٨ جەمادی یەکەم ٣، واتە ١ کانوونی دووەم ١٣٠٦ بە مووچەی ٤٠٠ قوروش لە شەمامک کە سەر بە قۆمیسیۆنی موڵکی هومایۆن بووە، لە بەشی نووسینەوەی دووەم دامەزراوە، لە ساڵی ١٣١٠ رەبیعی یەکەم ٢٠، واتە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٨ بە مووچەی ٤٥٠ قوروش، هەروەها ١٣١١ رەجەبی شەریفە ٢٠، واتە ١٧ کانوونی یەکەم ١٣١٠ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە بەشی ناوبراو گوازراوەتەوە بۆ نووسینەوەی یەکەم، ساڵی ١٣١٢ رەجەبی شەریفەی ١٢، لە پلەی چوارەم نیشانی مەجیدی نیشانی داواکردووە، لە هەمان ساڵیش لە شەعبانی ٢٨، واتە ١١ شوبات ١٣١٠ بە مووچەی ٦٤٠ قوروش لە سەرچنار گوازراوەتەوە بۆ هۆبەی باش کیتابەت.
لە شەمامک کە موڵکی هومایۆنە، لە ئەرکەکانی ئەو هۆبەیە بە باشی ئەرکەکانی راپەراندووە، لە نەزارەتی خەزینەی شاهانەدا نووسراوەتەوە.
ئەرک و بری مووچە و مێژووەکانی لە ویلایەتی موسڵ ٢٤ ئۆغستۆس ١٣٠٩ ژمارە ١٧٢ و نووسراوی ناسنامە نووسراوەتەوە، لە ١٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٠ و ٢٦ مایس ١٣٢٢.
ناوبراو لە ١٣١٧ شەوال ٧، واتە ٢٦ کانوونی دووەم ١٣١٥ بە مووچەی ئێستای لە هۆبەی نووسەری یەکەم لە شەمامک گوازراوەتەوە بۆ خەزینەی تایبەتی شاهانەی بۆ هۆبەی تۆمار لە ١٠ مایس ١٣٢٣ نیشان دراوە.
ناوبراو مووچەی ١٣٢٣ زیلقەعدە ٢٢، واتە ٥ کانوونی یەکەم ١٣٢١ ٦٥٠ قوروش و ١٣٢٤ موحەررەم ١٨، واتە ١ مارت ١٣٢٢، مووچەکەی ٨٠٠ قوروش بووە، لە هۆبەی زومار دامەزراوە، بەهۆی لێهاتووی و توانایەوە لە هەمان ساڵ زیلقەعدە ٣، پلەکەی بۆ پلەی چوارەم بەرز بۆتەوە، لە هۆبەی ناوبراو ١٢ ئۆغستۆس ١٣٢٤ لەم پۆستانە بەردەوام بووە.
هەر چەندە ناوبراو لە هۆبەی خەزینەی تایبەتی نووسراوە ناوبراو لە پلەی چوارەم نیشانی مەجیدی نیشانی وەرگرتووە، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەکانی نەزارەت ناوبراو ئەم جۆرە نیشانەی وەرنەگرتووە، لە کۆتاییدا ٣ تەمموز ١٣٢٤ بە نووسراو هەڵەکە چاک کراوەتەوە.


(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٣٥)


سجل عمومی

تحقیقنه ۱

(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٣٤)

| .DH. SAID | 00128.00095 | 12 جەمادی یەکەم 1324 |
|---|---|---|

لاپەرە ١٨٥
تۆماری گشتی
عەلی عارف ئەفەندی          کوڕی زانای مردوو قاسم ئەفەندیە.
ساڵی ١٢٦٩ کۆچی، ساڵی ئێستا ١٢٦٩ لە هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری عوسمانییە نووسراوەتەوە.
لە قەسەبەی ناوبراو لە مەکتەبی سبیان پێشەکی زانست و لەلایەن مامۆستای تایبەت کەمێک عەرەبی خوێندووە، هەروەها بە زمانی عەرەبی و فارسی قسە دەکات و ئاشنای زمانی تورکیشە.
١٢٩٦ ساڵی کواتە ١٢٩٥ زایینی لە ویلایەتی موسڵ لە ئەنجوومەنی کارگێری قەڵەم لە ساڵی ١٢٩٧ لە مانگی رەجەب ٥ و ١ حوزەیران ١٢٩٦ بە مووچەی ٤٠٠ قوروش لە نووسینەوەی دە یەکی (اعشار)ی برنجی عەقرە دامەزراوە، هەروەها لە ساڵی ١٣٠٠ جەمادی یەکەم ٨، واتە ٥ مارەتی ١٢٩٩ لەبەر ئەوەی هەژمارەکانی بە ووردی و لە کاتی خۆی نەداوە لە کارەکەی دوور خراوەتەوە، بەم دواییە لە قەزای ناوبراو لە کۆکردنەوەی دە یەکی (اعشار) گوندەکان بە مووچەی ٤٠٠ قوروش بە شێوەی کاتی بۆ ماوەی پێنج مانگ دامەزراوە، لە ١٣٠١ مانگی رەبیعی کۆتایی ٢٤ و ١٠ شوبات ١٢٩٩ بە مووچەی ٤٠٠ قوروش بۆ دووەم جار لە قەزای ناوبراو لە نووسینەوەی دە یەکی برنجی قەزای ناوبراو دامەزراوەتەوە، هەروەها مانەوەی زیاد کراوە، تا ١٣٠٤ جەمادی یەکەم ٩، واتە ٣١ کانوونی دووەم ١٣٠٢ جیابۆتەوە، لە هەمان ساڵ مانگی شەوال ٢٩، واتە ٩ تەمموز ١٣٠٣ بە ٤٥٠ قوروش مووچە لە سەنجەقی کەرکووک قەزای کۆی سانجەق لە بەرێوەبەری دارایی دامەزراوە، هەروەها ١٣٠٥ لە مانگی شەعبان ٢، واتە ١ نیسان ١٣٠٤ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە قەزای رواندز بە پلەی بەرێوەبەری دارایی گواستراوەتەوە، لە ١٣٠٦ لە مانگی شەوال ٢، واتە ٢٠ مایس ١٣٠٥ لە کەرکووک دەستی لە کارکێشاوەتەوە و لە ١٣٠٧ جەمادی یەکەم ٩، واتە ٢١ کانوونی یەکەم ١٣٠٥ لە رواندز لە ئەرکەکەی دەستی بە کار کردووە، لەگەڵ ساڵی ١٣٠٨ لە جەمادی کۆتایی ٢، واتە ١ کانوونی دووەم ١٣٠٦ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە قەزای ناوبراو بە وەکالەت لە قائیمقامیەت ماوەتەوە، لە ساڵی ١٣١٣ لە مانگی زیلقەعدە ١١، واتە ١٢ نیسان ١٣١٢ لەبەر ئەوەی هەژماری لە کاتی خۆی نەداوە، دوورخراوەتەوە، لە ساڵی ١٣١٥ زیلقەعدە ٢٨، واتە ٧ نیسان ١٣١٤ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە قەزای زاخۆ بە بەرێوەبەری دارایی دامەزراوە، لە ساڵی ١٣١٦ رەبیعی کۆتایی ٢٤، واتە ٣١ ئۆغستۆس ١٣١٤ بەهۆی دووبارە گەرانەوەی بەرێوەبەری پێشوو بۆ سەر کارەکەی ئەو ناچار بووە لە کارەکەی دەست لە کار بکێشێتەوە، ساڵی ١٣١٧ شەعبان ٢٠، واتە ١١ کانوونی یەکەم ١٣١٥ دووبارە بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە سەنجەقی سلێمانی لە قەزای بازیان بە بەرێوەبەری دارایی دامەزراوە.
بە پێی ئەو تێبینیەی لە لیوای ناوبراو بە وەکالەتی ژمێریاری لە دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ نووسراوەتەوە، بە بەزەییەوە گرنگی مانەوەی لە ئەرکەکەی بۆ نەزارەتی دارایی بە گونجاو زانیوە.
لە تۆماری ناسنامەی عوسمانیە ماوەی بەکارهێنان و بری مووچە و هۆکاری دوورخستنەوەی تۆمارکراوە، لە ویلایەتی ناوبراو لە ئەنجوومەنی کارگێری ٣١ مارت ١٣١٥ هەروەها لە قەزای زاخۆ لە داواکارییەکانی ئەنجوومەنی کارگێری ٣١ ئۆغستۆس ١٣١٤ لەگەڵ وەڵامی وێنەی رەزامەندی، نووسراوی والی ٩ مارت ١٣١٦، نووسراوی دەفتەردار لە ١٠ ئۆغستۆس ١٣١٦، هەروەها دوا ئەرکی لە قەزای بازیان لە بەرێوەبەری دارایی مێژووی دامەزراندن و بری مووچەی لە ژمێریاری گشتی لە ١٧ کانوونی دووەم ١٣١٦ نووسراوەتەوە و هەڵگیراوە، لە ١٢ جەمادی یەکەم ١٣٢٤ و ١٩ حوزەیران ١٣٢٢.


(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٣٧)




(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٣٦)


٤٠١

صحیفه ١

سجل عمومی

هەواڵنامەی کتێب

| .DH. SAID | 00138.00202 | 18 جەمادی یەکەم 1324 |
| --- | --- | --- |

لاپەرە ٤٠١
تۆماری گشتی
محەمەد شاکر ئەفەندی        کوڕی داود نیازی ئەفەندی خەڵکی هەولێر و فەرمانبەری ڕەژی لە خوراسان بووە.
١٢٩٢ ساڵی کۆچی، ساڵی ئێستا ١٢٩١ لە کەرکووک لەدایک بووە.
لە سلێمانیە و بەغداد لە مەکتەبی سبیان زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و هەندێک وانەی خوێندووە، بە تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
١٣١٠ زیلقەعدەی کۆتایی، واتە مایسی ١٣٠٩ لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چۆتە قەڵەمی ژمێریاری نەزارەتی ڕەژی بەغداد، لە ساڵی ١٣١١ شەعبان ٩، واتە ٣ شوبات ١٣٠٩ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە نەزارەتی دیوانی گشتی بەغداد لە ناوەندی قەرزی گشتی نووسراودا دامەزراوە، لە نەزارەتی ناوبراویش ماوەی کارەکەی بە سەرکەوتووی پشت ڕاست کراوەتەوە.
ناوبراو ٢ تشرینی یەکەم ١٣٠١ لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی وێنەی پشت ڕاست کردنەوەکەی لەگەڵی هاوپێچە.
ساڵی ١٣١٣ زیلقەعدە واتە ١ مایس ١٣١٢ لە کارەکەی دوور خراوەتەوە و نووسراوەکانی ڕادەستی دەوڵەت کراوە، لە ١٨ جەمادی یەکەم ١٣٢٤ و ٢٧ حوزەیران ١٣٢٢.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2954 | 221481 | 2

| BEO. | 002954.221481 | 15 شەوال 1324 |
|---|---|---|

- فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
٢٥٢٥

لە ١٤ تشرینی دووەم ١٣٢٢ سێیەمین ئاڵا، تابوری یەکەم هاتوونەتە هەولێر، لەوێ تووشی تەنگانەی سەخت بوونەتەوە، وێنەی ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە چوارەم لەشکری هومایۆن هاتووە، ئەو سەربازانەی دوای ئەوەی کشاونەتەوە، ئێرانیەکان ناوچەکە دەست بەسەر دەکەن و نیشتەجێی خانەکان دەبن و دەست دەکەن بە پارێزگاری کردن لە خۆیان، ئەو زانیاریانە دراوەتە باش کاتبی ملوکانە، هەروەها لەشکری چوارەمی هومایۆن، قوماندانی لەشکری شەشەمی هومایۆن و قوماندانی سنووری ئێران و ویلایەتی موسڵی ئاگادار کردۆتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٥ شەوال ١٣٢٤ و ١٨ تشرینی دووەم ١٣٢٢.

سەرعەسکەر

- ئەوەی ناوی هاتووە ١٨ تشرینی دووەم ١٣٢٢ بۆ ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ١٩ تشرینی دووەم نووسراوەتەوە، تا ئێستا وەڵامی تەلەگرافنامەکە نەهاتووە، تێبینیەکان ڕێکخراون.

- فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی

لە ٢٣ تشرینی دووەم ژمارە ١٦٦٨ وەڵامی نووسراوی ڕەزامەندی سەدری ئەعزەمە، لە سەر سنووری ئێران ئەو سەربازانەی لەوێ جێگیر بوونە، بە مەبەستی دابین کردنی پێداویستەکانیان و بە بۆنەی زستانەوە بۆ گواستنەوەی زەخیرە و پێداویستییەکان، بۆ ئەوەی تووشی کەموکوریش نەبن، لە ویلایەتی موسڵ دوو سێ هەزار سەر ئاژەڵی بەکرێ گیراوی بارهەڵگر بۆ گواستنەوەی پێداویستییەکان نێردراوە، تەنیا لە مێژووی ٩ ئەیلوول ١٣٢٢ ئەو لەشکرەی کۆکراوەتەوە بۆ ماوەی سێ مانگ و نیو پێداویستیەکانیان دابین کراوە، ئەمەش پلەی سەدارەتپەناهی لێ ئاگادار کراوەتەوە، ئەگەر بکرێت لەوێ خۆیان کۆبکەنەوە و خۆیان بپارێزن، بە مەبەستی کشانەوەشیان ئەوا دەبێ ڕەزامەندی پاشای لەسەر بێت، لەگەڵ نووسراوی ڕەزامەندی ١٨ تشرینی دووەم ١٣٢٢ و لایەنی سەرووش ئاگادار کراونەتەوە، پێشەکیش ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ شەوال ١٣٢٤ و ٢٨ تشرینی دووەم ١٣٢٢.
سەرعەسکەر

هەواڵنامەی ڤیبر


[illegible]

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2954 | 221481 | 3


مذكوره ١٨ [illegible] تاريخلو تذكرهء ساميهء موصل ولايتنه ١٩١ [illegible]
تاريخنده كشيده ايلديكي [illegible] افندينك هذه جوابيه [illegible] مسوده‌سى [illegible]

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2954 | 221481 | 4

هەواڵنامەی کتێب


سجل عمومی

| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00147.00036 | 26 شەوال 1325 |

لاپەرە ٦٩
تۆماری گشتی
خضر ئەفەندی سۆفیزادە کوڕی مەولود ئاغی هەولێری کە باوباپیرانیان بە کشتوکاڵەوە خەریکن.
١٢٨٩ ساڵی کۆچی، واتە ١٢٨٨ لە هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی تۆمار کراوە.
لە شوێنی خۆی لە مەکتەبی سەرەتایی زانستی خوێندووە، زمانی فارسی و تورکی دەزانێت، بە زمانی فارسی دەتوانی قسە بکات هەروەها بە زمانی تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
١٣٠٧ رەبیعی کۆتایی ١٩، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٣٠٥ تا ساڵی ١٣١٢ رەجەب ١٦، واتە ١٥ کانوونی یەکەم ١٣١٠ بە ٤٥ قوروش مانگانە لە قەزای شاربازار لە دادگا و ساڵی ١٣٠٨ موحەرەم ٢٨، واتە ١ ئەیلوول ١٣٠٦ تا ١٣١١ رەمەزان ٢، واتە ٢٥ شوبات ١٣٠٩ لە قەزای ناوبراو لە دادگای شەرعی لە نووسین کاری کردووە، ساڵی ١٣١٣ موحەرەم ٢، واتە ١ تەمموز ١٣١١ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە موڵکی هومایۆنی سەرفیار لە هۆبەکەی بە یاریدەدەری نووسەر دامەزراوە، هەروەها لە ١٣٢٠ رەمەزان ١٣، واتە ٣٠ تشرینی دووەم ١٣١٨ بە هەمان مووچە بە یاریدەدەری نووسەر گوازراوەتەوە بۆ موڵکی هومایۆن سورتاش.
ئەو تێبینیەی لە سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی موڵکی هومایۆنی موسڵ نووسراوەتەوە بۆ کاری فەرمانبەرایەتی لە نەزارەتی خەزینەی تایبەت پشت راست کراوەتەوە.
لە قەزای شەهربازار لە دادگا و دادگای شەرعی وەکو نووسەر کاری کردووە ئەو ماوەیە بری ئەو مووچەیەی کە وەریگرتووە لەگەڵ مێژووەکەی لە ویلایەتی موسڵ لە وەڵامی دوو پارچە داواکاری لەگەڵ بەرائەتی قەزای ناوبراو، هەروەها لە هۆبەی موڵکی هومایۆنی شەمامک کە موقاتەعەی جەبور لە ساڵی ١٣٠٣ بە کاتی لە نووسراودا کاری کردووە، کەچی لە موقاتەعەی ناوبراو بە مووچەکەی خۆی گوازراوەتەوە، بە مووچەکەی خۆشی ماوەی خزمەتی بۆ یەک رۆژیش بێت دەستی بە سەردانەگیراوە، لە شەمامک و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر وێنەیەک لە مامەڵەی داواکاری و تۆماری ناسنامەی عوسمانی هەڵگیراوە، هەروەها لە ئاقچە و سورتاش مێژووی دامەزراندنی وەکو یاریدەدەری نووسەر و بری مووچەکەی لە خەزینەی تایبەتی شاهانە بە رێکی تۆمار کراوە.

٢٦ شەوال ١٣٢٥ و ١٩ تشرینی دووەم ١٣٢٣

هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>003109.233114</td><td>12 جەمادی کۆتایي 1325</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٢ جەمادی کۆتایی ١٣٢٥<br>١٠ تەمموز ١٣٢٣<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>قائیمقامی قەزای هەولێر عەلی غالب ئەفەندی بە پشت بەستن بە بریار نامەی خانەنشین کردنی ناوبراو بە بریاری شورای دەوڵەت بە رەزامەندی پاشا بریاری جێبەجێ کردنی دراوە.</td></tr>
</table>


سجل عمومی

هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH. SAID. | 00146.00239 | 15 ڕەبیعی کۆتایی 1326 |

لاپەرە ٤٧٣
تۆماری گشتی
مستەفا موزەفەر ئەفەندی کوڕی مردوو سۆفی ئاغایە. ساڵی ١٢٧٨ کۆچی، واتە ١٢٧٨ لە هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانییە تۆمار کراوە. لە مەکتەبی سبیان زانستی خوێندووە، هەروەها لە قەزای هەولێر لە مەکتەبی روشدییە بە ڕێکوپێکی وانەکانی خوێندووە و بروانامەکەی وەرگرتووە، زمانی عەرەبی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
لە ساڵی ١٣٠٧ لە کەربەلا و حلە لە تەلەگرافنامە بووە، لە ساڵی ١٣١٥ ڕەبیعی یەکەم ١٤، واتە ١ ئۆغستۆس ١٣١٣ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش لە ویلایەتی بەغداد لە........ دامەزراوە، هەروەها لە ١٣٢٣ زیلقەعدە ١٥، واتە ٢٩ کانوونی یەکەم ١٣٢١ مووچەکەی ٣٦٠ قوروش بووە و ساڵی ١٣٢٤ شەعبان ١٥، واتە ٢ ئەیلوول ١٣٢٢ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو لە قەڵا گوازراوەتەوە بۆ ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی لە مەرکەزی مەعمورەی حەمیدییە، لە نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە کارەکەی پشت ڕاست کراوەتەوە.
نووسراوی لە نەزارەتی ناوبراو و تۆمار و ژمێریاری قەڵەم یەک شتە، وێنەی تۆماری ناسنامەی عوسمانی و بروانامەی مەکتەبی روشدییە هەموو بەیەکەوە لە هۆبە هەڵگیراوە، لە ١٥ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٢٦ و ٣ مایس ١٣٢٤.


سجل عمومی

| | | |
|---|---|---|
| 12 ڕەبیعی کۆتایی 1326 | 00154.00233 | .DH. SAID |

لاپەرە ٤٦١
تۆماری گشتی
محەمەد ڕەشید ئەفەندی کوڕی حاجی خضرزادە حاجی محەمەد ئەمین ئەفەندی هەولێریە.
١٢٩٣ ساڵی کۆچی، واتە ١٢٩٢ لە قەسەبەی هەولێر لەدایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە.
لە قەسەبەی ناوبراو لە مەکتەبی سبیان زانستی ئایینی خوێندووە، لە مەکتەبی ڕوشدییەش زانست و هونەری خوێندووە، ٢٣ تەمموز ١٣٠٦ بروانامەی وەرگرتووە، بە زمانی فارسی و تورکی قسە دەکات و دەنووسێت، هەروەها ئاشنای زمانی عەرەبیشە.
١٣٠٨ موحەررەم ٢٨، واتە ئۆغستۆس ١٣٠٦ لە قەزای هەولێر لە قەڵەمی دادگای سەرەتایی بووە، لە ساڵی ١٣١٤ ڕەجەب ٢٥، واتە ١٩ کانوونی یەکەم ١٣١٢ بە مووچەی ٨٥ قوروش لە قەزای ناوبراو لە مەکتەبی ڕوشدیبە بە مامۆستای خەت باشی، هەروەها لە ١٣٢٠ جەمادی کۆتایی ١١، واتە ١ ئۆغستۆس ١٣١٨ مانگانە بە داهاتی ٢٠٠ قوروش لە قەزای ناوبراو لە پیادەی تەحسیلداری (پیادە تحصیلدار) دامەزراوە، هەروەها لە ١٣٢٢ ڕەبیعی کۆتایی ٢٧، واتە ٢٨ حوزەیران ١٣٢٠ بەهۆی چاکسازییەوە دەستی لە کارەکەی هەڵگرتووە، لە زیلقعدە ٢٢، واتە ١٥ کانوونی دووەم ١٣٢٠ دووبارە گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی، ١٣٢٣ شەعبان ١٥، واتە ١ تشرینی یەکەم ١٣٢١ لە قەزای ناوبراو بە ئەمینی سندوق بە وەکالەت و لە زیلحیجە ٢٨، واتە ١٠ شوبات ١٣٢١ بە مووچەی ٣٦٠ قوروش لە سەر هەمان کار بەردەوام بووە، بە وەکالەتی بەڕێوەبەری دارایی لە قەزای ناوبراو و وەکالەتی قائیمقام و ژمێریاری سەنجەقی کەرکووک و وەکالەتی دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ تیبینی نووسراوە و بە دڵسۆزییەوە لەگەڵ نەزارەتی دارایی پشت ڕاست کراوەتەوە کە مانەوەی لەسەر ئەرکەکەی گونجاو بووە.
لەگەڵ تۆماری ناسنامەی عوسمانیە، بروانامەی مەکتەب و خزمەتەکانی، ماوەی بەکارهێنانی و بڕی مووچەکەی و داهاتەکەی لە قەزای ناوبراو خەرجی قۆمیسیۆن لە ١٠ مایس ١٣٢٣ هەروەها ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ داواکاری بە مێژووی ١٧ نیسان ١٣٢٢ وێنەی پشت ڕاست کردنەوەی، هەروەها وێنەی پشت ڕاست کردنەوەی داواکارییەکانی ١٢ ئەیلوول ١٣٢٣ لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ و ١٧ نیسان ١٣٢٢ دەفتەری ژمێریاری، مێژووی دامەزراندن و بڕی مووچەی لە ژمێریاری گشتی ١٥ ئۆغستۆس ١٣٢٣ بە ژمارە ٤١٣ لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراو لە هۆبە هەڵگیراوە، لە ١١ سەفەر ١٣٢٧ و ١٩ شوبات ١٣٢٤.
ناوبراو ١٣٢٦ ڕەبیعی کۆتایی ١٢، واتە نیسانی ١٣٢٤ لە ماوەی کۆتایی بە تێروانین لە ژمێریاری یەک ڕۆژ پاراستن و پەیوەندی نەبووە، ئەمانەتەکەش ڕەت کراوەتەوە و لە هۆبەی تۆماری دارایی ١٠ مارت ١٣٢٥ روون کراوەتەوە.

هەولێرنامەی کتێب



| BEO. | 003327.249455 | 1 جەمادی کۆتایی 1326 |
|---|---|---|

- ١ جەمادی کۆتایی ١٣٢٦
٢٠ مایس ١٣٢٤
بۆ لایەنی سەر عەسکەری واڵا
٢٤ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٦ ژمارە ٦١٤ وەڵامی نووسراوی سەر عەسکەر لە بارەی گواستنەوەکان بەبێ کەموکوری کراوە و بەتایبەتی گواستنەوەی کەلوپەلی سەربازی هەروەکو خۆی بەردەوامە، بە تایبەتی بە سەدان ئاژەڵ گواستراوەتەوە و رادەستی قۆمیسیۆنی هەولێر کراوە، بە نووسراویش جێگیر کراوە، هەروەها لە قۆمیسیۆنی ناوبراو ئەم ئاژەڵانە بە شێوەیەکی باش پارێزگاریان لێ بکرێت و بەکار بهێنرێن، کێشەکان نەگوازرێنەوە ویلایەت، دواتریش لە باش بەکارهێنانی ئاژەڵەکان ووریا بکرێنەوە و لە هەمان کاتدا بۆ وەڵامەکەی، هەواڵ بدرێتە ویلایەتی موسڵ.

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدری ئەعزەم
قەڵەمی نووسەر
وێنە و شیفرەی تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ
لە تەلەگرافنامەکانی ١٤ مایس ١٣٢٤ و ١٩ نیسان ١٣٢٤ ناردنی پێداویستی و ئەرزاق بۆ لایەنی سەربازی بەبێ کەموکوری دراوە، کەچی لە شوێنی قوماندان بۆ هەر بارێک سکاڵای پاراستن و شێوازی گواستنەوەی رادەست نەکراوە، بەڵام بارەکان بەردەوامن لە گواستنەوە کە سەدان ئاژەڵ بۆ گواستنەوەیان بەکاردەهێنرێت و بە نووسراو جێگیر کراوە کە رادەستی قۆمیسیۆنی هەولێر کراوە، لە کارگێری لایەنی سەربازی دا قۆمیسیۆنی ناوبراو لەبەر ئەوەی ئاژەڵەکان بە باشی ناپارێزرین و بەکارناهێنرێن کێشە دروست بووە، نابێت ئەو کێشانە بگوازرێنەوە بۆ ویلایەت و ئیتر بۆ ئەوەی ئەو ئاژەڵانەی کە رادەست دەکرێن بە باشی بەکار بهێنرێن، لایەنی سەربازی بە قورسی ئاگادار کراونەتەوە، بەم شێوەیە ویلایەتیش لەم کێشانە رزگاری دەبێت، لە ١٨ مایس ١٣٢٤.
والی موسڵ / مستەفا




هەولێرنامەی کتێب



هەوالنامەی کتێب

| .BEO | 003430.257246 | 15 شەوال 1326 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
١٥ شەوال ١٣٢٦
٢٨ تشرینی یەکەم ١٣٢٤
قائیمقامی قەزای هەولێر نیهاد بەگ لەگەڵ قائیمقامی قەزای سەلاحیە حاجی عەبدولعەزیز ئەفەندی سەبارەت بە گۆرینەوەیان نووسراوی ٦ شەوال ١٣٢٦ ژمارە ٣١٢١ بە رەزامەندی ١٣ شەوال ١٣٢٦ فەرمانی لەسەر دراوە.

| .DH. SAID | 00111.00035 | 30 مايس 1327 |
| --- | --- | --- |

لاپەرە ٦٧
تۆماری گشتی
حەیدەر ئەفەندی        کوڕی مردوو حەیدەرزادە لە دادگادا ئەندام بووە عاسم ئەفەندیە.
١٢٩٣ ساڵی کۆچی، واتە ١٢٩٣ لە ویلایەتی موسڵ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانیە نووسراوەتەوە.
سەرەتا لە مەکتەبی سبیان زانستی خوێندووە، هەروەها لە مەدرەسە سەرف و نەحو و مەنتق و مەعانی و بیانی خوێندووە، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی قسە دەکات و دەنووسێتەوە، لە نووسراوی وەرگێردراو نووسراوەتەوە.
١٣١٣ رەمەزان واتە مارتی ١٣١٤ لە ویلایەتی موسڵ لە دادگای سەرەتایی چۆتە قەڵەمی داواکاری گشتی، لە ساڵی ١٣١٥ موحەررەم ٦، واتە ٢٦ مایس ١٣١٣ بە مووچەی ١٥٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو بە ڕێکخستنی ناحیەی مەوالی لە بەڕێوەبەرایەتیەکەی دامەزراوە، بەڵام لەبەر پشتراست نەکردنەوەی لە ساڵی ١٣١٦ رەبیعی کۆتایی ١٢، واتە ١٨ ئۆغستۆس ١٣١٤ بە مووچەی مانگانە ٤٦٦ قوروش لە ناحیەی تەلەعفەر گوازراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی، هەروەها لە ساڵی ١٣١٧ موحەررەم ٢٤، واتە ١٢ مایس ١٣١٥ دەستی لە کێشاوەتەوە.
لە نووسراوی ناسنامەی عوسمانییە بەهۆی خزمەتی باش و ڕێکوپێکەکانی لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ لە ناحیەی مەوالی لە ئەنجوومەنی کارگێری ١٣ ئۆغستۆس ١٣١٤ و لەگەڵ قەزای سەنجار لە ویلایەتی ناوبراو لە ئەنجوومەنی کارگێریەکەی لە ئەنجوومەنی کارگێری ناحیەی تەلەعفەر ٢٢ مارت ١٣١٥ مێژووی داواکاریەکانیان، هەروەها لە داواکاری گشتی ویلایەت ١٣ مایس ١٣١٣ کاغەزەکانی بۆ هۆبەی تۆماری ناوەخۆی ناسنامە ناردراوە، تێدا بەکارهێنان و بری مووچە و هۆکاری دەست لە کار کێشانەوەی لە ویلایەتی ناوبراو لە وەڵامی نووسراوی ١٩ مایس ١٣١٨ لە هۆبەی ناوبراو هەڵگیراوە لە ١٤ رەبیعی کۆتایی ١٣١٢٠ و ٧ تەمموز ١٣١٨.
ناوبراو ١٣٢٠ زیلقەعدە ١٩، واتە ٣ نیسان ١٣١٨ هەمان ساڵ تا زیلحیجە ٢٣، واتە ٩ مارت ١٣١٩ لە ویلایەتی قوسوە قائیمقامیەتی قەزای قالغان بە وەکالەت دانراوە، بەهۆی دەست پاکی و خزمەتی ڕێکوپێکی و چالاکیەکانی دووبارە لە هەمان قەزا ماوەتەوە، لە قەزای ناوبراو ئەنجوومەنی کارگێری لە سەنجەقی پەرزین لە ویلایەتی قوسوە لە ئەنجوومەنی کارگێریەکان پشتراست کراوەتەوە، لە داواکاری ١١ مارت ١٣١٩ لە شوێنی والی ویلایەتی ناوهاتوو لە ٩ کانوونی دووەم ١٣٢٢ لە وەڵامی نووسراوەکان، هەروەها لە ساڵی ١٣٢٢ جەمادی یەکەم ٢١، واتە ٢٧ تەمموز ١٣٢٠ بە ڕەزامەندی پاشا بە مووچەی ٥٠٠ قوروش کارگێری گشتی ناسنامە لە قەڵەمی دەرسەعادەت دامەزراوە، هەروەها مووچەی ١٣٢٠ زیلحیجە ١٤، واتە ٢٧ کانوونی دووەم ١٣٢١ بە ٥٥٠ قوروش لە بەڕێوەبەرایەتی کارگێری ناوبراو ١٢ مارت ١٣٢٣ دیاری کراوە، لە هۆبەی تۆماری ناسنامەی ناوەخۆ نووسراو لە ١٧ مارت ١٣٢٢ نێردراوە.
ناوبراو ١٦ ئۆغستۆس ١٣١٥ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش بۆ نووسراوی ناسنامەی ویلایەتی موسڵ گوازراوەتەوە، دوای ڕەتکردنەوەی کارەکەی لە ٩ تەمموز ١٣٢٦ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ویلایەتی ناوبراو لە ئەنجوومەنی کارگێری بینراوە و لە داواکاری ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣١١، لەگەڵ تۆماری ناسنامەی بەڕێوەبەرایەتی لە مێژووی ٣٠ مایس ١٣٢٧ نووسراوی وەڵامەکاندا دەرکەوتووە.


(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٥٠)


صحیفه

سجل عمومی

(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٤٩)




هەولێرنامەی کتێب

| 23 جەمادی یەکەم 1327 | 00158.00216 | DH. SAID. |
|---|---|---|

لاپەرە ٤٢٩
تۆماری گشتی
عەلی غالب ئەفەندی کوڕی سەعید ئاغایە کە لە دادگای سەرەتایی فەرمانگەی جێبەجێ کردن (دائرە اجرا) هەولێر بووە.
١٢٩٩ ساڵی کۆچی، ساڵی ئێستا ١٢٩٨ لە کەرکووک لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی تۆمار کراوە.
پێشەکی لە مەکتەبی سبیان وانەی زانست و لە قەزای هەولێر لە مەکتەبی روشدیە سەرف و نەحو و عەرەبی لەگەڵ حیساب و جوگرافیای خوێندووە، هەروەها بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
١٣١٧ ساڵی کۆچی لە تەلەگرافخانەی هەولێر دەوامی کردووە، ساڵی ١٣٢٣ شەعبان ١٩، واتە ٦ تشرینی یەکەم ١٣٢١ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە کەرکووک لە ناوەندی تەلەگراف و پۆستە دامەزراوە، هەروەها لە ١٣٢٤ شەوال ١٢، واتە ١٦ تشرینی دووەم ١٣٢٢ بە هەمان مووچە لە ناوەندی تەلەگراف ئەرکەکەی گواستۆتەوە.
لە نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە بەردەوام بوونی لە کارەکەی پشت راست کراوەتەوە.
لە نەزارەتی ناوبراو و تۆماری قەڵەمی ژمێریاری زانیاریەکانی وەکو یەکن، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانییە وێنەی وەرگێردراوی لەگەڵ نەزارەتی ناوبراو لە هۆبەی تۆماردا هەڵگیراوە، لە ٢٣ جەمادی یەکەم ١٣٢٧ و ٣٠ مایس ١٣٢٥.


٥٠٣

صحيفه

سجل عمومي

| .DH. SAID | 00179.00253 | 5 تشرینی یەکەم 1327 |
| --- | --- | --- |

لاپەرە ٥٠٣
تۆماری گشتی
محەمەد شەمسەددین بەگ کوڕی قائیمقامی پێشووی هەولێر سلێمان قەدەم بەگە ناسراو بە دەرەبەگزادە، ساڵی ١٣٠٣ کۆچی، ساڵی ئێستا ١٣٠١ لە کەرکووک لەدایک بووە.
لە شوێنی ناوبراو لە مەکتەبی سبیان زانستی خوێندووە، دواتر لە دواناوەندییەکانی موسڵ و دەرسەعادەت و روشدییەی کەرکووک خوێندوویەتی هەروەها لە دەرسەعادەت لە مەکتەبی یاسایی تەواوی کردووە، لە مەکتەبە ناوبراوەکان لە مێژووەکانی ١٧ ئۆغستۆس ١٣١٦ و ٢ ئەیلوول ١٣١٦ و ١ ئەیلوول ١٣٢٢ و ٣٠ تەممووز ١٣٢٧ بڕوانامەی بە بەرزترین پلە وەرگرتووە، بە زمانی تورکی و کوردی قسە دەکات و دەنووسێت، هەروەها ئاشنای زمانەکانی عەرەبی و فارسی لەگەڵ فەرەنسی و بولغاریە.
١ ئەیلوول ١٣٢٦ بە مووچەی ٢٥٠ قورووش لە ئەمینی گشتی قەڵەمی نووسراو دامەزراوە.
لە بەڕێوەبەرایەتی نووسراوی ئەمینی گشتی لە هۆبەی ناوبراو خزمەتی دڵسۆزی پشت ڕاست کراوەتەوە.
تۆماری ناسنامە و بڕوانامەکانی مەکتەبەکان لەگەڵ وێنەی ڕەسەنی باری شارستانی لە دۆسیەکەی هەڵگیراوە، لە ١٦ شەوال ١٣٢٩ و ٢٦ ئەیلوول ١٣٢٧.
ناوبراو لە نەزارەتی دادوەری بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ مەشقی مەکتەبەکانی ناچار بووە لە دادگا دەوام بکات، لە ٣ تشرینی یەکەم ١٣٢٧ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، ئەمەش لە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو هۆبەی تۆمار لە ٥ تشرینی یەکەم ١٣٢٧ لە مێژووی نووسراوەکەی ئاگادار کراوەتەوە.




هەولێری کتێب

| DH. SAID. | 00174.00182 | 12 ڕەجەب 1328 |
|---|---|---|

لاپەڕە ٢٦١
تۆماری گشتی
عەبدوڵڵا ئەدیب ئەفەندی کوڕی سوڵتان ئەفەندیە.
١٢٩٦ ساڵی کۆچی، واتە ئێستا ١٢٩٦ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە.
لە قەسەبەی ناوبراو لە زانستی سەرەتایی و ڕوشدیە خوێندنی تەواو کردووە، وەرگێری نووسراوی بڵاوکراوەتەوە، چوار ساڵ لە دەرسەعادەت لەلای ئەحمەد ئەفەندی بووە، لە مێژووی ١٣٢٣ مۆڵەتی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٣٢٤ لە تاقیکردنەوەی سەرۆکایەتی بڕوانامەی دەوڵەتی وەرگرتووە، زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی قسە دەکات و توانای نووسینی هەیە، لە ووتەکانی دەرکەوتووە.
ساڵی ١٣٢٤ جەمادی یەکەم ٥، واتە ١٤ حوزەیران ١٣٢٢ بە مووچەی ١٠٠ لە دارولخەیری وەکو بانگدەر دامەزراوە، ساڵی ١٣٢٦ شەوال ١٩، واتە ١ تشرینی یەکەم ١٣٢٤ لە کارەکەی هەر بە مووچەی ١٠٠ قورووش ماوەتەوە.
ناوبراو لە ئەرکی بانگدەری ئەو نووسراوەی وەریگرتووە لە ژمێریاری پشت ڕاست کراوەتەوە، مێژووی دامەزراندن و بڕی مووچەکەی و ڕۆیشتن و مانەوەی دیاری کراوە، هەروەها لە زانستی عەرەبی بڕوانامەی وەرگرتووە، ڕسومی دەرچووننامە و نووسراوی ناسنامە لە دۆسیەی کارگێری هەڵگیراوە.
ناوبراو لە ١ کانوونی یەکەم ١٣٢٤ بە مووچەی ٩٥ قورووش ڕێگای دیاری کراو بووە، بەڵام نووسراوی مەکتەب دیاریکراو نەبووە، لە ١٢ ڕەجەب ١٣٢٨ و ٦ تەمموز ١٣٢٦.




| | | |
|---|---|---|
| DH. SAID. | 00176.00042 | 13 جەمادی کۆتایی 1328 |

لاپەرە ٨١

تۆماری گشتی

محەمەد ساڵح ئەفەندی کوری ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری هەولێر حاجی مەحمود ئاغای مردووە کە بە دۆغرەمەچیزادە بەناوبانگە.

١٢٩١ ساڵی کۆچی، واتە ١٢٩٠ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە و لە تۆماری ناسنامە ناوی نووسراوەتەوە.

هەر لەگەڵ ساڵی ١٣١٥ لە قەزای هەولێر لەسەرپەرشتی کردنی داهاتی مەروماڵات ٩٦٩٠ قورووشی داهاتی وەرگرتووە، بەڵام لە کاتی کارکردندا ئەرکەکەی بە خراپی بەکارهێناوە، لە رژێمی رسومات ئاڵچەی زیادی وەرگرتووە، هەروەها بە درێژایی رۆژ بە پێی ماددەکانی خراپ بەکارهێنانی ئەرکەکاندا لەگەڵ وەکیلی قائیمقام بەیەکەوە چوونەتە دادگا لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ، بۆ ئەنجامی دادگاییەکە لە یەکەم و دوا دادگاییکردندا بانگ کراون و گوێ بیستیان بوونە، هەروەها وەڵامەکانیان جێگای باوەر نەبووە، لەلایەن شایەدەکانیش ووتەی تەواو وەرگیراوە، ناوبراو لە رژێمی رسوماتدا ئاڵچەی زیادی وەرگرتووە، هەروەها رۆژەکانی بە خراپی بەکار هێناوە، هەموو بە زانیاری و شایەد راگەیاندراوە، هەروەها داواکراو بە بوێرییەوە زیانی بە خەزینەی دەوڵەت گەیاندووە، بۆ ئازار نەدانی ویژدان و دادگاییەکی دادپەروەرانە لەم بەڵگانە زیاتر دەست نەکەوتوون، هەر بۆیە لە ٢٦ تەمموز ١٣١٨ بە ماددەی بێ تاوان ئازاد کراوە، هەروەها لە ١٣٢٤ جەمادی یەکەم ١٦، واتە ٢٥ حوزەیران ١٣٢٢ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە قەزای ناوبراو فەرمانگەی ناسنامە دامەزراوە، لە مێژووی دیاری کراو دەستی بە کار کردووە.

لە قائیمقامیەتی قەزای هەولێر نووسراوەکانی ناوبراو پشت راست کراوەتەوە.

خزمەتەکانی ناوبراو و مێژووی دامەزراندن و دەست بەکار بوون لەگەڵ بری مووچەکەی لە داهات و دەستکەوت بۆ یەک رۆژیش پاراستن و پەیوەندی نەبووە، لە تۆماری ناسنامە بەرێوەبەرایەتی گشتی بە مێژووی ٩ مایس ١٣٢٦ نووسراوی وەڵام و لە قەزای ناوبراو ئەنجوومەنی کارگێری بە داواکاری مێژووی ٢ تەمموز ١٣٢٢ لە ویلایەتی موسڵ ئەنجوومەنی کارگێری دادگاییکردنەکەی رۆیشتووە، تۆماری ناسنامەی عوسمانییە و وێنەی پشت راست کردنەوەی بەیەکەوە لە تۆماری ناسنامەی کارگێری گشتی هەڵگیراوە، لە ١٣ جەمادی کۆتایی ١٣٢٨ و ٨ حوزەیران ١٣٢٦.

هەواڵنامەی کتێب


سجل عمومی
صحیفه

هەولێرنامەی کتێب

| .DH. SAID | 00177.00064 | 4 سەفەر 1329 |
|---|---|---|

لاپەرە ١٢٥
تۆماری گشتی
محەمەد شاکر ئەفەندی        کوری نووسەری باج حوسێن حلمی ئەفەندی لە قەزای هەولێر.
لە ساڵی ١٣٠٠ کۆچی، واتە ١٢٩٩ لە قەسەبەی کەرکووک لەدایک بووە.
لە قەسەبەی ناوبراو لە مەکتەبی سبیان زانستی ئایینی خوێندووە.
لە ئەرکی سەربازی وەکو شوێنگرەوە لە ویلایەتی موسڵ/ قەڵەمی ژمێریاری ماوەیەک بەردەوام بووە، دواتر ١٣٢٦ شەوال ٩، واتە ١ تشرینی یەکەم ١٣٢٤ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە ناوەندی ویلایەت لە کارگێری نووسینی داهاتی تاک دامەزراوە، بەڵام لە ساڵی ١٣٢٧ رەجەب ٢٧، واتە ١ ئۆغستۆس ١٣٢٥ ئەرکەکەی کۆتایی پێ هاتووە، لە ساڵی ١٣٢٨ رەبیعی یەکەم ١٣، واتە ١١ مارت ١٣٢٥ بە مووچەی ٢٥٠ لە قەزای هەولێر لە بانقی کشتوکاڵ فەرمانبەری سندوق دامەزراوە و دەستی بە کارەکەی کردووە.
لە قائیمقامیەتی قەزای ناوبراو خاوەنی رەوشت بووە و ناوبراو ماوەی ئەرکەکەی لە کارگێری گشتی بانقدا پشت راست کراوەتەوە، لە خزمەتی بانقدا ماوەی کار و بری مووچە و هۆکاری دەست لە کار کێشانەوە و پاکانەی ئەستۆ، لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ داواکاری بە مێژووی ٩ کانوونی دووەم ١٣٢٥ و ژمێریاری ویلایەت بروانامەکەی لە مێژووی ٩ کانوونی دووەم هەمان ساڵ لەگەڵ وێنەی تۆماری ناسنامەی هەڵگیراوە، کاری ئێستا و مووچەکەی لە مێژووی دەست بەکاربوونی لە هەواڵ پێگەیشتن روون کراوەتەوە، لە ٤ سەفەر ١٣٢٩ و ٢٢ کانوونی دووەم ١٣٢٦.


سجل عمومی
ملاحظات

| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00193.00087 | 12 تشرینی یەکەم 1329 |

لاپەرە ١٧٣
تۆماری گشتی
محەمەد خورشید کوڕی مردوو عەبدولحەکیم ئەفەندی لە قەزای هەولێر مامۆستای مەکتەبی روشدییەیە، بە حفزیزادە بەناوبانگە.
١٢٩٩ ساڵی کۆچی، واتە ١٢٩٨ لە قەسەبەی رواندز لەدایک بووە.
لە مەکتەبی روشدییەی هەولێر بە بەرزترین پلە لە ١٦ تەمموز ١٣١٢ بروانامەی وەرگرتووە، دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دواناوەندی مەرجان خوێندنی تەواو کردووە، لە مێژووی ١٠ کانوونی یەکەم ١٣٢١ پشت راست کراوەتەوە و لەلایەن تاهیر ئەفەندی خەڵکی قۆنیە وانەی زانستی عەرەبی خوێندووە، ٥ زیلقەعدە ١٣٢٣ مۆڵەتنامە و لە هۆبەی حقوقی دارولفنون بە پلەی بەرز لە ٢٥ ئۆغستۆس ١٣٢٥ بروانامەی وەرگرتووە، بە زمانی عەرەبی و تورکی قسە دەکات و دەنووسێت، لە زمانی فەرەنسیش ئاشنایە، لە نووسراوی وەرگێردراوی ناوبراو نووسراوەتەوە.
لە ١٣٢٨ سەفەر واتە ٣٠ کانوونی دووەم ١٣٢٥ بە مووچەی ١٢٠٠ قوروش بە بریاری دادگای هەڵبژاردنی فەرمانبەر لە قەزای پالو لە سەرۆکایەتی سزای دادگای سەرەتایی دامەزراوە، لە ٢٣ تشرینی یەکەم ١٣٢٦ بە مووچەی ١٠٠٠ قوروش بە بریاری شوێنی ناوبراویش گوازراوەتەوە بۆ ویلایەتی دیاربەکر بە ئەندامی دادگای سەرەتایی کاری کردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەزموونی کار و دەمارگیری ناوبراو لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی دەستەکەی بەردەوام لە دەمەقاڵێ دابووە، بۆیە لە ٤ مارت ١٣٢٨ بە مووچەی دیاری خۆی لە دادگای سەرەتایی بەشی یاسا و کە لە پالودەش بوو لەگەڵ محەمەد عەلی و بەحری ئەفەندی لە کاتی ئەرکەکەی مامەڵەی دەمەقاڵێ و لێدان هەروەها مامەڵەی نەگونجاوی تری ئەنجام داوە ، بۆیە بە پێی یاسا کە لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری سزا لە مێژووی ٧ شەعبان ١٣٢٨ نیشان دراوە، لە دادگا بێ تاوانی دەرچووە، ئەو بریارەی لە دادگای سەرەتایی دەرچووە دووبارە لێکۆڵینەوە و ووردبینی بۆ کراوە.
مێژووی دامەزراندن و بری مووچەکە و چۆنیەتی بێ تاوانی لە نووسراو و نەزارەت لە بەرێوەبەرایەتی تۆماری دادوەری فەرمانبەر پشت راست کراوەتەوە، لە ویلایەتی دیاربەکر لە ١٧ تەمموز ١٣٢٩ ژمارە ٣١٦ لە وەڵامی نووسراوەکان تێگەیشتوون، هەروەها لەگەڵ بروانامەکانی وێنەی پشتراست نامە و مۆڵەت نامە و تۆماری ناسنامەی عوسمانی پشت راست کراوەتەوە و لە کارگێری گشتی هەڵگیراوە، لە ١٢ تشرینی یەکەم ١٣٢٩.

هەوالنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>003855.289064</td><td>8 سەفەر 1329</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>٨ سەفەر ١٣٢٩<br>٢٦ کانوونی دووەم ١٣٢٦<br>لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامەکانی قەزاکانی هەولێر و سەڵاحییە عاسم و محەمەد عەلی بەگ بە مێژووی ٢٢ کانوونی دووەم ١٣٢٦ ژمارە ٢٥٥٠ لە ویلایەتی ناوبراو ئاماژە بە گۆڕینەوەیان کراوە، لە مێژووی ٢٥ کانوونی دووەم ١٣٢٦ بە فەرمانی پاشا بریار نامە دەرچووە.</td></tr>
</table>

١٤٣


سجل عمومی

هەواڵنامەی کتێب

| .DH. SAID | 00197.00073 | 4 حوزەیران 1330 |
| --- | --- | --- |

لاپەرە ١٤٣
تۆماری گشتی
ئەحمەد تۆفیق ئەفەندی        کوڕی قائیمقامی خانەنشینی هەولێر حاجی عەبدولعەزیز ئەفەندیە.
١٣٠١ جەمادی یەکەم واتە ١٥ مارت ١٣٠٠ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە.
لە مەکتەبی روشدییەی سەربازی بەغداد بروانامەی وەرگرتووە، بە زمانی تورکی دەنووسێتەوە و ئاشنای زمانی عەرەبی و فارسییە.
ساڵی ١٣٢٨ زیلقەعدە ١٦، واتە ٤ تشرینی دووەم ١٣٢٦ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە کەرکووک لە مەکتەبی نووسینی ژمێریاری دامەزراوە، ساڵی ١٣٢٩ رەبیعی یەکەم ١٣، واتە ١ مارت ١٣٢٧ لە ئەرکی ئەمینی سندوق بە مووچەی ٣٠٠، هەروەها لە ساڵی ١٣٢٩ شەعبان ٢٨، واتە ١١ ئۆغستۆس ١٣٢٧ بە مووچەی ٤٠٠ و ساڵی ١٣٣١ جەمادی کۆتایی ٦، واتە ١ مایس ١٣٢٩ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش دامەزراوە، لە هەمان ساڵدا موحەررەم ٢١، واتە ٨ کانوونی یەکەم ١٣٢٩ بە تاقیکردنەوە بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە نووسینی نووسراوی سەلاحییە دامەزراوە.
قائیمقامی سەلاحییە و موتەسەرفی کەرکووک لەگەڵ والی ویلایەتی موسڵ نووسراوەکانیان پشت راست کراوەتەوە کاغەزی وەرگێردراوی باری شارستانی پێی لکاوە، لەگەڵ داواکاری ئەنجوومەنی کارگێری لە لیوای کەرکووک لەگەڵ بروانامەی مەکتەبی روشدییەی سەربازی بەغداد، هەروەها تۆماری عوسمانی لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی باری شارستانی لە دۆسیەکەی هەڵگیراوە، لە ٤ حوزەیران ١٣٣٠.



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.BEO</td><td>004028.302073</td><td>1 جەمادی یەکەم 1330</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>١ جەمادی یەکەم ١٣٣٠<br>٥ نیسان ١٣٢٨<br>بۆ قائیقامیەتی قەزای هەولێر قائیمقامی قەزای رانیە ئیبراهیم بەگ دامەزرێت و بگوازرێتەوە، لە ٣ نیسان ١٣٢٨ ژمارە ٢٩٥ نووسراو بە واژووی پاشای هومایۆن رەزامەندی لەسەر دراوە.</td></tr>
</table>

# پێرستی ووشە


**ئەنبار** ٤١

**ئەندامی ئەنجوومەن** ٦١ ، ٧٢ ، ٨٠ ، ١٥٣ ، ١٥٤ ، ١٧٠ ، ١٧٧ ، ٢١١ ، ٢١٣ ، ٢١٨ ، ٢٢٧ ، ٢٣١ ، ٢٣٢ ، ٢٣٥ ، ٢٨٧ ، ٢٩٣ ،

**بەڕێوەبەر** ٥٧ ، ٦٠ ، ٨٠ ، ٨١ ، ٨٢ ، ٨٤ ، ٨٥ ، ٨٧ ، ٨٩ ، ٩١ ، ٩٢ ، ٩٣ ، ٩٤ ، ٩٨ ، ١٠١ ، ١٠٢ ، ١٠٨ ، ١٠٩ ، ١٥٥

**بەڕێوەبەری دارایی** ٢٤٢

**تەریقەتی قادریە** ١٤ ، ٧٩ ، ١٠٥

**تەریقەتی نەقشبەندی** ٨٣ ، ٩٥ ، ١٦٧ ، ٢٣٣

**تەکیە** ١٤ ، ١٦٧ ، ٢٢٩ ، ٢٣٩ ، ٢٤٠

**توربەدار** ٢١ ، ٤٣

**پۆستە و تەلەگراف** ١٠٨ ، ١٠٩ ، ١١٤ ، ١٢٠ ، ١٢١ ، ١٣٩ ، ٢٣٨

**خانەقا** ٩٥ ، ١٠٥ ، ٢٢٩ ، ٢٣٩

**دادگای سەرەتایی** ١٩٨ ، ٢٢٦

**دزدار** ١٩

**ڕەژی** ٢٣٣

**زانا** ١٠٤ ، ١١٢ ، ١٥١ ، ٢٠٤ ، ٢٥١ ، ٢٦٩

**زاویە** ١٦ ، ٥٤ ، ٦٢ ، ٦٤ ، ٦٥

**سەرۆکایەتی شارەوانی** ١٣٤ ، ٢٠٨ ، ٢١٢

**فەرمانبەری باج** ٢٩٥

**فەرمانبەری ناسنامە** ٢١٧ ، ٢٨٥

**قائیمقام** ٨٧ ، ٩٢ ، ١١٠ ، ١١٦ ، ١١٧ ، ١١٨ ، ١٢٨ ، ١٣٠ ، ١٣١ ، ١٣٢ ، ١٤٠ ، ١٤١ ، ١٥٩ ، ١٦٥ ، ١٦٩ ، ١٧١ ، ١٧٢ ، ١٨٢ ، ١٨٤ ، ١٨٦ ، ١٨٨ ، ١٩١ ، ٢٠٠ ، ٢٠٢ ، ٢٨٣ ، ٢٨٤ ، ٢٨٦ ، ٢٨٨ ، ٢٩٠ ، ٢٩١ ، ٢٠٤ ، ٢٠٦ ، ٢٠٩ ، ٢٢٠ ، ٢٣٤ ، ٢٤٩ ، ٢٥٢ ، ٢٥٤ ، ٢٥٥ ، ٢٥٦ ، ٢٥٩ ، ٢٦٠ ، ٢٧٠ ، ٢٧٢ ، ٢٧٧ ، ٢٧٨ ، ٢٧٩ ، ٢٨٢ ، ٢٩٦ ، ٣٠١ ، ٣٠٨ ، ٣٠٩ ، ٣١١ ، ٣١٣ ، ٣١٦ ، ٣١٧ ، ٣٢٠ ، ٣٢٢ ، ٣٢٧ ، ٣٤١ ، ٣٤٧ ، ٣٥٥ ، ٣٥٧

**مامۆستا** ١٣٣ ، ٢٦٤ ، ٢٦٦ ، ٢٨١ ، ٣٠٢

**مەکتەب** ١٢٨ ، ١٣٣ ، ١٥٧ ، ١٦٠ ، ٢٦٤ ، ٢٦٦ ، ٢٨١ ، ٣٠٢ ، ٣٠٤ ، ٣٠٦ ، ٣١٨

**مەنزیل** ١٨ ، ٢٢ ، ٢٧ ، ٢٨ ، ٣٠ ، ٣١ ، ٣٢

**موتەسەرف** ١٣٢

**مودەریس** ٣٤ ، ٦٧ ، ٨٣ ، ٢٥٧ ، ٢٦٨ ، ٢٩

**موفتی** ١٠٥

**نائیب** ٥٢ ، ٥٣ ، ٥٥ ، ١٥٦ ، ١٥٨ ، ١٦٠ ، ١٧٤ ، ١٧٦ ، ١٨١

**نووسەر** ٦٠ ، ١٢٣


هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب



بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان

جیهان پرێس

٢٠١٨

هەواڵنامەی کتێب